


د.ڤالا فەرید




## بەرپرسیارێتیی جیهان بەرامبەر باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ڕێسای مافی چارەی خۆنووسیندا

جەیمس لیبۆڤیچ:



## سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست فرەبۆچوونەو بەئاسانی لێی تێناگەین

د. ڕێبین سەلام



## دوازدە ساڵ لە سایەی دەستوورێکی فیدراڵی کە بە جێبەجێکردنی یەکێتیی عێراق دەپارێزرێت!

یانیس ستیڤاچتیس:



## کوردستان هیچ بەرژەوەندییەکی لەگەڵ عێراقدا نەماوە، بۆیە داوای سەربەخۆیی دەکات


■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێیان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
ئەحمەد عەزیز
د.عادل حوسێن
رۆشنە عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانا خانی - دهۆک

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulan-media.com

» یانەی هەولێر قوتابخانەی پەروەردەکردنی یاریزانان دەکاتەوە



مەلا مەحمود محەمەد مەجید



## کوشتنی ئافرەتان
## بە بیانووی شەرەف



تاوانەکانی کوشتن لە پەرەسەندندایە
لە ماوەی شەش مانگدا زیاتر
لە ٣٠٠ رووداوی کوشتن و
خۆکوشتن تۆمارکراون

## داهاتوومان وڵاتێکی سەربەخۆیە

سیمبولی ئازادی و پێکەوەژیان و شکۆمەندی بۆ هەموو تاکێکی کوردە





عەلی کریم:

## ریفراندۆم خواستی نەتەوەیە چ
## پێویستی بە یاسایی بوون هەیە

# ریفراندۆم و سەربەخۆیی

## وەک بەخششێکی خودایی زامنی مافەکانی گەلی کوردە

بەپێی شرۆڤە و لێکدانەوەی زۆرێك لە چاودێران و ژیرمەندان، هیچ قۆناغ و هەلومەرجێك وەك ئێستا گونجاو و لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئیعلانکردنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش دەمانخاتە ژێر بەرپرسیارێتیی مێژوویی و نیشتمانی، بۆ ئەنجامدانی وەها پرۆسەیەك کە بە درێژایی خەباتی شارو شاخی گەلی کورد ئاواتی هەموان بووە.

ریفراندۆم هەنگاوێکی گەورەیە و دەرەنجامەکەشی یەکجار گرنگ دەبێت، کاری گەورەش پێویستی بە کۆششی چڕوپڕو ورد و بەرنامەڕێژیی گەورە هەیە بۆ ئەوەی ببێتە زامنی سەرکەوتن و دەسکەوتی مەزنی لێ بکەوێتەوە، بەو پێیەش ریفراندۆم پرسێکی نیشتمانییە و درەنجامەکەی بۆ بەرژەوەندیی گەل و نەتەوە دەبێت و ، لەسەروو هەموو بەرژەوەندییەکانەوەیە، لێرەوەیە دەتوانین بڵێین گشتپرسی وێڕای ئەوەی پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، لەهەمان کاتدا ئەرکێکی ئایینیشە، چونکە بەپێی ڕێسا شەرعییەکانەوە لەبەرچاوگرتن و راکێشانی بەرژەوەندیی گشتی لەسەرووی بەرژەوەندییە تایبەتی و فەرعییەکانەوەیە، لە لایەکی تریشەوە مرۆڤ ئەگەر خاوەن خاك و کیان و دەوڵەتی خۆی نەبێت، ئەوە وەك پێویست ناتوانێ دینداری بکات و بە ئازادی مومارەسەی دروشمە ئایینییەکانی بکات.

بەدیوێکی تر ئەگەر پرسی گشتپرسی و دەرەنجامەکەی سەربگرێ، ئەوە بە تەئکید بۆ سەروەریی کورد دەستکەوتێکی گەورەیە کە لەسایەوە دەتوانێ سەربەخۆ بێ و ئیدارەی خۆی بکات و لەژێر دەستەیی و ستەم و میزاجی سیاسیی ئەم و ئەو قوتاری بێت و لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و مرۆیی و بەپێی نەخشە و پلان و لەچوارچێوەی دەستوورێکی تایبەت بەخۆی دەوڵەتداری خۆی بکات. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر ریفراندۆم نەکرێت، کێ زەمانەتی دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی کورد دەکات، یاخود کێ دەبێتە بەدیلی سەربەخۆیی کورد، لەوەی چیتر کورد نەکرێتە ئامرازو نەبێتە قوربانیی سیاستە شۆڤێنی و رەگەزپەرستی و میزاجییەکانی ئیقلیمییەوە، بەتایبەت لە چوارچێوەی عێراقێکی تێکشکاو کە رۆژ بە رۆژ بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە دەستپێکی دەستووری عێراقدا ئەوە هاتووە کە: « دەستوور زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە»، وەلێ کە عێراق و سیاسەتی ناوەند پێشێلی ئەو دەستوورە بکات و مافەکانی کورد وەك دووەم سەرەکیترین نەتەوەی عێراق بە رەوا نەبینێ و پشت لە دەستوور بکات، زەمانەتی دەستووری لە کوێ و چۆن چۆنی بە هەند وەردەگیرێ؟!

> هەر خۆبواردن و ترازان و بیانووێک بۆ پیشاندانی سستی لە مەسەلەی گشتپرسی دەچێتە خانەی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە

کورد بەدرێژایی مێژوو لەچوارچێوەی عێراق ئەگەر لە رۆژانێك خێرو خۆشی دیبێ، دەیانساڵیش خەم و تاڵیی چەشتووە، بەپێی ئەزموونی رابردووش دەرکەوتووە لەدوای رووخانی رژێم تا ئێستاش عێراق لە بەڵێن و شەراکەتی حوکمڕانی لەگەڵ کورد راست دەرنەچووەو، بگرە ئیزدیواجییەت و میزاجی سیاسی و ئەقڵییەتی پاشاگەردانی بەکارهێناوەو لەو پێناوەش مافی کوردی پێشێل کردووەو، پابەندی دەستوورو یاساو بنەماکانی تەوافوقی نیشتمانیش نەبووە.

لەسەر ئەرزی واقع نموونەی زۆر هەن، کە عێراق چەندە کەمتەرخەم، یاخود بێ باك و ستەمکار بووە بەرامبەر بە شەراکەت و تەوافوقی سیاسی و مافە دەستووریەکانی گەلی کوردەوە، ئەوە حکومەتی ناوەندە بێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی شەراکەت قوتی کوردستان دەبڕێ و هەزاران پێشمەرگە و هێزی ئەمنی برسی و نان بڕاو دەکات، لە حاڵێکدا پێشمەرگە وەك سیمبول و قارەمانێتی جیهانی دەردەکەوێ، بەتایبەت لە شەڕی داعش و رووبەڕووبوونەوەی تیرۆرو تیرۆریستان، کەچی باسی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکەن!

> کە باس دێتە سەر پرسی کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی رەوای شەرعی و یاسایی و دەستووریی خۆی، موفتی عێراق دێتە دەنگ و فەتوای حەرامێتیی پارچەپارچە بوونی عێراق دەدات! کەچی نەمانبیست لەهیچ ناوەندێکی ئایینیی شیعە و سوننە فەتوایەک دەربکەن بۆ حەرامێتیی بڕینی قووتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە دەستی حکومەتی ناوەندەوە

لەگەڵ هاتنی داعش و دروستبوونی مەترسیی تیرۆر لەسەر عێراق و هەڵکشانی ململانێی مەزهەبی، زۆرێك لە گەورە زانا و بیریارانی عێراق روویان کردە کوردستان و لێرە باوەشی رێزو خزمەتیان بۆ کرایەوە، بەتایبەت بەشێکی ئەندامانی دیوانی وەقفی سوننە، کەچی کە باس دێتە سەر پرسی کورد بۆ مومارەسەکردنی مافی رەوای شەرعی و یاسایی و دەستووریی خۆی، موفتی عێراق دێتە دەنگ و فەتوای حەرامێتیی پارچەپارچە بوونی عێراق دەدات! کەچی نەمانبیست لەهیچ ناوەندێکی ئایینیی شیعە و سوننە فەتوایەك دەربکەن بۆ حەرامێتیی بڕینی قووتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە دەستی حکومەتی ناوەندەوە.



**مەلا عەبدوڵڵا شێرکاوەیی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

ئەوەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بڕیاری لێ داوە بە دیارکردنی ٩/٢٥ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ گەلی کورد، کە لەمێژ ساڵە لەژێر چەوسانەوەو ستەم و مافخوراویدایە، موژدەیەکی ئومێدبەخشی ئایندەی نەتەوەکەمانەو، لەهەمان کاتدا وێستگەیەکی هەستیار و ئامانجداری خەباتی مەدەنییانەی گەلە، لەو چوارچێوەدا هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی قۆناغەکەو ئەو پرسە گەورەیەو وەفاداری بۆ خوێنی هەزارەها قوربانیی ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی کوردستان ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی گرنگە، بەوەی بەو پەڕی دڵسۆزی و نییەتپاکی کار بۆ ئەو هەنگاوە بکەین.

کورد مافی خۆیەتی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بکات وەك باقی نەتەوەکانی تر، ئەگەر عەرەب پێی وایە سەربەخۆیی کورد لەتبوونی ئوممەتە، ئەی بۆ ناپرسن ئەو هەموو وڵاتە عەرەبییانە بۆ؟ ئەگەریش بەبیانووی جیاجیا ئەو مافە بە رەوا بۆ کورد نابینن، ئەی بۆ گەل و نەتەوەی وا هەیە تەنیا بەقەد نیوەی کورد خاك و خەڵکی هەیە، کەچی خاوەن کیان و وڵاتی خۆیەتی و وڵاتانی عەرەبیش فزەیان لێوە نایەت!؟

لە رابردوو کورد بەدەست رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق نەهامەتیی زۆری بینیوە، کەچی لە دوای راپەڕین وەڵامی کورد بۆ هەموو ئەو تاوان و ستەم و نەهامەتییانە، لێبووردەیی و پاراستنی سەروەریی عێراق بوو! لەگەڵ هاتنی داعش و کەوتنی موسڵ و شڵەژانی ناوخۆی عێراق بەدەست کارە تیرۆرییەکانەوە، هەرێم بەدەستێك رووبەڕووی تیرۆریستان بوویەوەو بەدەستەکەی تریش لەپێشوازی ئاوارە عەرەبەکان بوو، کەچی کورد نەیدەوێرا بچێتە بەغداو بگرە زۆریش دەرکران، لەوێ بەناوی مەزهەبییەت و تائیفییەوە دەیان مزگەوت تێکدران و بە هەزارەها خەڵکیش بووە قوربانی، کەچی لێرە حوسەینییەو وەقفی سوننی دەکرێنەوە، قەتیش بەو ناوانە کەسێك پێی نەگوتراوە پشتی چاوت دوو برۆیە..! چما عەرەب چاکەو هەڵوێستی کورد نابینێ؟!

کەواتە ئەو هەوڵەی برا عەرەبەکان وەك سۆزو وەفا بۆ کورد دەری دەبڕن و پێیان وایە مەسڵەحەتی کورد لە مانەوەی لەگەڵ عێراقدایە، بە رای من زیاتر بۆ هێشتنەوەی کوردە بەژێردەستەیی! لەناو عێراقێکی پڕ لە کێشمەکێشی سیاسی و مەزهەبی و تائیفی، کە ئاسان نییە بتوانێ خۆی لێ قوتار بکات. لەلایەکی تریشەوە هیچ رێگرییەکی شەرعی بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم نییەو، بگرە ئیسلام مافی گەلانی رەچاو کردووەو هیچ گەل و وڵاتێکیش بۆی نییە ئەو مافە لە گەلێکی تر زەوت بکات، چونکە خوای گەورە هەر گەل و نەتەوەیەکی بە تایبەتمەندی و لە چوارچیوەیەکی نەوعی خوڵقاندووە، کە سەرەنجام میتۆدی هاوکاری و پاڵپشتی و تەعاروف، دەبێتە سەنگی مەحەك لە ئەدای هەر کارو هەنگاوێکی پەیوەست بە خاڵی هاوبەشی نەتەوەو وڵاتانەوە.

بەپێی پێوەرو بنەما شەرعییەکانیش بەرژەوەندیی گشتی لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی ترەوەیە، ریفراندۆمیش پرسێکی گشتی و نیشتمانییەو ئەرکە هەمووان بەو پەڕی هەست بە بەرپرسیارێتی کاری بۆ بکەین و، لەپێناو هەندێ بابەت و بەرژەوەندی جوزئی و تایبەتی ئەو دەرفەتە گەورەو تاریخییە نەخەینە ناو بازنەی تانەلێدان و بیری تەسکی ئایدیای حزبییەوە. بەداخەوە کەسی وا هەیە لەبەر گلەییەکی لاوەکی، یان بەبیانووی جیا جیا، یان بە هۆکارێکی سیاسی، یان بیرکردنەوەکی تەسك، دەیەوێ رێ بەخۆی بدا دەوڵەتی کوردی رەت بکاتەوە، کە ئەمە وێڕای زیان و دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پرۆسەکە، لەهەمان کات وێناکردنێکی نەگونجاوەو لەگەڵ کۆی خەباتی نەتەوەیی یەك ناگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەش هەر خۆبواردن و ترازان و بیانوویەك بۆ پیشاندانی سستی لە مەسەلەی گشتپرسی دەچێتە خانەی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی و ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانەوە. بەڵام تەرحی پێشنیارو دیالۆگ بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی ئەنجامدانی پرۆسە، ئەوە دەبێ باشترین رێگەچارەو ئالیەت بەهەند وەربگیرێ، بەڵام دەبێ هەر گەنگەشەو شەن و کەوکردنێك بۆ لێك جوداکردنەوەی کا و دان بێت، نەك بۆ شێلگیری و خۆڵتێکردن! بۆیە زۆر گرنگە ئەو دەرفەتە بە هەلێکی زۆر تایبەت و گرنگ بزانین، چونکە پرسێکی نیشتمانیی یەکلاکەرەوەیە، ئایندەی سەرکەوتن و زامنی مافەکانی کورد خۆی لە سەرکەوتنی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەبینێتەوە، کە ئەمەش ئەرکێکی ئایینی و نیشتمانی و نەتەوەیی گرنگە بۆ هەر تاکێك.

*** پێشنوێژو وتارخوێن و ماستەر لە فیقهی ئیسلامی.**

**لە دەستپێکی دەستووری عێراقدا ئەوە هاتووە کە: « دەستوور زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراقە»، وەلێ کە عێراق و سیاسەتی ناوەند پێشێلی ئەو دەستوورە بکات و مافەکانی کورد وەک دووەم سەرەکیترین نەتەوەی عێراق بە رەوا نەبینێ و پشت لە دەستوور بکات، زەمانەتی دەستووری لە کوێ و چۆنی بە هەند وەردەگیرێ؟!**

**بە پێی شرۆڤە و لێکدانەوەی زۆرێک لە چاودێران و ژیرمەندان، هیچ قۆناغ و هەلومەرجێک وەک ئێستا گونجاو و لەبار نییە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم و ئیعلانکردنی سەربەخۆیی کوردستان، ئەمەش دەمانخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی مێژوویی و نیشتمانی، بۆ ئەنجامدانی وەها پرۆسەیەک کە بە درێژایی خەباتی شارو شاخی گەلی کورد ئاواتی هەمووان بووە**



# کردنەوەی کۆدەکانی مەدی شیعەگەرایی و پرۆکسیەکانی ئێران لەدژی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان


IRA

**پێشتر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ئێرانی خستە ناو ئەو وڵاتانەی کە نابێت سەردانی ئەمریکا بکەن، هەروەها لە نیسانی ٢٠١٧ پاش ئەوەی مووشەکبارانی هێزەکانی سووریای کرد، ئەمە وەک پەیامێک بۆ ئێرانیش خوێندرایەوە کە ئیدارەی ترەمپ هەر کاتێک بیەوێت، بژارەی سەربازیش بەرامبەر بە ئێرانیش بەکار دەهێنێت، بەڵام لە ئێستا هەوڵەکانی چڕکردۆتەوە بۆ ئەوەی ئێران وەک سپۆنسەری تیرۆر و سوپای پاسداران و ئەو وەکیلانەی ئێرانیش کە راستەوخۆ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پشتگیری دەکرێن لە لیستی تیرۆردا تۆمار بکات**

**ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی شیعەی عێراق کە لەناو هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعەدا ئەندامن، هەموویان بە یەک ئاست بە پرۆ ئێرانی لەقەڵەم نادرێن، بەڵکو بەشێکیان دەیانەوێت عەرەبی شیعە بن، نەک تەنیا شیعەبن، بۆ ئەمەش خواستیان ئەوەیە پێڕەوی لە فەرمان و فەتواکانی مەرجەعییەتی شیعە لەنەجەف بکەن، نەک لە ئێرانەوە فەرمان وەربگرن، لەم دەرگایەشەوە دەیانەوێت خۆیان لەناو دەوڵەتانی عەرەبیدا ببیننەوە، نەک بەشێوەیەکی گۆشەگیر پاشکۆی ئێران بن**

ئەگەر هێز و لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراق و مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف، بەشێوەیەکی وردو دووربینانە مامەڵە لەگەڵ قۆناخی دوای ئازادکردنەوەی موسڵ نەکەن و بیانەوێت هەموو کێشەو ناکۆکییەکانی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و هەروەها پەرتەوازەیی ناو هێزە سیاسییەکانی شیعە بە دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان پەردەپۆش بکەن، ئەوا بێ شك قۆناخی حوکمڕانیی شیعە لە عێراقدا کۆتایی پێدێت و جارێکی دیکە وەك ١٠٠ساڵی رابردوو دەکەونە پەراوێز و لە دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانیی دەوڵەتی عێراق دووردەکەونەوە.

مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف، جیاواز لە مەرجەعییەتی شیعەی قوم، هەتا ئێستا بە فەرمی بڕوایان بە دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراقدا دەڕنەبریوە و، وایان پیشانداوە لە نێوان مەرجەعییەتی نەجەف و دەوڵەتداریدا مسافەیەك هەیە و مەرجەعییەت خۆی نایەوێت تێکەڵییەکی راستەوخۆ لەگەڵ کاروباری دەوڵەت بکات، یان راستەوخۆ پشتگیری لایەنێکی سیاسیی شیعە دژ بە لایەنێکی دیکەی شیعە ناکات، ئەم شێوازی مامەڵەیەی مەرجەعییەتی نەجەف لەگەڵ پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، هەتا ئێستاش لەلایەن دەوڵەتانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا بە چاوێکی ئەرێنی سەیردەکرێت و هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە وەك دەوڵەتێکی مەدەنی مامەڵە لەگەڵ عێراق دەکرێت.

بەڵام لە حوزەیرانی ٢٠١٤وە کە موسڵ کەوتە دەست داعش و مەترسی بۆ سەر بەغدا دروست بوو، ئایەتوڵا عەلی سیستانی وەك مەرجەعی شیعە لە نەجەف فەتوای دامەزراندنی حەشدی شەعبی دا، ئیدی جۆرە تێکەڵییەك لەنێوان کاروباری دەوڵەت و فەتوای مەرجەعییەتی شیعە هاتەئاراوە، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی مەرجەعییەتی شیعە، رێکخستن و بەڕێوەبردنی هێزی حەشدی شەعبی رووبەڕووی پەرلەمان و حکومەتی عێراق کردەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و لە چوارچێوەی هێزەکانی ئاسایشی عێراقدا جێگەیان بۆ بکرێتەوە، بەڵام بێ سەروبەریی دامەزراوەکانی حکومەت و پەرتەوازەیی هێزەکانی ئاسایش و سوپای عێراق، بۆشاییەکی ئەوتۆی دروستکرد کە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بە سەرۆکایەتی قاسم سولێمانی رۆڵێکی کردەیی و کاریگەر لە بری حکومەتی عێراق لەناو هێزەکانی حەشدی شەعبی بگێڕن، ئەمەش واتە لەبری ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەژێر چاودێری و فەرماندەیی حکومەتی عێراقدا بن، بەشێکی هێجگار زۆریان کەوتنە ژێر کاریگەری و فەرماندەیی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا نەك هەر تەنیا جۆرێك لە تێکەڵیی لەنێوان حکومەت و مەرجەعییەتی شیعەی نەجەف هەیە، لەهەمانکاتدا سیاسەتی سوپای پاسداران تێکەڵیی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا بووە و ئامانجی سیاسەتی سوپای پاسدارانیش ئەوەیە کە هێزی حەشدی شەعبی بە هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێران، هێزێکی کاریگەری سەربازی بێت لە دەرەوەی سوپای عێراق و کاریگەریی راستەوخۆی لە داڕشتنەوەی سیاسەتی شیعەگەرایی لە عێراقدا هەبێت و هەر ئەم سیاسەتەش ببێتە نەخشەی رێگە بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە و پاشانیش مامەڵەکردنی دەوڵەتی عێراق لەگەڵ کوردستاندا.

ئاشکرایە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەك چۆن لە هەموو جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆکسی جیاوازی هەیە، هەوڵیداوە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستانیشدا جۆرێك لە پرۆکسی بۆ پەکخستنی پرۆسەی سیاسی دروست بکات، ئەمەش بەو ئامانجەی کە ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان لەگەڵ ئەو ئاراستە پرۆکسیە پرۆ ئێرانییە یەکبگرێتەوە کە ئێستا بە کردەیی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوونیان هەیە، لە هەمانکاتیشدا لە رەفتار و بیروبۆچوونیشیان بەرامبەر ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان لەگەڵ پرۆکسی و پرۆ ئێرانییەکان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا یەکبگرنەوە، ئێران هەتا ئێستا نەیتوانیوە بەهەمان ئاستی کاریگەرییەکانی لەناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسیی

کوردستان هەبێت، هەر بۆیە هەوڵەکانی فراوانتر کردووە و خۆی وەك دەوڵەت دەیەوێت راستەوخۆ لەگەڵ حکومەت و هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا قسە بکات و کاریگەریی خۆی زیاتر بکات، بەڵام ئاستەنگی سەرەکی لەبەردەم کاریگەریی ئێران لەسەر پرۆسەی سیاسیی کوردستان ئەوەیە، کە ئێران زۆر سەرسەختانە دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئەمەش وایکردووە کە خەڵکی کوردستان پشتگیری لە سەرکردایەتی سیاسیی خۆی بکات، نەك بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتانەی کە هێز و لایەنە پرۆ ئێرانییەکان دەیانەوێت جێبەجێی بکەن.

بەپێی ئەو دیراسەت و لێکۆڵینەوانەی کە توێژەرانی ئامۆژگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەمریکا پێشکەشیان کردووە و توێژەرەکان خۆیان سەردانی عێراقیان کردووە و دیداریان لەگەڵ سەرکردەکانی حەشدی شەعبی کردووە، هێزەکانی حەشدی شەعبی ئێستا لە نێوان ٢٠٠-٣٠٠ هەزار چەکدارن و زیاتر لە ٥٠٪یان خۆیان نەیانشاردۆتەوە کە هێزێکی پرۆ ئێرانین و ئامادەن وەك پرۆکسی فەرمانەکانی ئێران جێبەجێ بکەن. دیارە سیاسەتی ئێرانیش بەرامبەر هێزەکانی حەشدی شەعبی وەك هێزێك لەدەرەوەی سوپای عێراق بەو جۆرەیە کە ئەم هێزانە لە میانەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی عێراق (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان) ببنە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و ئەم هێزە کاریگەری لەسەر ئەو بڕیار و یاسایانە هەبێت کە دواتر لەلایەن پەرلەمان عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکان دەردەچن، ئاشکرایە لەناو جەماوەری شیعەی عێراقیشدا سەرکردەکانی حەشدی شەعبی وەك پاڵەوانی سەرکەوتووی شەڕ و پارێزەری شیعە سەیر دەکرێن، بۆیە چانسی ئەوان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن و تێکەڵبوونیان لەناو پرۆسەی سیاسیدا لەهەر سەرکردەیەکی دیکەی مەدەنی لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعە زیاتر دەبێت، بەمەش ئێران لە رێگەی پرۆکسیەکانیەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت.

حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی د.حەیدەر عەبادی پلانی کەمکردنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی خستۆتەکارو بەرنامەی خۆیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی مەترسییەکانی داعش کۆتایی نەهاتوون و هێزە پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی لە پێشێلکاری بەرامبەر عەرەبی سوننە لەژێر پەردەی داعش بەردەوامن، ئەمە وایکردووە، نە ئایەتوڵا سیستانی بتوانێت فەتوایەکی دیکە دەربکات بۆ ئەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی کەم بکرێنەوە، یان هەڵبوەشێندرێنەوە، نە د.حەیدەر عەبادیش لە ترسی کاریگەری هێزە پرۆ ئێرانییەکان دەتوانێت بڕیارەکەی خۆی بۆ کەمکردنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی جێبەجێ بکات، بەپێی بۆچوونی پسپۆڕان ئەگەر حەیدەر عەبادی پێداگیری لەسەر کەمکردنەوەی هێزەکانی حەشدی شەعبی بکات، ئەوا دوور نییە حکومەتەکەی رووبەڕووی کودەتایەکی سەربازی ببێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیا لەوەی هێزە پرۆ ئێرانییەکانی ناو حەشدی شەعبی دەبنە دژی حکومەتی عێراق، لەهەمانکاتدا ئەو بەشەی هێزەکانی حەشدی شەعبییش کە سەر بە موقتەدا سەدرن وەك (سەرایای سەلام) و ئەوەشی سەر بە ئایەتوڵا سیستانین، بۆ دژایەتی حکومەت و رووخاندنی لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە. ئەمەش وایکردووە هاوکێشەی هێز لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بەلای جێبەجێکردنی سیاسەتی پرۆ ئێرانیدا بشکێتەوەو عێراقی دوای ئازادکردنەوەی موسڵیش بەرەو چارەنووسێکی نادیار هەنگاو هەڵبگرێت و لە چوارچێوەی شەڕی شاراوەو ئاشکرای نێوان ئەمریکا و ئێراندا بخوێندرێتەوە.

**● ئەو کۆدانەی عەرەبی شیعە و کوردی پرۆ ئێرانی دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی پێدەکەن**

کۆماری ئیسلامیی ئێران میراتگری ئەزموونێکە کە ئەزموونی هەزار ساڵەی حوکمڕانی و دیپلۆماتیەتی ئیمپراتۆریەتێك بووە، لەمەش زیاتر میراتگری ئەزموونێکی حوکمڕانی و دیپلۆماتیەتی سەرکەوتووشەو هەرگیز ئێران ئەوجا چ ئیمپراتۆریەت بووبێت، یان دەوڵەت، موجازەفە و موغامەرەی نەکردووە، هەر بۆیە ئەم مێژووە پێمان دەڵێت، ئێستا کۆماری

**ئەگەر ئامانجی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دووبارە گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا هەنگاوی یەکەمی ئەم ستراتیژ و ئامانجە بەوە دەست پێدەکات، نفووز و کاریگەری ئێران لەسەر عێراق کۆتایی بێت و عێراق وەک دەوڵەتێک بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو گرێبدرێتەوە**

**گەورەترین ئاستەنگ کە بۆتە هۆکاری ئەوەی چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگاتە ئاستی مەحاڵ، باڵادەستی و نفووز و کاریگەری ئێرانە لە عێراقدا کە بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان سعودیەو ئێراندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت**

**ئەو راپۆرتە مەیدانییانەی لەسەر ئایندەی عێراقی دوای داعش ئەنجام دراون، لەمیانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە ناو عێراقدا لەگەڵ عەرەبی شیعەو سوننە کراون، بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی سوننە و بەشێکی عەرەبی شیعەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێوستە هێزەکانی ئەمریکا لەدوای شەڕی داعش لە عێراقدا بمێننەوە بۆ ئەوەی زەمینەیەکی سەقامگیری ئەوتۆ دروست بێت، کە بتوانرێت پرۆسەی سیاسی رێکبخرێتەوە**

**ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی وەکیلەکانی بۆ شەڕ و ناسەقامگیری لەتەواوی ناوچەکەدا و دروستکردنی هەڕەشە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا کارێکی ئاسان دەبێت کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەوانیش بەشێوازی دیکە ناسەقامگیری بخەنە ناو ئێرانەوە و هانی پێکهاتەکانی ئێران بدەن کە داوای گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لەناو خۆدا بکەن**

**هەموو سیناریۆکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەیەک شێوە مامەڵە لەگەڵ شەڕی داعش لە سووریا و عێراق بکەن، ئەگەر ئامانجی لەناوبردنی داعش لە عێراقدا بۆ بەهێزکردنی حکومەتی عێراقی بێت بە پشتگیری ئەمریکا، ئەوا دەبێت ستراتیژیەتی شەڕی داعش لە سووریا هۆکارێک بۆ نەمانی ڕژێمی ئەسەد و سنووردارکردنی ئەو میلیشیایانە بێت کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئێرانن، یان شەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران دەکەن**

ئیسلامیی ئێران کە لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کاریگەری لەسەر ڕەسمی هەموو سیاسەتی ناوچەکە هەیە، باش دەزانێت پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وەك ئاکامێکی ئەمری واقیعی دوای شەڕی دژی داعش لە ستراتیژیەتی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی شەڕی دژی داعش کۆتایی هاتووەو هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێت ببێتە هەڕەشە، یان مەترسی لەسەر ئایندەی ئەو دەوڵەتە دروست بکات، لەمەش زیاتر کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەزانێت کە هیچ کام لە دەوڵەتانی دراوسێی کوردستان ناتوانن کارتی فشاری ئابووری، یان سەپاندنی گەمارۆ بەرامبەر کوردستان بەکار بهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیا لەوەی لە پەنابردن بۆ کارێکی لەو جۆرە خۆیان لە کوردستان زیاتر زیان دەکەن، لە هەمانکاتدا کوردستان چیدیکە دەوڵەتێکی داخراو نییە و خاوەنی بەندەرێکی گەورەی ئاسمانییە، بەندەرێکی ئاسمانیی ئەوتۆ بە هاوشێوەی بەندەرە ئاسمانییەکانی دەوڵەتانی کەنداو کە هیچ بایەخێکیان بۆ بەندەرە ئاوییەکان نەهێشتۆتەوە.

لایەنێکی دیکە کە جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن و وردبوونەوەیە، ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێك دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، لەبەرامبەردا پلان، یان بەرنامەیەکی دیکەی نییە بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەمی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خۆی ببێتە ناوبژیوان بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای واقیعی ئێستای نێوان کوردستان و عێراق قسەی لەسەر بکرێت. هەربۆیە کاتێك ئێران لەبەرامبەر پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستاندا بەرنامەیەکی بەدیل و ئاشکرای نەبێت و نەیەوێت خۆی بکاتە ناوبژیوان لە نێوان کوردستان و عێراق، ئەمە مانای ئەوەیە، لە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامدا نییە، عێراقی دوای داعش دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و پەرلەمانی ( فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی ) بێت، بەڵکو ئەو دەیەوێت پرۆسەی سیاسیی داهاتوو لە عێراقدا کۆپی سیستمی ولایەتی فەقیهی ئێرانی بێت و بەتەواوی کۆمارێکی دیکەی ئیسلامی شیعە دابمەزرێنێت، لەم چوارچێوەیەدا

کۆماری ئیسلامیی ئێران دەزانێت بۆی ناکرێت و بۆشی ناچێتەسەر کە کوردستان بکاتە بەشێك لە کۆمارێکی ئیسلامی شیعەی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی، بۆیە هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دەوڵەتێکی پڕو ئێرانی بێت و لەخزمەتی مەدی شیعەگەرایی ئێران بێت بۆ بەستنەوەی تەنگەی هورمز بە کەنداوی عەقەبەوە.

لەبەرامبەر ئەم خواستەی ئێراندا، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی گەلی کوردستان لەوەدایە، دەڵەوتی کوردستان دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و پەرلەمانی بێت و لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان و پرەنسیپی دراوسێیەتی باش مامەڵە لەگەڵ دراوسێکانی و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان بکات، ئەم پرەنسیپەی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان بۆ سەروەریی دەوڵەتی کوردستان بە کردەیی هەنگاوی بۆ هەڵدەگرێت، لە زۆر پرسی گرنگ بۆ ستراتیژیەتی سیاسەتی ئێرانی لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەك ناگرێتەوە، ڕاشکاوانەتر ئاستەنگێکی گەورە بۆ سیاسەتی بازنە و هیلالی شیعی دروست دەبێت و بوارێك دەڕەخسێت کە جارێکی دیکە هاوسەنگیی هێز بۆ ناوچەکە بگەڕێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاشکاوانە دژایەتی خۆی بۆ دەوڵەتی کوردستان لە ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆیدا ئاشکرا ناکات، لەبەر ئەوەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ستراتیژیەتی هاوپەیمانی دەوڵەتانی دژی داعش، لێی قبووڵ ناکەن، بۆیە بەوجۆرە پاکانە بۆ ئەو دژایەتییەی خۆی دەکات، بەوەی گوایە ئەگەر کوردستان دەوڵەت رابگەیەنێت، ئاڵۆزییەکی گەورەی ناسەقامگیری سەرهەڵدەدات و لەوانەیە بەرەو شەڕێکی خوێناوی هەنگاو هەڵبگرێت.

بێگومان ئەم پەیامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئاراستەی کوردستانی دەکات، کۆدێکی شاراوەی تێدایە و هەتا ئەو کۆدە نەکرێتەوە، ناتوانرێت دیوە شاراوەکەی ئەو پەیامە تێبگەین، لەمەش ڕاشکاوانەتر بۆ کردنەوەی ئەو کۆدە ئەوەیە، ئەگەر ئێران وەك دەوڵەت نەتوانێت ڕاستەوخۆ هەڕەشەی سەربازی لە کوردستان

بکات، هەروەها نەشتوانێت پەنا بۆ کارتی گوشاری گەمارۆی ئابووری ببات، ئایا مەزندەکردنی بۆ ئەوەی دوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان، ناسەقامگیری و شەڕ دروست دەبێت، لەسەر چ بنەمایەکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە نهێنی ئەو مەزندەیەی ئێران ئاشکرا دەکات، ئەویش بوونی زیاتر ١٥٠-٢٠٠ هەزار هێزی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانییە کە لە عێراقدا ئامادەن سیاسەت و ستراتیژیەتی ئێرانی جێبەجێ بکەن و هیچ حیسابێکیش بۆ حکومەتی حەیدەر عەبادی نەکەن، لە ئێستادا هەوڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو جۆرەیە کە هێزە پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی و ئەو هێزە کوردستانییانەشی هاوپەیمانی هێزە پرۆ ئێرانییەکانی شیعەن، بارودۆخێکی ئاڵۆز و ترس و نیگەرانیی ئەوتۆ لە کوردستان دروست بکەن، کە ڕێگە نەدەن بە سەرکەوتوویی پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، ئەم هەوڵانە بە ئاشکرا لە میانەی هەڕەشە و گوڕەشەی سەرکردە پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی و لایەنە شیعەکانی عێراقەوە دژ بە کوردستان ڕۆژانە گوێبیستی دەبین و لەناو کوردستانیشدا ڕۆژانە گوێبیستی ئەو بڕوبیانووە بێ بنەمایانە دەبینەوە کە هەوڵدەدەن ئاستەنگ و کۆسپ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی دروست بکەن.

گرەوی گەورەی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەوەیە کە بەهەر نرخێك بێت، ڕێگە نەدات پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ژینگەی سیاسیی کوردستان بە ئاستێك ئاڵۆز بکات کە دەرفەتی ئەوە نەبێت ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی ژینگەی سیاسی و بوار نەهێشتنەوە بۆ بڕو بیانووی بێ بنەما بۆ دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ڕێنمایی سەرۆك بارزانی دەستپێشخەرییەکی بوێرانەی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە، بەوەی بێ هیچ مەرجێك پەرلەمانی کوردستان کارابکرێتەوەو ئامادەباشی پیشانداوە بۆ ئەوەی بە دیالۆگ هەموو کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت.

پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەم دەستپێشخەرییەی پارتی لەسەر ڕێنمایی سەرۆك بارزانی، دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کێشە سیاسییە ناخۆییەکان چارەسەر بکرێت و یەکڕیزی و یەکدەنگی بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی لەنێوان هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکان دروست بێت؟ سەبارەت بە وەڵامی ئەم پرسیارە لەگەڵ ئەوەی زۆربەی شارەزایان و چاودێرانی سیاسی ئومیدی ئەوە دەخوازن گەشبینانە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوەو بەوەی ئەم دەستپێشخەرییە ببێتە سەرەتای کۆتاییهێنان بە هەموو کێشە ناوخۆییەکان، بەڵام ئەگەر ئەو لایەنانە هەر بەردەوام بوون لەسەر هێنانەوەی بڕوبیانووی دیکە بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەوا لەبری یەکڕیزی لە نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکان، یەکڕیزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەرەی سەربەخۆیی و تەواوی جەماوەری کوردستان دروست دەبێت، ئەو لایەنە پرۆ ئێرانییانەش کە لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور دەبن، پێگەیەکی ئەوتۆیان نامێنێت کە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەبێت.

ئەم ئاماژەیە بۆ کاریگەری پەیام و دەستپێشخەرییەکی پارتی بە کاراکردنەوەی بێ مەرجی پەرلەمان و ڕێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکان، کە هاوکاتە لەگەڵ پەیامەکەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ هەڕەشە و گوڕەشەکانی هێزە پرۆ ئێرانییەکانی شیعەی عێراق بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان، جۆرێك لە گۆڕانکاری لە زمانی گوتار و لێدوانی سەرکردە شیعەکانی عێراق هێناوەتەئاراوە، بەتایبەتی وەك دوایین لێدوانی نوری مالیکی کە دەڵێت: «کوردستان ئەگەر ریفراندۆمیش ئەنجام بدات، ناتوانێت دەوڵەت ڕابگەیەنێت، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق ڕێگەیان پێ نادات.» ئەم وەرچەرخانەی لە گوتاری نوری مالیکی بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان دروست بووە، جۆرێك لە بێئومیدییەکی گەورەی شیعەی پرۆ ئێرانی لێدەخوێندرێتەوە، بەوەی چیتر ناتوانن گرەو لەسەر ئەو دەنگانە بکەن کە لە کوردستاندا بازاڕگەرمی بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان

**هەندێک لە سیناریۆکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پشت بەهێزی لۆکاڵیی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانە ببەستێت کە مەبەستێتی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانیش پشتگیری ئەو هێزە لۆکاڵانە بکەن کە دەبنە بەربەست لەبەردەم ئامانجە فراوانخوازییەکانی ئێران**

**ئەم وەرچەرخانەی لە گوتاری نوری مالیکی بەرامبەر ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان دروست بووە، جۆرێک لە بێئومیدییەکی گەورەی شیعەی پرۆ ئێرانی لێدەخوێندرێتەوە، بەوەی چیتر ناتوانن گرەو لەسەر ئەو دەنگانە بکەن کە لە کوردستاندا بازاڕگەرمی بۆ دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن، هەروەها زۆر باشیش لە پەیامەکەی سەرۆک بارزانی تێگەیشتوون کە ئاشکرا پێی ڕاگەیاندن «ئەو سەردەمە بەسەرچوو بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشە لەگەڵ کوردستان قسە بکرێت.»**

**ئەگەر ئەو لایەنانە هەر بەردەوام بوون لەسەر هێنانەوەی بڕوبیانووی دیکە بۆ پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، ئەوا لەبری یەکڕیزی لە نێوان تەواوی لایەنە سیاسییەکان، یەکڕیزی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی بەرەی سەربەخۆیی و تەواوی جەماوەری کوردستان دروست دەبێت، ئەو لایەنە پرۆ ئێرانییانەش کە لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور دەبن، پێگەیەکی ئەوتۆیان نامێنێت کە کاریگەرییان لەسەر رەوتی پرۆسەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی هەبێت**

**گرەوی گەورەی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەوەیە کە بەهەر نرخێک بێت، رێگە نەدات پرۆسەی ریفراندۆم لە کوردستاندا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ژینگەی سیاسیی کوردستان بە ئاستێک ئاڵۆز بکات کە دەرفەتی ئەوە نەبێت ریفراندۆم ئەنجام بدرێت، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی ژینگەی سیاسی و بوار نەهێشتنەوە بۆ بڕو بیانووی بێ بنەما بۆ دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی، پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر رێنمایی سەرۆک بارزانی دەستپێشخەرییەکی بوێرانەی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە، بەوەی بێ هیچ مەرجێک پەرلەمانی کوردستان کارابکرێتەوەو ئامادەباشی پیشانداوە بۆ ئەوەی بە دیالۆگ هەموو کێشە سیاسییەکان چارەسەر بکرێت**

دەکەن، هەروەها زۆر باشیش لە پەیامەکەی سەرۆك بارزانی تێگەیشتوون کە ئاشکرا پێی راگەیاندن «ئەو سەردەمە بەسەرچوو بە زمانی هەرەشە و گوڕەشە لەگەڵ کوردستان قسە بکرێت.»

### ● بەشە عەرەبییەکەی عێراقی دوای داعش دەبێتە زۆنگاو بۆ ئەمریکا یان ئێران

لەسەر ئاستی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش کە ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات، پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ وەك سەرکەوتنی هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش بە سەرۆکایەتی ئەمریکا دەخوێندرێتەوە، لەسەر ئاستی شەقامی سیاسی شیعەش کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵێکی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ وەك سەرکەوتنی هێزەکانی حەشدی شەعبی پرۆ ئێرانی بخوێندرێتەوە و پێداگیری لەسەر ئەوەش دەکەن بەرهەمی ئەم سەرکەوتنە هەر بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی بێت و ئەم هێزە میلیشیایە ببێتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی عێراق.

ئەم دوو وێنە جیاوازە لەدوای ئازادکردنەوەی موسڵ هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق دوو وێنەی بەرچاون کە بوونیان هەیە، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، لەکاتێکدا ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە هەوڵی ئەوەدان پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بکەنە بردنەوەی تەواوی شەڕی دژی داعش، ئایا ئەم سەرکەوتنە لەسەر سینییەکی زێر بۆ ئێران بەجێدەهێڵدرێت، یان پێشکەشی ئێران دەکرێت؟ یان ئەگەر بەدیوێکی دیکەدا پرسیارەکە ئاوەژوو بکەینەوە و بپرسین: ئایا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستەوەستان دەبێت ئەو هەموو هەوڵ و وەربەرهێنانەی لە دروستکردنی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کردبێت، ئێستا رازی دەبێت لەسەر رێنمایی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە بڕیارێکی حکومەتی عێراق ئەم هێزە هەڵبوەشێندرێتەوە، یان تەنیا نزیکەی ٨٠ هەزاریان وەك هێزێکی ئاسایشی دوور لە پرۆسەی سیاسی بمێنێتەوە و مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارە نەك تەنیا بۆ چاودێرێکی سیاسی قورسە، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بۆ ناوەندەکانی فیکر و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەسەر ئاستی جیهان، هەروەها بڕیارسازانی ئەمریکاش قورسەو هێشتا ئاماژەیەکی ئەوتۆ لەبەردەست نییە کە رەهەندە گشتییەکانی سیاسەتی ئەمریکا بۆ واقیعی دوای داعش و رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ سیاسەتی ئێرانیدا بەرجەستە بکاتەوە. بەڵام وەك پێشبینی، یان مەزندەکردنێك بۆ سیاسەتی ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لەگەڵ عێراقی دوای داعش، چەند سیناریۆیەك خراونەتەڕوو، ئەوجا لەگەڵ ئەوەی سیناریۆکان لەیەکتر جیاوازن، بەڵام رەهەندی گشتی هەر هەموویان لەسەر چەند خاڵێك یەکدەگرێتەوە، کە بریتییە لەوەی نابێت عێراقی دوای داعش پاشکۆی سیاسەت و ستراتیژیەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بێت، بەڵکو پێویستە عێراق بەوجۆرە بونیاد بنرێتەوە کە ئێران نەتوانێت سوود لەو پرۆسەی هەڵبژاردنانە وەربگرێت کە دەبێتە هۆکاری ئەوەی پرۆکسیەکانی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا جێی خۆیان بگرن. بۆ ئەمەش خاڵە گشتییەکانی سیناریۆکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ عێراقی دوای داعش ئەم خاڵانە لەخۆیان دەگرن:

١. هەموو سیناریۆکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ناکرێت وەك عێراقێکی یەکگرتوو سیستمی سیاسیی ئەو وڵاتە رێکبخرێتەوە، بەڵکو پێویستە سیستمی سیاسیی عێراقی عەرەبی و رێکخستنەوەی پەیوەندی نێوان عەرەبی سوننە و شیعە بەجیا بکرێت و پاشان بیر لە میکانیزمێك بکرێتەوە بۆ رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق، ئەمەش مانای ئەوەیە لە قۆناخی یەکەمدا بۆ رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لە بەشە عەرەبییەکەی عێراق، ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی هەماهەنگ و هاریکار دەبن لەگەڵ حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی لەسەر بناخەیەکی راست سیستمێکی سیاسی لەسەر بنەمای لامەرکەزییەتی ئاسایش لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننە دابمەزرێننەوە، پاشان دەبنە ناوبژیوان لەنێوان کوردستان و عێراق بۆ

ئەوەی بڕیار لەسەر پەیوەندیی داهاتوویان بدەن، ئەم پەیوەندییە پشت دەبەستێت بەو ڕێککەوتنە کە هەردوولا (عێراق و کوردستان) لەسەری ڕێکدەکەون.

٢. جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە ئازادکردنی موسڵ و ڕووخانی خەلافەتی ئیسلامی داعش، مانای کۆتاییهاتنی داعش و لە ڕیشە هەڵکێشانی داعشییەکان نییە، بەڵکو فاکتەری سەرەکی بۆ کۆتاییهاتن و لە ڕیشە هەڵکێشانی داعش بەوە دەکرێت کۆتایی بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە و پڕۆ ئێرانی بهێندرێت، هێزەکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێندرێنەوە، یان کەم بکرێنەوە و لەناو هێزەکانی ئاسایشی عێراق جێگەیان بۆ بکرێتەوە و ڕێگەیان پێ نەدرێت تیکەڵی پرۆسەی سیاسی بن. بەوجۆرە بێت کە عەرەبی سوننە هەست بە دڵنیایی بکات و هەست بکات لەناو پرۆسەی سیاسی پەراوێز نەخراوە، ئەم حاڵەتەش کاتێك دروست دەبێت کە هێزە پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی هەڵوەشێندرابێتنەوە و نەتوانن ئەو پێشێلکارییەی ئێستا لەژێر پەردەی شەڕی داعش دژ بە عەرەبی سوننە ئەنجامی دەدەن، بەردەوام بێت.

٣. هەندێك لە سیناریۆکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەگەر ئێران بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پشت بەهێزی لۆکاڵیی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیانە ببەستێت کە مەبەستێتی بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئەوا پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانیش پشتگیری ئەو هێزە لۆکاڵانە بکەن کە دەبنە بەربەست لەبەردەم ئامانجە فراوانخوازییەکانی ئێران، هەر بۆ نموونە ئەگەر ئێران پشتگیری ئەو میلیشیا شیعانە بکات بۆ ئەوەی درێژە بە سیاسەتی مەزهەبگەرایی شیعە بدەن دژی عەرەبی سوننە، ئەوا گرنگە ئەمریکاو هاوپەیمانانیش پشتگیری ئەو گرووپە لۆکاڵانەی سوننە بکەن کە دەبنە قوربانیی ئەو ستراتیژیەتەی ئێران، لەمەش زیاتر نابێت ستراتیژیەتی ئەمریکا لەشەڕی دژی داعش بەو جۆرە بێت سەرەنجام بۆ بەرژەوەندی سیاسەتەکانی ئێران تەواو بێت.

٤. هەموو سیناریۆکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێت ئەمریکاو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بەیەك شێوە مامەڵە لەگەڵ شەڕی داعش لە سووریا و عێراق بکەن، ئەگەر ئامانجی لەناوبردنی داعش لە عێراقدا بۆ بەهێزکردنی حکومەتی عێراقی بێت بە پشتگیری ئەمریکا، ئەوا دەبێت ستراتیژیەتی شەڕی داعش لە سووریا هۆکارێك بۆ نەمانی ڕژێمی ئەسەد و سنووردارکردنی ئەو میلیشیایانە بێت کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئێرانن، یان شەڕی بەوەکالەت بۆ ئێران دەکەن.

٥. ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بێت لەسەر بەکارهێنانی وەکیلەکانی بۆ شەڕ و ناسەقامگیری لەتەواوی ناوچەکەدا و دروستکردنی هەڕەشە لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا کارێکی ئاسان دەبێت کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ئەوانیش بەشێوازی دیکە ناسەقامگیری بخەنە ناو ئێرانەوە و هانی پێکهاتەکانی ئێران بدەن کە داوای گۆڕینی سیستمی حوکمڕانی لەناو خۆدا بکەن.

ئەم خاڵە هاوبەشانەی ناو سیناریۆ جیاوازەکان، ئاماژەن بۆ هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی نفووزی ئێرانی لە عێراقی دوای داعش سنووردار بکرێت، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا کاردانەوەی ئێران بەرامبەر ئەم هەوڵانەی ئەمریکا چۆن دەبێت؟ بێگومان وەك ئێستا لە لێدوانەکانی ئەو سەرکردانەی حەشدی شەعبی-ی سەر بە ئێران گوێمان لێ دەبێت، هەموویان بەو ئاراستەیە لێدوان دەدەن بەوەی پێویستە هێزەکانی ئەمریکا دوای تەواوبوونی شەڕی داعش لە عێراق بکشێنەوە، بەپێچەوانە ئەوا میلیشیا پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی وەك هێزێکی داگیرکەر مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا دەکەن، بەڵام ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییانەی لەسەر ئایندەی عێراقی دوای داعش ئەنجام دراون، لەمیانەی ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لە ناو عێراقدا لەگەڵ عەرەبی شیعەو سوننە کراون، بەشی زۆری هێزە سیاسییەکانی سوننە و بەشێکی عەرەبی شیعەش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پێویستە هێزەکانی ئەمریکا لەدوای شەڕی داعش لە عێراقدا بمێننەوە بۆ ئەوەی

**لە ئێستادا هەوڵی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو جۆرەیە کە هێزە پرۆ ئێرانییەکانی حەشدی شەعبی و ئەو هێزە کوردستانییانەشی هاوپەیمانی هێزە پرۆ ئێرانییەکانی شیعەن، بارودۆخێکی ئاڵۆز و ترس و نیگەرانیی ئەوتۆ لە کوردستان دروست بکەن، کە ڕێگە نەدەن بە سەرکەوتوویی پرۆسەی ریفراندۆم ئەنجام بدرێت**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێک دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، لەبەرامبەردا پلان، یان بەرنامەیەکی دیکەی نییە بۆ ئەوەی بیخاتە بەردەمی سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان و خۆی ببێتە ناوبژیوان بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای واقیعی ئێستای نێوان کوردستان و عێراق قسەی لەسەر بکرێت**

**لەناو جەماوەری شیعەی عێراقیشدا سەرکردەکانی حەشدی شەعبی وەک پاڵەوانی سەرکەتووی شەڕ و پارێزەری شیعە سەیر دەکرێن، بۆیە چانسی ئەوان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردن و تێکەڵبوونیان لەناو پرۆسەی سیاسیدا لەهەر سەکردەیەکی دیکەی مەدەنی لەناو لایەنە سیاسییەکانی شیعە زیاتر دەبێت، بەمەش ئێران لە ڕێگەی پرۆکسیەکانیەوە کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دەبێت**

**ئێران زۆر سەرسەختانە دژایەتی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئەمەش وایکردووە کە خەڵکی کوردستان پشتگیری لە سەرکردایەتی سیاسیی خۆی بکات، نەک بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتانەی کە هێز و لایەنە پرۆ ئێرانییەکان دەیانەوێت جێبەجێی بکەن**

**کۆماری ئیسلامیی ئێران باش دەزانێت کە هیچ کام لەدەوڵەتانی دراوسێی کوردستان ناتوانن کارتی فشاری ئابووری، یان سەپاندنی گەمارۆ بەرامبەر کوردستان بەکار بهێنن، ئەمەش لەبەر ئەوەیە جیا لەوەی لە پەنابردن بۆ کارێکی لەوجۆرە خۆیان لە کوردستان زیاتر زیان دەکەن، لە هەمانکاتدا کوردستان چیدیکە دەوڵەتێکی داخراو نییە و خاوەنی بەندەرێکی گەورەی ئاسمانییە، بەندەرێکی ئاسمانیی ئەوتۆ بە هاوشێوەی بەندەرە ئاسمانییەکانی دەوڵەتانی کەنداو کە هیچ بایەخێکیان بۆ بەندەرە ئاوییەکان نەهێشتۆتەوە**

زەمینەیەکی سەقامگیری ئەوتۆ دروست بێت، کە بتوانرێت پرۆسەی سیاسی رێکبخرێتەوە، ئەم ئاماژانە گرنگن بۆ خوێندنەوەی هەنگاوەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش، بۆ قۆناخی دووبارە بونیادنانەوەی عێراق و رێکخستنەوەی پرۆسەی سیاسی لەنێوان عەرەبی شیعە و سوننەدا، ئەمەش بەو مانایەی کە سنوورێك بۆ هەموو هەوڵەکانی ئێران بەگشتی لەناوچەکە و بەتایبەتی لە عێراقدا دابنرێت، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم ئاراستەیە نەیتوانی ئامانجەکەی خۆی بپێکێت، ئەوا وەك تۆماس فریدمان رۆژنامەنووسی بەناوبانگی نیویۆرك تایمز پێشنیاری کردووە، دەبێت ئەمریکا سیاسەتی شەڕی ئیستنزاف لەگەڵ ئێران پیادە بکات و زۆنگاوێکی بۆ دروست بکات کە بە ئاسانی لێی دەرباز نەبێت، هەروەك چۆن لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هەمان شەڕی دژی سۆڤیەتی پێشان پیادەکردو پاشان سۆڤیەت ناچار بوو لە ئەفغانستان بکشێتەوە.

## • گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز بۆ سعودیە و کەنداو بەرامبەر بە ئێران

گەورەترین ئاستەنگ کە بۆتە هۆکاری ئەوەی چارەسەری کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگاتە ئاستی مەحاڵ، باڵادەستی و نفووز و کاریگەریی ئێرانە لە عێراقدا کە بۆتە هۆکاری ئەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان سعودیەو ئێراندا گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆیە لەم گۆشەنیگایەوە ئەگەر ئامانجی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی داعش دووبارە گێڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بێت بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا هەنگاوی یەکەمی ئەم ستراتیژ و ئامانجە بەوە دەست پێدەکات، نفووز و کاریگەریی ئێران لەسەر عێراق کۆتایی بێت و عێراق وەك دەوڵەتێك بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو گرێبدرێتەوە.

لەماوەی کابینە حکوومییەکەی د.حەیدەر عەبادی، پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ سعودیە وەرچەرخانێکی بەسەردا هاتووە و جۆرێك لە هێوربوونەوەی تێدا روویداوە، هەروەها جۆرێك لە پەیوەندیی ئابووری و بارزگانیش دەستی پێکردووە، ئەم هەنگاوانە کە بە دەستپێشخەری سعودیە و پشتگیری ئەمریکا دەستی پێکردووە، زەحمەتە درێژەی پێ بدرێت، ئەگەر ئەمریکا بەشێوەیەکی باشتر پشتگیری لە حکومەتەکەی عەبادی نەکات. ئەم پشتگیرییەش بەوە دەکرێت کە ئەمریکا هەم هێزێکی کاریگەری لە عێراقدا بوونی هەبێت، هەمیش کاریگەریی دیپلۆماتی و دارایی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو ئاستەنگانەی ئێران بۆ ئەو هەوڵانەی دروست دەکات کاریگەری نەبێت.

دوای سەردانەکەی دۆناڵد ترەمپ بۆ سعودیە، عەرەبستانی سعودیە هەوڵەکانی خۆی بە تەواوەتی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی دەوڵەتانی کەنداو یەك هەڵوێست بن بەرامبەر بە ئێران و یەك کاردانەوەیان هەبێت، بۆ ئەمەش گەمارۆیان خستۆتە سەر دەوڵەتی قەتەر بۆ ئەوەی ئەویش هەمان هەڵوێستی یەکگرتووی لەگەڵ دەوڵەتانی دیکەی کەنداو بەرامبەر بە ئێران هەبێت، لەم چوارچێوەیەدا بۆ یەکهەڵوێستیی قەتەر و سعودیە بەرامبەر بە ئێران، ئەمریکا دەتوانیت هەردوولایان لە خاڵێکدا بەیەك بگەیەنێت، بەڵام کێشەی نێوان قەتەر و سعودیە، تەنیا هاوهەڵوێستی نییە بەرامبەر بە ئێران، بەڵکو تێڕوانینی جیاوازی قەتەرە بەرامبەر گرووپە ئیسلامییەکان بەگشتی و ئیخوان موسلمین بەتایبەتی، لەم چوارچێوەیەدا راستە قەتەر لە سعودیە دووردەکەوێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکە لە تورکیا زیاتر نزیك بۆتەوە.

ئامانج و ستراتیژیەتی سعودیە دوای دروستکردنی یەکهەڵوێستی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو، هەوڵدانە بۆ گرێدانەوەی عێراق بە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداوەوە لە رووی ئابوورییەوە، بێگومان عێراقیش پێشتر لە هەندێك لە لیژنەکانی ئەم ئەنجومەنە وەك لیژنەکانی وەرزش و رۆشنبیری و تەندروستی ئەندام بووە، بەڵام ئێستا دەیانەوێت بوارەکە زیاتر لەبەردەمی عێراق فراوانتر بکەن و بوارەکانی بازرگانی و ئابووریش بگرێتەوە.

ئاشکرایە ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی شیعەی عێراق کە لەناو هاوپەیمانیی

نیشتمانیی شیعەدا ئەندامن، هەموویان بە یەك ئاست بە پرۆ ئێرانی لەقەڵەم نادرێن، بەڵكو بەشێكیان دەیانەوێت عەرەبی شیعە بن، نەك تەنیا شیعەبن، بۆ ئەمەش خواستیان ئەوەیە پێڕەوی لە فەرمان و فەتواكانی مەرجەعییەتی شیعە لە نەجەف بكەن، نەك لە ئێرانەوە فەرمان وەربگرن، لەم دەرگایەشەوە دەیانەوێت خۆیان لەناو دەوڵەتانی عەرەبیدا ببیننەوە، نەك بەشێوەیەكی گۆشەگیر پاشكۆی ئێران بن، ئەم ئاراستەیە لە سیاسەتەكانی حەیدەر عەبادی لە حكومەتی عێراقیدا رەنگی داوەتەوەو ئەمریكاش پشتگیری لەم ئاراستەیە دەكات، بەڵام لە ئێستادا كە بەرژەوەندی گەیشتنە دەسەڵات لەناو هێز ولایەنە سیاسییەكانی شیعە بۆتە پرسی سەرەكیی ململانێ، ئەوا زۆر جار بەشێكیان ئەم ستراتیژە ون دەكەن و خۆیان لەناو نفووز و كاریگەریی ئێراندا دەبیننەوە، ئەمەش ئەو حاڵەتەیە كە پرۆسەی سیاسی لە هاوپەیمانی نیشتمانی شیعەدا جۆرێك لە پاشاگەردانی ئاشكرای دروستكردووە.

لایەنێكی دیكەی ئەم هاوكێشەیە كە بە پێویستی دەزانێت ئەمریكا بەشدارییەكی كارای لە سنووردانان بۆ نفووزی ئێران لە عێراقدا هەبێت لە پێناوی گێڕانەوەی هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئێران و سعودیە، ئەوەیە كاتێك ئێران هەوڵدەدات ئارامی و سەقامگیری هاوپەیمانەكانی ئەمریكا بە رێگەی جۆراوجۆر بشێوێنێت، پێش ئەوەی ئەم كارانە تەحەددا بن بۆ هاوپەیمانەكانی ئەمریكا، تەحەددان بۆ بەرژەوەندییەكانی ئەمریكا لە ناوچەكەدا، بۆ ئەمەش باش لە چاوپۆشینەكانی ئەمریكای سەردەمی باراك ئۆباما دەگەن كە چۆن هەڕەشەكانی ئێران گەیشتە ئەو ئاستەی سوپای ئێرانی هێزە دەریاییەكانی ئەمریكا بەدیل بگرێت و بە شێوەیەكی زۆر ناجۆر مامەڵەیان لەگەڵدا بكات، هەر بۆیە لە هەفتەی یەكەمی دەستبەكاربوونی دۆناڵد ترەمپ وەك سەرۆك كۆماری ئەمریكا، راشكاوانە ئەوەی بە جیهان راگەیاند كە جارێكی دیكە ئەمریكا رێگە نادات هێزەكانی ئێران سەربازی ئەمریكی بەدیل بگرن.

لە ئێستا ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سەرقاڵی ئەوەیە سیاسەتێك بەرامبەر ئێران دابڕێژێت كە بتوانرێت سنوورێك بۆ هەڕەشەكانی ئێران دابنێت، بۆ ئەمە وەك هەنگاوی یەكەم هەوڵدرا چاو بە رێككەوتنی كاری هاوبەش و گشتگیری هاوبەش(JCPOA) بخشێندرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم رێككەوتنە لە نێوان ئێران و پێنج دەوڵەتە هەمیشەییەكەی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەڵمانیا ئەنجام دراوە، لەوانەیە ئەمریكا نەتوانێت گۆڕانكاری بەسەر ناوەڕۆكی رێككەوتنەكەدا بهێنێت، بۆیە بەدوای شێوازو رێگەچارەی دیكەدا دەگەڕێت كە هەوڵە فراوانخوازییەكانی ئێرانی پێ سنووردار بكات، پێشتر ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ ئێرانی خستە ناو ئەو وڵاتانەی كە نابێت سەردانی ئەمریكا بكەن، هەروەها لە نیسانی ٢٠١٧ پاش ئەوەی مووشەكبارانی هێزەكانی سووریای كرد، ئەمە وەك پەیامێك بۆ ئێرانیش خوێندرایەوە كە ئیدارەی ترەمپ هەر كاتێك بیەوێت، بژارەی سەربازیش بەرامبەر بە ئێرانیش بەكار دەهێنێت، بەڵام لە ئێستا هەوڵەكانی چڕكردۆتەوە بۆ ئەوەی ئێران وەك سپۆنسەری تیرۆر و سوپای پاسداران و ئەو وەكیلانەی ئێرانیش كە راستەوخۆ لەلایەن سوپای پاسدارانەوە پشتگیری دەكرێن لە لیستی تیرۆردا تۆمار بكات، ئەم هەنگاوانە هەموویان لە پێناوی ئەوەن جارێكی دیكە هاوسەنگیی هێز لە ناوچەكە رێكبخرێتەوە و چیدیكە ئێران نەبێتە سەرچاوەی كێشەكانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جێگەی خۆیەتی بۆ جددییەتی ئەمریكا بەرامبەر ئێران، ئاماژە بەو تویتەی ترەمپ بكەین كە دوای هێرشە تیرۆریستییەكەی مانگی حوزەیرانی رابردوو كرایە سەر تاران، نووسیبووی: «ئێران كە سپۆنسەری تیرۆرە، ئێستا خۆی بۆتە قوربانی بەدەست تیرۆرەوە»، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەگەر ئێران سپۆنسەریی گرووپە توندڕۆكان بكات و ناسەقامگیری لەناوچەكەدا دروست بكات، ئەوا هەمان ناسەقامگیری یەخەی خۆیشی دەگرێتەوە.

**كۆماری ئیسلامیی ئێران وەك چۆن لە هەموو جوگرافیای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆكسی جیاوازی هەیە، هەوڵیداوە لە پرۆسەی سیاسیی كوردستانیشدا جۆرێك لە پرۆكسی بۆ پەكخستنی پرۆسەی سیاسی دروست بكات، ئەمەش بەو ئامانجەی كە ئاراستەی پرۆسەی سیاسی لە كوردستان لەگەڵ ئەو ئاراستە پرۆكسیە پرۆ ئێرانییە یەكبگرێتەوە كە ئێستا بە كردەیی لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوونیان هەیە**

**لەگەڵ ئەوەی مەرجەعییەتی شیعە، رێكخستن و بەڕێوەبردنی هێزی حەشدی شەعبی رووبەرووی پەرلەمان و حكومەتی عێراق كردەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەكی یاسایی و لە چوارچێوەی هێزەكانی ئاسایشی عێراقدا جێگەیان بۆ بكرێتەوە، بەڵام بێ سەروبەریی دامەزراوەكانی حكومەت و پەرتەوازەیی هێزەكانی ئاسایش و سوپای عێراق، بۆشاییەكی ئەوتۆی دروستكرد كە فەیلەقی قودسی سوپای پاسداران بە سەرۆكایەتی قاسم سولێمانی رۆڵێكی كردەیی و كاریگەر لە بری حكومەتی عێراق لەناو هێزەكانی حەشدی شەعبی بگێڕن**



## ئەدهەم بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە پارێزگای سلێمانی – هەڵەبجە بۆ گوڵان:

# ژینگەی سیاسی لە دەڤەری سلێمانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ئەو گۆڕانکارییە رەنگدەداتەوە

■ ئەو دەنگەی لە دەڤەری سلێمانی بە بەڵێ بە ریفراندۆم دەدرێت لە زۆر ناوچەی کوردستان زیاتر دەبێت

■ ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازی لە پەیامەکەی پارتی بکات، کێشەکان چارەسەردەکرین و مانۆڕی سیاسیش کۆتایی پێدێت

■ ئێستاش نازانین کێشەی کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ پارتی چییە و نازانین بۆچی کۆمەڵ ئەو هەڵوێستەی بەرامبەر پارتی وەرگرتووە



**لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆم، باس لەوە دەکرێت لە هەندێك شوێنی کوردستان دەنگێك دەبیسترێت دژ بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان، هەندێك دەڵێن ئەو دەنگانە لەو شوێنانە بوونیان هەیە کە رێکخستنەکانی پارتی تێیدا لاوازن و بوار بۆ ئایدیۆلۆژیەتی دیکە رەخساوە کە بەو ئاراستەیە قسە بکرێت، هەندێکی دیکەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەو دەنگانە کەمینەیەکی کەمن و کاریگەریان لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم و پرۆسەی سەربەخۆیی نابێت، بۆ رێگرتن لەو جۆرە دەنگانە و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان پارتی دیموکراتی کوردستان پەیامێکی ئاراستەی بزووتنەوەی گۆڕان کردووە بۆ ئەوەی بەبێ بەمەرج پەرلەمان کارابکرێتەوە بە دیالۆگی راستەوخۆ پێکەوە کێشەکانی نێوان پارتی و گۆڕان چارەسەر بکرێن، بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی رێکخستنەکانی پارتی لە سنووری سلێمانی و هەڵەبجە و هەوڵەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم و چارەسەرکردنی کێشە سیاسیەکان، سەردانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانمان لە سلێمانی و هەڵەبجە کردو ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ بەڕێز ئەدهەم بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی سەکردایەتی پارتی لەو دەڤەرە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە.**

*** کاتێك بوونە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە، ئاماژەت بەوە کرد ئەم دەڤەرە بۆ ئێوە بارزانە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا کاروچالاکیی ئێوە لەم دەڤەرە چۆنە؟**

- من ساڵێك پێش ئێستا گوتوومە دەڤەری سلێمانی بۆ من بارزانە، بێگومان ئێستاش وادەڵێم و لە داهاتووشدا هەروا دەڵێم و داکۆکیشی لەسەر دەکەم. ئەم دەڤەرە، دەڤەری تێکۆشان و قوربانیدان و مێژوویەکی تایبەتی خۆیەتی، مێژوویەك کە پڕیەتی لە جوانییەکانی ژیان و بابەتی رۆشنبیری و مێژوویی، هەر بۆیە کەسانی زۆر پایەبەرز و لێهاتوو لەم ناوچەیە هەڵکەوتوون، کە خۆیان و ئەوانەشی پەیڕەوی ئەوانیان کردووە، بەرەو لوتکەی ئەخلاق و رۆشنبیری هەڵکشاون و توانیویانە بە مانا دروستەکەی رێگەی راست، رێگەی راستیان بۆ هەردوو بواری دنیاو قیامەت رەنگرێژ کردووە. شاری سلێمانی، شاری (مەولانا خالیدی نەقشبەندی)یە. ئەم زانا گەورەیە بیر لەوە دەکاتەوە نوێبوونەوەیەك دروست بکات، هەربۆیە بە مەلاونا خالیدی نەقشبەندی موجەددەدی (واتە نوێکەرەوە) ناسراوە. ئەم زاتە لەم شارە هەڵکەوتووە و هەر لەم شارەش لە پێناوی خوای گەورە و میللەتەکەی دەستی بە خەبات و تێکۆشان کردووە و رۆشنبیری و مانا جوانەکانی ژیانی فێری مرۆڤ کردووە، بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەش دەزانین کە رێگەی نوێبوونەوە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی گوڵڕێژ نەبووە، بەڵکو دڕکیش لە رێگەی هەبووە و چەندین کۆسپی بۆ دروستکراوە، هەر بۆیە ناچار دەبێت دووجار ئەم شارە بەجێبهێڵێت و رووبکاتە بەغدا، جاری سێیەمیش ئەم وڵاتە بەرەو شام بەجێدەهێڵێت و هەر لەوێش کۆچی دوایی دەکات و مەزاری ئەم زانا گەورەیەی کورد ئێستاش لە دامێنی چیاکانی قاسیونی دیمەشقە. مەبەستم لەم مێژووە تەنیا گێڕانەوەی مێژوو نییە، بەڵکو مەبەستم لەو فەلسەفەیەی نوێبوونەوەیەی مەولا خالیدی نەقشبەندییە کە لەم دەڤەرەوە هاتەکایەوەو سەردەمانێکی زۆر تەنیا رێگە بوو بۆ زۆربەی زۆری نەتەوەی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، هەروەها لە ئەستەنبوڵەوە تا جەزیرەی عەرەبی پەیڕەوانی ئەم فەلسەفەیە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پێگەو رۆڵی سەرەکییان هەبووە، بۆیە دوای سەدان ساڵ کە سەیری ئەم فەلسەفەیە دەکەین، دەبینین نوێبوونەوە پێووستیی ئەمڕۆ و سبەی

**راستە رێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان پارتی و یەکێتی لایەنێکی زۆر باشی ئەوەیە کە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی هێنا، بەڵام لایەنی نەرێنیشی ئەوە بوو کە کوردستانی بە سەر دوو زۆنی (زەرد و سەوز)دا دابەشکرد، لەم قۆناخەدا پارتی زۆر بایەخی بەم دەڤەرە نەداو بەجێی هێشت بۆ لایەنەکەی دیکە، لەمەش زیاتر پارتی بایەخێکی باشیشی بە کادر و ئەندام و لایەنگرانی خۆیشی لەم دەڤەرە نەداوە**

و داهاتووی ئێمەشە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە فەلسەفەی پێکەوەژیان و ڕێزگرتن و زانینی بەهاو پێگەی مرۆڤ لەسەر زەمینە، بەشێکی گرنگی فەلسەفەی نوێبونەوەی مەولانا خالیدە، بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا هەست بەوە دەکرێت کە خەریکە لەم دەڤەرە جۆرێك لە بیروبۆچوونی دیکەی دژ دەبێتە جێگرەوەی ئەم فەلسەفەیە. هەر بۆیە بۆ حزبە سیاسییەکانی کوردستان و حکومەتیش وەك دەسەڵاتێکی باڵای جێبەجێکردن، هەقە هەڵوەستە لەسەر ئەم لایەنە بکەن و ڕێگە نەدەن ئەو لایەنە جوانانەی کۆمەڵگەی ئێمە بەرەو تاریکی هەنگاو هەڵبگرن. ئەوجا لێرەوە ئەگەر بێمە سەر بابەتی حزبایەتی، بێگومان بوونی فرەحزبی مافێکی ڕەوایە بۆ هەموومان، مافی هەر مرۆڤێکە چۆن بیردەکاتەوەو بەچ ئاراستەو بۆچوونێك شرۆڤەی پرسەکان دەکات، بەڵام بەداخەوە لە زۆر شوێن ئەم ئاراستەیەی حزبایەتی و بیروبۆچوونی ئازاد بەرەو ئاقارێکی دیکە چووە و بۆتە هۆکارێك بۆ دژایەتی و یەکتری سڕینەوە، بۆیە ئێستا پێویستمان بەوە هەیە هەموو پێکەوە کارێکی جددی بکەین و پێکەوە هەڵوەستە بکەین و لایەنە جوانەکانی نەتەوەو مێژووی خۆمان بەبیری یەکتری بهێنینەوە و، هەوڵبدەین یەکتری قبووڵ بکەین و جیاوازییەکانی یەکتری لەبەرچاو بگرین و ڕێزیان لێ بگرین.

*** ئەگەر قسە لەسەر ڕۆڵ و پێگەی پارتی لەم دەڤەرە بکەین، لە ئێستادا ڕۆڵ و پێگەی پارتی لەم دەڤەرە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- پێگەی ئێستای پارتی لەم سنوورە پێگەی ڕاستەقینەی پارتی نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەو پێگەیەی پارتی لەسەردەمی مستەفا بارزانی و شۆڕشی ئەیلوول لەم دەڤەرە بەدەستی هێنابوو، ئەوە پێگەی ڕاستەقینەی پارتییەو دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بن پێگەی ڕاستەقینەی پارتی لەم دەڤەرە دووبارە بگەڕێتەوە جێگەی خۆی، ئێستاش هێندەی من سەرنجم داوە، خەڵکانێکی زۆر لە دەرەوەی پارتی و لەناو هێز و لایەنەکانی دیکەدا کە ئەمڕۆ هەڵگری بیروبۆچوونی دیکەن و جیاوازن لەگەڵ بیروبۆچوونی پارتی، بەڵام خۆیان هەر بە پێڕەوی ڕێبازی بارزانی دەزانن و ئەم ڕێبازە بە باشترین ڕێگە بۆ ئایندەیەکی گەش سەیر دەکەن، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە، دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە پێگەی ڕاستەقینەی پارتی بگەڕێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستمان بە کارکردنی زیاتر هەیە و پێموایە وەك پێویست کارمان بۆ ئەم مەبەستە نەکردووە.

*** ئایا ئێوەی بەرپرسان کەمتەرخەم بوون و وەك پێویست کارتان بۆ ئەم پرسە نەکردووە، یان پارتی خۆی کەمتەرخەم بووە؟**

- دەتوانم بڵێم، بەڵێ ئێمە کەمتەرخەم بووین.

*** کەمتەرخەمییەکە بە دروستی لەچیدا بووە؟**

- ئاشکرایە دوای ساڵی ١٩٧٥ ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی جەزائیر لە کورد کرا، بووە هۆکاری ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت، شۆڕش لە خەبات و تێکۆشان وەستا، هەتا شۆڕشی گوڵان دەستی پێکردەوە. من ئەم ماوەی نێوان نسکۆی شۆڕش و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی گوڵان، ناوی لێدەنێم (پشووی جەنگاوەران. استراحة المحاربین)، لەم بۆشاییەدا ڕێکخستنێك لەم دەڤەرە دروست بوو، بێگومان ئاشکرایە چۆن ڕێکخستن کرا و چۆن بەرەوپێشەوە چوون، کە لە ئێستادا من بە پێویستی نازانم بچمە ناو وردەکارییەکان، بۆیە وەك قۆناخی یەکەم ئەو ڕێکخستنە جۆرێك لە لاوازیی بۆ ڕێکخستنەکانی پارتی لە دەڤەری سلێمانی دروست کرد. قۆناخی دووەم کە بووە هۆکاری لاوازیی ڕێکخستنەکانی پارتی، قۆناخی دوای ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان (پارتی و یەکێتی) یە، ڕاستە ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییە لایەنێکی زۆر باشی ئەوەیە کۆتایی بە شەڕی ناوخۆیی هێنا، بەڵام لایەنی نەرێنیشی ئەوە بوو کە کوردستانی بە سەر دوو زۆنی (زەرد و سەوز) دا دابەشکرد، لەم قۆناخەدا پارتی زۆر بایەخی بەم دەڤەرە نەداو بەجێیهێشت بۆ لایەنەکەی دیکە، لەمەش زیاتر پارتی بایەخێکی باشیشی بە کادر و ئەندام و لایەنگرانی خۆیشی لەم دەڤەرە نەداوە، ئەمەش کاردانەوەیەکی خراپی دەروونی لەسەر ئەو خەڵکانە هەبووە کە خەبات و قوربانیدانیان بۆ ڕێبازی بارزانی

**ئەگەر هەموو لایەک لەدەستی دەرەکی دووربکەونەوە، بە گەشبینییەوە دەڵێم کێشەکانی پارتی و گۆڕان کۆتایی دێت**

**پارتی ئامادە بووەو ئامادەیە لە بەهێزترین حاڵەتدا و بۆ بەرژەوەندیی پرسە نەتەوەییەکان، هەمیشە دەستی برایەتی و پێکەوەژیانی درێژکردووە، بۆیە ئەگەر گۆڕان بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ پەیامەکەی پارتی بکات، زۆر مانۆڕی سیاسیش کۆتایی پێدێت کە لەسەر ئەم دۆخە خراپەی نێوان پارتی و گۆڕان دەکران**

**ئەو گۆڕانکارییەی بە سەر بارودۆخ و خەڵک و جەماوەری ئەم دەڤەرەدا هاتووە، دەبێت حیسابی بۆ بکرێت، ئەگەر لایەنێک پێیوابێت هەتا دوێنی خاوەنی ئەوەندە پێگەی جەماوەری بووە، ئەوە ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووش ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم دەڤەرەدا هاتوون زۆر باش پیشان دەدات**

**من یەكێك بووم لەوانەی بەردەوام بەرگریم لە هاوكاری و پەیوەندی نێوان كوردستان و ئێران كردووە، بە گرینگیشم زانیوە بۆ هەر دوولا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پەیوەندی دوولایەنی ئێران و كوردستان لە بەرژەوەندی هەر دوولا و لە بەرژەوەندیی ڕۆژهەڵاتی ناوینیشدایە، سەرەنجامیش لە بەرژەوەندیی ئاسایشی جیهاندایە**

**دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی چ كێشەیەكیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە؟ بێگومان عەرەبەكان دەڵێن خاكی عەرەبی داگیركردووەو دەوڵەتانی ئیسلامیش دەڵێن خاكی دەوڵەتێكی ئیسلامی داگیركردووە، بۆیە پرسیاری ئێمەش لەوان ئەوەیە: ئایا ئێوەش خاكی كوردستانتان داگیر نەكردووە؟ ئایا وەك داگیركردن چ جیاوازییەك لە نێوانتاندا هەیە؟ ئەمە لە كاتێكدا ئێمە خاكی كەسمان داگیرنەكردووە و بەرگری لە خاكی خۆمان دەكەین و ئێمە بە ئێوە دەڵێین خاكی ئێمەتان داگیركردووە**

وەك پێویست لەبەرچاو نەگیراوە. پارتییەكانی ئەم دەڤەرە بەرگەی ژینگەیەكی زۆر گرانیان گرت، ئەمەش نەك هەر تەنیا لەبواری كاری ڕێكخستن و پارتایەتی، بەڵكو لەبواری ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و ماڵ و منداڵ و خزم و كەسوكاریشیان لەم دەڤەرە دووچاری نەهامەتیی گەورە بوون، بۆیە بەشێكی زۆری ئەو خەڵكە ئێستا لە سنوورەكانی هەولێر و سۆران و دهۆك و زاخۆن، بەشێكیشیان ڕوویان كردۆتە هەندەران لە ئەورووپا و ئەمریكا و كەنەدان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو مرۆڤە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی شوێنی ژیانی خۆی بەجێبهێڵێت، بە ڕاستی ئەمەش هۆكارێكی دیكە بووە بۆ لاوازبوونی ڕێكخستنەكانی پارتی لەم دەڤەرە، بەڵام وێڕای هەموو ئەمانەش ئێستاش كاتێك لەگەڵ ئەندام، یان لایەنگیرێكی پارتی لەم دەڤەرە قسە دەكەم، دنیایەك میرخاسی و قارەمانی و خۆڕاگری بە ئاستێك پیشان دەدەن، ڕاشكاوانە دەڵێم ئەو ئاستی و دڵسۆزی و حەماسەتەی لە پارتییەكانی ئەم دەڤەرە بینیومە، ئەوەمان پێدەڵێت كە هیچ شتێك نەیتوانیوە ئەو حەماس و دڵسۆزییە دابمركێنێتەوە.

*** بەڵام دیسان هەر لەم دەڤەرە خەڵكانێكی زۆر هەن خۆیان بە دەروێش و موریدی ڕێبازی بارزانی دەزانن و بە فەرمی ئەندام، یان كادری ڕێكخستنەكانی پارتی نین، هێندەی سەرنجت دابێت، ئایا ئەو خەڵكانە لە ئەندام و ڕێكخستنەكانی پارتی زۆرتر نین؟**

- من نزیكەی ١٤ مانگە لەم دەڤەرەم، ڕۆژانە ئەم دیاردەیە دەبینین و ئەو خەڵكانەی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە خۆیان بە مورید و دەروێشی ڕێبازی بارزانی دەزانن، چەندین جار ژمارەیان زیاترە لەو ئەندام و كادرانەی پارتی كە بە فیعلی و فەرمی لەناو ڕێكخستنەكانی پارتیدا كاردەكەن، ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵكانێك هەن لە پارتی و ڕێبازی بارزانی دەرنەچوون، بەڵكو بەهۆی بایەخنەدان بە بیروبۆچوونیان و خەبات و قوربانیدانیان جۆرە دووركەوتنەوەیەك دروست بووە، بۆیە دەبێت ئەم خەڵكە دڵسۆزەش ئاشت بكرێنەوە.

*** ئایا تاچەند توانیوتانە كار لەم بوارە بكەن و ئەو خەڵكانە ئاشت بكەنەوە؟**

- من نامەوێت بڵێم ئەمەندە كارە و ئەوەندە ژمارەمان كردووە، ئەمە بە پێویست نازانم، بەڵام ئەگەر سەركردایەتی پارتی بە هەموو بەشەكانیەوە لەم قسەیەی من نارەحەت نەبن، ئێمە هەوڵێكی زۆرمان داوە خاڵە لاوازەكانی خۆمان دەستنیشان بكەین و دەستنیشانیشمان كردووە و بۆ سەركردایەتیشمان ناردووە، بۆیە تكای من ئەوەیە كە سەركردایەتی پارتی لەگەڵ بەرنامە تازەكانی ئێمە بێنە پێشەوە و پشتگیریمان بكەن. ئێمە پێمان وایە چەندین ساڵە بەشێوەیەك لە شێوەكان ئەم ناوچەیە پشتگوێ خراوە، هەروەها ناكرێت لقەكانی ئەم دەڤەرە بەهەمان شێوەی لقەكانی سۆران و هەولێر و دهۆك و زاخۆ سەیر بكرێن، بۆیە دەبێت لەسەر ئاستەكانی ڕۆشنبیری، كارگێڕی و دارایی، جیاوازیی ئەم دەڤەرە لەگەڵ دەڤەرەكانی دیكە لەبەر چاو بگیرێت.

*** لەو ماوەیەی پێشوو سەركردایەتی پارتی كۆمەڵێك گۆڕانكاری لە لق و ناوچەكانی دەڤەرەكانی دیكەی كوردستان كرد، بەڵام لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە ئەو گۆڕانكارییانەمان نەبینی، ئایا هۆكارەكان چی بوون كە گۆڕانكارییەكان ئەم دەڤەرەی نەگرتەوە؟**

- ئێمە هەوڵمانداوە هەندێك گۆڕانكاری بكەین، بەڵام گۆڕانكارییەكان زۆر بە هێواشی بەڕێوەدەچن، قسەكەی ئێوە ڕاستە گۆڕانكاری لە سنوورەكانی دیكەی ڕێكخستنەكانی پارتی كراون، بەڵام من سوپاسی سەرۆك و جێگری سەرۆك و سكرتێری مەكتەبی سیاسی و تەواوی ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و ئەنجومەنی سەركردایەتی پارتی دەكەم، كە زۆربەی زۆری گۆڕانكارییەكانی ئەم سنوورەیان بۆ ئێمە بەجێهێشتووە، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، گۆڕانكارییەكان لەم سنوورە زۆر بە هێواشی بەڕێوە دەچن، ئێمە چەند كۆبوونەوەیەكمان لەگەڵ بەرپرسی لقەكانی ئەم سنوورە كردووە، داوامان لێكردوون كە بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر تەواوی ئەو گۆڕانكارییانە دەرببڕن كە پێویستن لەم سنوورە ئەنجام بدرێت. من ڕاشكاوانە دەڵێم، ئەم قۆناخەی ئێستا ئێمەی تێداین، قۆناخێكە گەنجەكان پێگەیشتوون و

پێشکەوتوون، بۆیە پێویستمان بەوەیە توانای گەنجەکان بخەینەکار و پەروەردەیان بکەین و بەرەو سەرکردایەتیکردنیان ببەین. لەمیانەی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوانەی لەگەڵ لق و ناوچە و ڕێکخراوەکان ئەنجاممان داون، ئەو ژمارە گەنجە لێهاتووەی بینیومن و قسەم لەگەڵ کردوون، زۆر دڵخۆشیان کردووم و ئومێدێکی گەورەیان بۆ دروستکردووین، هەموویان گەنجی پسپۆڕ و شارەزان، تەنیا پێویستیان بەوەیە فێری هونەری سەرکردایەتیکردن بکرێن. بۆیە من پێموایە پارتی بەرەو قۆناخێکی نوێ هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەویش قۆناخی نوێبوونەوەیە کە ئەمەش یەکێکە لە دروشمەکانی کۆنگرەی ١٣ی پارتی دیموکراتی کوردستان.

*** بەڵام ئەوەی تێبینی دەکەین، ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە پێویستی بە ڕاگەیاندنێکی کاریگەر هەیە، بەڵام هەست ناکەین بایەختان بەم لایەنە دابێت؟ ئایا ئەمە ڕاستە؟**

- کێشەی گەورەی ئەم سنوورەی ڕێکخستنەکانی پارتی لەساڵانی ڕابردوو ئەوە بووە، لەم ناوچەیە گەورەترین ڕاگەیاندن هەبووە کە من ناڵێم دژ، بەڵام تەواو پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەم سنوورە نزیکەی ١١٨-١٣٠ کەناڵی سەتەلایت و تەلەفزیۆنی لۆکاڵ و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت، بەپێچەوانەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر بڵێم کاریگەری ئێمە لە خانەی سفر لەسەد بووە، لەوانەیە قسەیەکی هەڵەم نەکردبێت، ئێمە لەم دەڤەرە دوو نووسینگەی کەناڵی (کوردستان و زاگرۆس) مان هەیە، من سەردانی هەردوو نووسینگەکەم کردووە، جیا لەوەی ئەو نووسینگەیە ڕێنمایی لە ناوەندی خۆیان وەردەگرن، بەڵام هیچ بایەخێکیان پێ نەدراوە نە لە ڕووی دارایی، نە لە ڕووی لۆجیستی و دابینکردنی ئامێر و کەلوپەل و پێداویستییەکانیان، کەناڵێکی لۆکاڵمان هەیە بەناوی (کەناڵی سلێمانی) ئەمانیش لەچوارچێوەیەکی زۆر سنووردار و بەتوانای خۆبەخشانەی ئەو گەنجانەی لەوێ کاردەکەن، بەڕێوە دەچێت. نووسینگەی ڕادیۆی کوردستان، گرفتی هێجگار گەورەی هەیە، زۆر جار بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەر لەکار دەکەوێت، بۆیە دەبێت ئەم لایەنە بایەخی پێبدرێت و ئێستاش هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی هەماهەنگییەك لەگەڵ کەناڵە سەتەلایتەکانی خۆمان و تەلەفزیۆنی لۆکاڵی سلێمانی و ڕادیۆی دەنگی کوردستان دروست بکەین، بایەخ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدەین. لەبەرنامەدایە بەم نزیکانە گۆڤارێك بە ناوی (ڕا) دەربکەین، هەروەها داوامان کردووە کەناڵێکی سەتەلایت بەناوی سلێمانی دابمەزرێت، لێرە خەڵکانی تەکنیکی و ئیمکانیەتی ڕۆژنامەوانی زۆر باشمان لەبەر دەستە و دەتوانن بەڕێوەی ببەن.

*** ئەگەر لێرەوە بێینە سەر پرسی سەربەخۆیی کوردستان و هەوڵەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم، لەوانەیە قەت ڕۆژێك لە ڕۆژان مەزندەی ئەوەت نەکردبێت لەناوچەیەکی کوردستان بەرپرسارییت هەبێت، کە دەنگێك هەبێت و بڵێت: من بە سەربەخۆیی دەڵێم: نەخێر، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم واقیعە کراوە؟**

- نەك هەر مەزندەی ئەوەم نەکردووە دەنگێك هەبێت کە بڵێت من دژی سەربەخۆییم، بەڵکو هەر خۆم حەزم نەکردووە گوێبیستی ئەوە بم کە دەنگێك هەبێت دژی سەربەخۆیی بێت، بۆیە قەت مەزندەی ئەوەم نەکردووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان کوردێك، یان کوردستانییەك هەبێت و بڵێت: من سەربەخۆیی کوردستانم ناوێت، ئەوجا ئەگەر ئەمە یەك دەنگیش بێت، مەزندەی ناکەیت، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی مەزندەو تێگەیشتن لە چەمکی کوردایەتی و بیری نەتەوەیی، ئەمەش لەبەر ئەوەی چۆن دەبێت میللەتێك بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرابێت و دەیان ساڵە لەژێر زەبری پۆستاڵی سەربازەکانی تورك و عەرەب و فارسدا بووبێت و تاکێکی ئەو میللەتە بوێریی ئەوەی هەبێت، بڵێت: من دژی سەربەخۆییم؟ ئەمە مانای ئەوەیە کاتێك دەڵێت: (نەخێر بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی) واتە دەیەوێت ئەو میللەتە هەر دیل و ژێردەستە بێت. هەر بۆیە من لە چاوپێکەوتنی دیکەش ئاماژەم بەم پرسە کردووە و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە، کە ناکرێت بگوترێت لە کوردستاندا دوو بەرە هەیە، یەکێکیان لەگەڵ سەربەخۆییەو

**ئێمە هەمووومان بڕوامان بەخوا هەیە و هەمووومان دەڵێین خوا ئەم زەوییەی دروست کردووە، خوای گەورەش ئێمەی لەسەر ئەم جوگرافیایە دروست کردووە کە پێی دەڵێن کوردستان، ئایا ئێمە دەتوانین کوردستان بگوازینەوە بۆ ئەرژەنتین و بەڕازیل، یان ئایا ئێران دەتوانێت خۆی بگوازێتەوە بۆ سنووری چین و ژاپۆن، یان بچێتە جێگەی پاکستان و پاکستان ببێت بە دراوسێی ئێمە؟ بۆیە ئەمە ئیرادەی خوایە کە ئێمە دراوسێبن و دەبێت هەوڵبدەین پێکەوە بژین**

**زۆرجار لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی باسی ئەوەم کردووە، ئێوە بۆچی بە دیدێکی ئیسلامییانە کێشەی کوردی خۆتان چارەسەر ناکەن؟ هەروەها پێم وتوون لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەم میللەتە ڕابوەستن، بەم کارەتان لەبری ئەوەی گرفتتان لەگەڵ ٦-١٠ ملیۆن کوردی خۆتان بۆ دروست بێت، بە یەکجاری زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کورد دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان**

**ئێران بۆ دەبێت دژی ریفراندۆمی کوردستان بێت؟ ئەم کیانە سیاسییەی وەک ئەمری واقیع لە باشووری کوردستان هەیە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ەوە تائێستا کیانێکی سەربەخۆ بووە و بە ئەمری واقیع خۆی ئیدارەی خۆی کردووە، هەروەها کوردستانیش کاتێک لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، ئەوکاتە کۆماری ئیسلامی ئێران دانەمەزراوە**

**کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک بووە لەو دەوڵەتانەی لە ساڵانی خەباتی شاخ، پشتیوانی لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان کردووە، بێگومان ئەو کات ئێران بەرژەوەندیی خۆیشی هەبووە لەبەر ئەوەی لە شەڕێکی سەختی هەشت ساڵەدا بوو لەگەڵ عێراق، بەڵام ئێمەی کورد ئەو هاوکارییانەی ئێرانمان لەبەرچاوە و قەت رەتی ناکەینەوە**

**دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق و ئەوانەی ئێستا گرفت بۆ کوردستان دروست دەکەن، هەر هەموویان لەژێر چەتری هێزی پێشمەرگە و لە چیاکانی کوردستان دەحەوانەوەو لەوێوە رێکخستنەکانی خۆیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەبووژاندەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەمانیش هەمان قەوانە سواوەکەی سەدام حوسێن و حکومەتەکانی پێش ئەو و سەردەمی پاشایەتیی عێراق دووبارە لێدەدەنەوە**

ئەو دیکەیان دژی سەربەخۆییە، ئەمە راست نییە و کوردستان یەک بەرەیە و ئەوەی کورد بێت و رۆژێک لە رۆژان خەبات و تێکۆشانێکی بۆ کوردستان کردبێت، بەهیچ شێوەیەك ئامادە نییە لە هیچ بەرەیەکی دیکەدا بێت، بێجگە لەبەرەی سەربەخۆیی، من زۆر جار گوێبیستی ئەوە دەبم و دەڵێن لە بەشێکی جوگرافیای کوردستان لەگەڵ ریفراندۆم نین، ئەگەر ئەو جوگرافیایە مەبەست لێی دەڤەری سلێمانییە، من بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەو دەنگەی لە سلێمانی بە ( بەڵێ ) دەدرێت بە ریفراندۆم، لەوانەیە لەهەندێك ناوچەی دیکەی کوردستان بەو ئاستە نەبێت، ئەو شارە شاری تێکۆشان و قوربانیدانە بۆ کوردستان و بە سەدان هەزار لە رۆڵەکانی لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان شەهیدبوون و رووبارێك خوێن و ئارەقە لەم شارەدا بۆ سەربەخۆیی رژاوە، بۆیە ئەم شارە هەرگیز بۆ ریفراندۆم ناڵێت: نەخێر، بەڵکو بە بەڵێ پێشوازیی لێ دەکات.

*** بەڵام چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنی و ژمارەیەك لە خوێندەواری ئەم شارە بە ئاشکرا ریکلام دژی سەربەخۆیی دەکەن و کەمپین دژی ریفراندۆم ساز دەکەن؟**

- ئەمە خەلەلە، ئەوەی کە دژایەتی سەربەخۆیی و ریفراندۆم دەکات، لەوانەیە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی، یان رۆژنامەیەك، یان گۆڤارێك، یان تەنانەت سەرکردەی حزبێك بێت، من تەنانەت ناڵێم حزبێکیش، لەبەر ئەوەی هیچ حزبێك نییە لەپەیڕەو پڕۆگرامی خۆی باسی مافی چارەنووس و سەربەخۆیی نەکردبێت.

*** بەڵام ئەوان بە راستەوخۆ دژایەتی ناکەن، بۆ نموونە دەڵێن کاتی نییە، یان ترس و نیگەرانی بڵاودەکەنەوە؟**

- لە حوزەیرانی رابردوو حزبە سیاسییەکانی کوردستان (بێجگە لە گۆڕان و کۆمەڵ) بە ئامادەبوونی سەرۆك بارزانی کۆبوونەوە و رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوویان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم دەستنیشان کرد، باشە ئەوانەی دەڵێن کاتی ریفراندۆم نییە، ئایا رۆژێکی دیکەیان دیاریکردووە و بە بەڵگە سەلماندوویانە کە ئەو رۆژە کاتی ریفراندۆمە؟ ئێمە ئەوە سەد ساڵە چاوەڕێی ٢٥ی ئەیلوول دەکەین، ئایا سەد ساڵی دیکەش چاوەڕێ بکەین تا فرسەتی ٢٥ی ئەیلوولێکی دیکە دێتەپێشەوە؟ راشکاوانە دەڵێم: ئەوانەی پێیانوایە کە عەبادی و ترەمپ و پۆتین، لەکاتێکی گونجاودا سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ دەهێنن، ئەوانە بەهەڵەدا چوون. یان ئەو خەڵکانە پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە؟ لێرەدا دەخوازم ئاماژە بە قسەیەکی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکەم کە لەم رۆژانە لەوەڵامی هەمان پرسیاردا گوتی: ریفراندۆم ئامانج نییە، بەڵکو ریفراندۆم هۆکارێکە بۆ سەربەخۆیی. بۆیە ئەگەر ریفراندۆم هۆکارێك نەبێت بۆ سەربەخۆیی، ئەسڵەن هەر پێویست نییە ئەنجامی بدەین. ئێمە ئێستا لە وڵاتێکدا دەژین خۆمان پێی دەڵێن: (عێراقێکی فیدراڵی)، بەڵام پرسیاری من ئەوەیە کام لە سەرکردە عەرەبەکانی عێراق رۆژێك لە رۆژان لە لێدوان و قسەکانیاندا ئاماژەیان بە عێراقێکی فیدراڵی کردووە؟ ئەوان تەنانەت پابەند نین بەو رێککەوتنەی کە کردوومانە بۆ ئەوەی بەشێك بین لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا. جەنابی سەرۆك بارزانی لە چەند رۆژی رابردوودا لە پەیامێکدا زۆر بە راشکاوی باسی لە بڕینی قووتی خەڵکی کوردستان کرد. پرسیار ئەوەیە ئایا لایەنە سیاسییەکانی شیعە، مەرجەعە ئایینییەکانیان، کامیان لەسەر بڕینی قووتی ئەم میللەتە هاتەدەنگ؟ کاتێك نوری مالیکی بە بڕیاری خۆی بودجە و مووچەی کوردستانی بڕی، ئومێدم دەخواست یەکێك لە ئایەتوڵاکان (ئەوجا سیستانی بێت، یان یەعقوبی، یان حەکیم، یان سەدر، یان هەر کامێکی تریان)، وتارێکی پێشکەش بکردایە، یان فەتوایەکی دەربکردایە و ئیدانەی ئەم کارەی بکردایە، لەمەش کەمتر با یەکێك لە (وتارخوێنەکانی رۆژی هەینی) یان راسپاردایە کە بەناوی ئەوانەوە لە گوتاری رۆژی هەینیدا، فەتوایەکی بدایە کە ئەمە زوڵمە دەرهەق کوردستان دەکرێت، ئەو کات ئێمەش مەزندەیەکی ئەوتۆمان بۆ دروست دەبوو کە لە عێراقدا دەنگێکی هەق ماوە، بەڵام چۆن کاتی خۆی عەرەبەکان لە سەر کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ١٨٢ هەزار ئەنفالی کورد و ئەنفالی هەشت هەزار بارزانی و پێنج

هەزار لە فەیلییەکان بێدەنگییان بەرامبەر سەدام حوسێن پیشان دا، کە نە جامیعەی ئەزهەر و نە موفتییەکانی سعودیە و عێراق، کەسێك نەبوو بە سەدام بڵێت ئەمانەش میللەتێکی موسڵمانن و رۆژێك لە رۆژان سەرکردەیەکی ئیسلامی وەك (سەلاحەدینی ئەیووبی)یان هەبووە کە قودسی بۆ رزگار کردوون، زوڵمە ئەو میللەتە کۆکوژ دەکەیت، لە بەرامبەر ئەو زوڵمەش دەرهەق کوردستان کرا و قووتی خەڵکیان بڕی، کەسیان نەهاتە سەرخەت. دەسەڵاتدارانی ئێستای عێراق و ئەوانەی ئێستا گرفت بۆ کوردستان دروست دەکەن، هەر هەموویان لەژێر چەتری هێزی پێشمەرگە و لە چیاکانی کوردستان دەحەوانەوەو لەوێوە رێکخستنەکانی خۆیان لە ناوەڕاست و باشووری عێراق دەبووژاندەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئەمانیش هەمان قەوانە سواوەکەی سەدام حوسێن و حکومەتەکانی پێش ئەو و سەردەمی پاشایەتیی عێراق دووبارە لێدەدەنەوە. بۆیە پێویستە شیعەکانی ئێستای دەسەڵات لەبەغدا پەندیك لە مێژوو وەربگرن و وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە ئەوەی سەدام بە کوردی کرد و ئەو ئیمکانیاتەی لەبەردەستی سەدام بوو، نەیتوانی بە کیمیاباران و ئەنفال ئەم میللەتە لەناو ببات، ئایا ئێوە دەتوانن بەم عێراقەی ئێستا کە بە مەفهوومی سیاسی بوونی نەماوە، دژایەتی خواستی خەڵکی کوردستان بکەن؟

*** شیعەی عێراق پشتی بە ئێران بەستووەو ئێرانیش بەتەواوەتی هاتۆتە سەرخەت و بە ئاشکرا دژایەتی ریفراندۆم دەکات. وەك کەسێك کە ئاگاداری سیاسەتی ئیقلیمیت، ئایا ئەمە چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- زۆر بەداخەوە، کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی لە ساڵانی خەباتی شاخ، پشتیوانی لە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان کردووە، بێگومان ئەو کات ئێران بەرژەوەندیی خۆیشی هەبووە لەبەر ئەوەی لە شەڕێکی سەختی هەشت ساڵەدا بوو لەگەڵ عێراق، بەڵام ئێمەی کورد ئەو هاوکارییانەی ئێرانمان لەبەرچاوە و قەت رەتی ناکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە ئێران بۆ دەبێت دژی ریفراندۆمی کوردستان بێت؟ ئەم کیانە سیاسییەی وەك ئەمری واقیع لە باشووری کوردستان هەیە، لە دوای ساڵی ١٩٩١ـەوە تائێستا کیانێکی سەربەخۆ بووە و بە ئەمری واقیع خۆی ئیدارەی خۆی کردووە، هەروەها کوردستانیش کاتێك لەنێوان چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە، ئەوکاتە کۆماری ئیسلامی ئێران دانەمەزراوە، بۆیە زۆرجار لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی باسی ئەوەم کردووە، ئێوە بۆچی بە دیدێکی ئیسلامییانە کێشەی کوردی خۆتان چارەسەر ناکەن؟ هەروەها پێم وتوون لەگەڵ ئێش و ئازاری ئەم میللەتە رابوەستن، بەم کارەتان لەبری ئەوەی گرفتتان لەگەڵ ٦-١٠ ملیۆن کوردی خۆتان بۆ دروست بێت، بە یەکجاری زیاتر لە ٥٠ ملیۆن کورد دەکەنە دۆست و پشتیوانی خۆتان. هەروەها پێموتوون ئێمە هەموومان بڕوامان بەخوا هەیە و هەموومان دەڵێین خوا ئەم زەوییەی دروست کردووە، خوای گەورەش ئێمەی لەسەر ئەم جوگرافیایە دروست کردووە کە پێی دەڵێن کوردستان، ئایا ئێمە دەتوانین کوردستان بگوازینەوە بۆ ئەرژەنتین و بەڕازیل، یان ئایا ئێران دەتوانێت خۆی بگوازێتەوە بۆ سنووری چین و ژاپۆن، یان بچێتە جێگەی پاکستان و پاکستان ببێت بە دراوسێی ئێمە؟ بۆیە ئەمە ئیرادەی خوایە کە ئێمە دراوسێین و دەبێت هەوڵبدەین پێکەوە بژین، بەڵام سیاسەتی ئێران بەرامبەر ریفراندۆمی کوردستان هەڵەیە. من یەکێك بووم لەوانەی بەردەوام بەرگریم لە هاوکاری و پەیوەندی نێوان کوردستان و ئێران کردووە، بە گرینگیشم زانیوە بۆ هەر دوولا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە پەیوەندی دوولایەنی ئێران و کوردستان لە بەرژەوەندی هەر دوولا و لە بەرژەوەندیی رۆژهەڵاتی ناوینیشدایە، سەرەنجامیش لە بەرژەوەندیی ئاسایشی جیهاندایە. سەدام حوسێن لە ساڵی ١٩٧٥ لەچوارچێوەی رێککەوتنی جەزائیر و لە دژی شۆڕشی کورد وازی لە بەشێکی خاکی عێراق و شەتولعەرەب هێنا، بەڵام دوای چەند ساڵێك سەدام هاتەسەر تەلەفزیۆن رێککەوتنەکەی دڕاندو لێی پەشێمان بووەوە، بەمەش شەڕێکی ٨ ساڵە لە نێوان عێراق و ئێران دروست بوو، هەموو جیهان دوچاری شڵەژان هات، دواتر شەڕی کوەیت دروست بوو، بۆیە ئەمانە پێمان دەڵێن ئەگەر ئاسایش و سەقامگیری لە

**ئەوانەی پێیانوایە کە عەبادی و ترەمپ و پۆتین، لەکاتێکی گونجاودا سەربەخۆییمان بەدیاری بۆ دەهێنن، ئەوانە بەهەڵەدا چوون. یان ئەو خەڵکانە پرسیاری ئەوە دەکەن، ئایا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە؟ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەم رۆژانە لەوەڵامی هەمان پرساردا گوتی: ریفراندۆم ئامانج نییە، بەڵکو ریفراندۆم هۆکارێکە بۆ سەربەخۆیی. بۆیە ئەگەر ریفراندۆم هۆکارێک نەبێت بۆ سەربەخۆیی، ئەسڵەن هەر پێویست نییە ئەنجامی بدەین**

**ناکرێت بگوترێت لە کوردستاندا دوو بەرە هەیە، یەکێکیان لەگەڵ سەربەخۆییەو ئەو دیکەیان دژی سەربەخۆییە، ئەمە راست نییە و کوردستان یەک بەرەیە و ئەوەی کورد بێت و رۆژێک لە رۆژان خەبات و تێکۆشانێکی بۆ کوردستان کردبێت، بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە لە هیچ بەرەیەکی دیکەدا بێت، بێجگە لەبەرەی سەربەخۆیی**

**کێشەی گەورەی ئەم سنوورەی ڕێکخستنەکانی پارتی لەساڵانی ڕابردوو ئەوە بووە، لەم ناوچەیە گەورەترین ڕاگەیاندن هەبووە کە من ناڵێم دژ، بەڵام تەواو پێچەوانەی بیروبۆچوونەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لەم سنوورە نزیکەی ١١٨-١٣٠ کەناڵی سەتەلایت و تەلەفزیۆنی لۆکاڵ و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و گۆڤار و سایت، بەپێچەوانەی سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان کاری کردووە، لەبەرامبەر ئەمەدا ئەگەر بڵێم کاریگەری ئێمە لە خانەی سفر لەسەد بووە، لەوانەیە قسەیەکی هەڵەم نەکردبێت**

**چۆن دەبێت میللەتێک بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کرابێت و دەیان ساڵە لەژێر زەبری پۆستاڵی سەربازەکانی تورک و عەرەب و فارسدا بووبێت و تاکێکی ئەو میللەتە بوێریی ئەوەی هەبێت، بڵێت: من دژی سەربەخۆییم؟ ئەمە مانای ئەوەیە کاتێک دەڵێت: (نەخێر بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی) واتە دەیەوێت ئەو میللەتە هەر دیل و ژێردەستە بێت**

کوردستان تێکبچێت، ئاسایش و سەقامگیری بۆ جیهانیش نایەتەئاراوە.

*** ئێستا دەڵێن دەوڵەتی کوردستان دروستبوونی ئیسرائیلی دووەمە، ئایا بۆ دەبێت ئێمە ئیسرائیلی دووەم بین؟**

- با تەفسیرێکی لۆژیکانە بۆ ئەو قسەیە بکەین کە دەڵێن کورد دەبنە ئیسرائیلی دووەم. پرسیاری من ئەوەیە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی چ کێشەیەکیان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە؟ بێگومان عەرەبەکان دەڵێن خاکی عەرەبی داگیرکردووەو دەوڵەتانی ئیسلامییش دەڵێن خاکی دەوڵەتێکی ئیسلامی داگیرکردووە، بۆیە پرسیاری ئێمەش لەوان ئەوەیە: ئایا ئێوەش خاکی کوردستانتان داگیر نەکردووە؟ ئایا وەك داگیرکردن چ جیاوازییەك لە نێوانتاندا هەیە؟ ئەمە لە کاتێکدا ئێمە خاکی کەسمان داگیرنەکردووە و بەرگری لە خاکی خۆمان دەکەین و ئێمە بە ئێوە دەڵێین خاکی ئێمەتان داگیرکردووە.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوایین پەیامیدا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان ئاماژەی بەوە کردووە کە هیچ مەرجێکی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان نییە، ئایا پێتانوایە بزووتنەوەی گۆڕان چۆن پێشوازی لەم پەیامەی پارتی دەکات؟**

- من ئومێدەوارم بزووتنەوەی گۆڕان زۆر بە وردی و ئاقڵانە بیربکاتەوەو مامەڵە لەگەڵ ئەم پەیامەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، لەبەر ئەوەی پارتی لەم قۆناخەدا بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی لەبەرچاو گرتووە، ئەم پەیامەشی کە هیچ مەرجێکی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان نییە، وەك حزب نەناردووە، لەبەر ئەوەی پێشتر هەڵوێستی پارتی ئاشکرا بووە، بەڵام ئێستا پارتی کە ئەو پەیامەی ناردووە و ئامادەباشی خۆی پیشانداوە بە بێ مەرج کێشەکان چارەسەر بکرێت، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەیە کە پارتی وەك حزبێکی گەورە ئەرکێکی گەورەی نەتەوەیی لەسەرشانە و لە پێناوی ئەم ئەرکە نەتەوەییە هەتا ئەگەر ناویشی لێ بنێن (تەنازول)، ئەوا لە پێناوی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەییمان تەنازولی لە بەرژەوەندیی حزبیی خۆی کردووە، ئەمەش ئامادەباشیی پارتییە، بۆ ئەوەی ئامادەین پێکەوە بەرنامەیەکمان هەبێت بۆ سەرخستنی پرۆسەی نەتەوەیی، بۆیە من بە دووری نابینم کە دەرگایەك دەکرێتەوە، هەروەها دەبێت بارودۆخی ئەم دەڤەرەش لەبەرچاو بگیرێت، ئەو گۆڕانکارییەی بە سەر بارودۆخ و خەڵك و جەماوەری ئەم دەڤەرەدا هاتووە، دەبێت حیسابی بۆ بکرێت، ئەگەر لایەنێك پێیوابێت هەتا دوێنێ خاوەنی ئەوەندە پێگەی جەماوەری بووە، ئەوە ئەمڕۆ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووش ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ئەم دەڤەرەدا هاتوون زۆر باش پیشان دەدات.

*** ڕاشکاوانەتر ئایا بەم دەستپێشخەرییەی پارتی، زەمینەیەك دێتەئاراوە بۆ ئەوەی پارتی و گۆڕان پێکەوە دابنیشن و خۆیان کێشەکان چارەسەر بکەن و چیتر چاوەڕێی پرۆژەی لایەنەکانی دیکە نەکەن؟**

- پارتی چەندین دەستپێشخەریی دیکەشی پێشکەش کردووە، بەڵام گرفتی سەرەکی تا ئێستا نەبوونی متمانە بووە، ئەگەر ئەو متمانەیە لەنێوانماندا دروست بێت، کێشەکانی دیکە هەموویان قابیلی چارەسەرکردنن، بۆیە پێشتریش وتم، پێویستە گۆڕان زۆر بە هۆشیاری و ئاقڵانە مامەڵە لەگەڵ ئەم پرسە بکات. پارتی ئامادە بووەو ئامادەیە لە بەهێزترین حاڵەتدا و بۆ بەرژەوەندیی پرسە نەتەوەییەکان، هەمیشە دەستی برایەتی و پێکەوەژیانی درێژکردووە، بۆیە ئەگەر گۆڕان بە شێوەیەکی ئەرێنی مامەڵە لەگەڵ پەیامەکەی پارتی بکات، زۆر مانۆڕی سیاسیش کۆتایی پێدێت کە لەسەر ئەم دۆخە خراپەی نێوان پارتی و گۆڕان دەکران، ئیدی هەر حزبێك پرۆژەیەك ناهێنێت بۆ ئەوەی کێشەکانی نێوان گۆڕان و پارتی چارەسەر بکات. بۆیە پێموایە هەردوولا (پارتی و گۆڕان) ئەوەندە توانامان هەیە کە خۆمان کێشەکانی نێوان خۆمان چارەسەر بکەین.

*** پارتی دیموکراتی کوردستان تەنیا پەیامی ئاراستەی گۆڕان کردووە، ئایا نەدەکرا پەیامێکیش ئاراستەی کۆمەڵی ئیسلامی بکەن بۆ ئەوەی کێشەکان لەگەڵ کۆمەڵیش کۆتایی بهاتایە؟**



- بڕوا بکەن وەك شەخسی خۆم، هەتا ئێستاش نازانم گرفتەکانی کۆمەڵ لەگەڵ پارتی چین، یان گرفتەکانی ئێمە لەگەڵ کۆمەڵ چین. هەندێك جار ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم، بۆچی کۆمەڵی ئیسلامی ئەم هەڵوێستەی وەرگرتووە، وەك دەڵێن کەوچکی لە ئاگر گەرمترە؟ هەر بۆ نموونە ماوەیەك پێش ئێستا سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، ئەگەر فلان لایەن دۆست بێت، ئێمە لەگەڵ کۆمەڵ خزمین. جەنابی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی راستەخۆ چوو لەگەڵ مامۆستا عەلی باپیر لە بارەگای ئەوان لەگەڵی کۆبووەوە، ئەمەش واتە هەموو دەرگاکان هەمیشە لەنێوان پارتی و کۆمەڵ کراوەن، یان زۆر جاری دیکە پرسیار لەخۆم دەکەم، ئایا کۆمەڵی ئیسلامی هەڵوێستەکانی جەنابی سەرۆك بارزانی لەبەرچاو ماوە، کاتێك مامۆستا عەلی باپیر لە بەندیخانە بوو؟ من خۆم بەشەخسی ئاگاداری ئەو هەڵوێستانەم و مامۆستا عەلی باپیریش باش دەزانێت، با ئەمە لە گۆڤاری گوڵان بخوێنێتەوە، کە سەرۆك بارزانی چەند خەمخۆری مامۆستا عەلی باپیر بووە، هەر بۆنموونە جەنابی سەرۆك بارزانی بە مندا چ پەیامێکی بۆ کۆمەڵی ئیسلامی هەبووە و چەند هەوڵیداوە کە مامۆستا عەلی باپیر لەو میحنەتە رزگار بکات، سەرۆك فەرمانی بەمن کردو پێی گوتم: کاك ئەدهەم خۆت چاودێر بە، بۆیە ئەمە دەڵێم سەرۆك بارزانی هەمیشە و لەهەموو قۆناخەکاندا لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی راوەستاوە، زیاتر لە لایەنەکانی دیکە، بۆیە دەڵێم دەبێت هەندێك شتمان لەبیر بێت، جەنابی سەرۆك هەڵوێستی بەرامبەر کۆمەڵی ئیسلامی بەمجۆرە بووە، پرسیار ئەوەیە بۆچی کۆمەڵی ئیسلامی کەوتە وەرگرتنی ئەو هەڵوێستە بەرامبەر پارتی؟.

*** دوایین پرسیار، ئایا ئەگەر کێشەکانی پارتی لەگەڵ گۆڕان چارەسەرکران، مانۆڕی سیاسی کۆتایی دێت؟**

ئەگەر هەموو لایەك دووربکەونەوە لەدەستی دەرەکی، بە گەشبینیەوە دەڵێم بەڵێ کۆتایی دێت.

**ئەو خەڵکانەی لە دەڤەری سلێمانی و هەڵەبجە خۆیان بە مورید و دەروێشی رێبازی بارزانی دەزانن، چەندین جار ژمارەیان زیاترە لەو ئەندام و کادرانەی پارتی کە بە فیعلی و فەرمی لەناو رێکخستنەکانی پارتیدا کاردەکەن، ئەمەش مانای ئەوەیە خەڵکانێک هەن لە پارتی و رێبازی بارزانی دەرنەچوون، بەڵکو بەهۆی بایەخنەدان بە بیروبۆچوونیان و خەبات و قوربانیدانیان جۆرە دوورکەوتنەوەیەک دروست بووە، بۆیە دەبێت ئەم خەڵکە دڵسۆزەش ئاشت بکرێنەوە**

# بەرپرسیارێتیی جیهان بەرامبەر باشووری کوردستان لە چوارچێوەی ڕێسای مافی چارەی خۆنووسیندا

پرسیارگەلێکی زۆر لەسەردەمی لەناوبردنی کۆڵۆنیالیزم هاتنەئاراوە سەبارەت بە پەیوەندیی لەنێوان ماددەی (٤/٢)ی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و لەنێوان بەکارهێنانی هێز لەکاتی نکۆڵیکردن لە مافی چارەی خۆنووسینی گەلان، بەوەی کە ئایا ماددەی ناوبراو ڕێگەدەدات هێز لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسیندا بەکاربهێنرێت؟

لەئێستادا بۆچوونێکی نەگۆڕی نێودەوڵەتی لەئارادایە دەربارەی ئەم پرسیارە، شتێکی بەدیهییە کە بەکارهێنانی هێز بۆ مەرامگەلی مافی چارەی خۆنووسین لە یاسای سەردەمییانەی نێودەوڵەتیدا ڕێگەپێدراوە، بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی مافی خەباتی چەکداریان هەبووەو هەیە دژی کۆڵۆنیالیزم یان داگیرکار یان ڕژێمەکانی جیاوازکاری، ئەم ڕێسایە نێودەوڵەتییەش پیادەکردنی گشتییە وهەڵاوێرکردنیش لەخۆدەگرێت لەوحوکمەی لە ماددەی (٤/٢)ی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە، بەڵام پرسیارێکی دیکە دێتە پێشەوە دەربارەی ئەوەی کە ئەو بزووتنەوانە مافیان هەیە یارمەتیی سەربازی لە دەوڵەتانی سێیەم وەربگرن کە بەشێك نەبن لەو ململانێیە؟ بە گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانین بڵێین کە ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گشتی جەختیان کردۆتەوە لەسەر مافی پێشکەشکردنی هاریکاریی پێویست بۆ ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە کە نوێنەرایەتیی گەلانی خەباتگێڕ دەکەن لەپێناو سەربەخۆییدا، ئەمەش لەم بڕگانەی خوارەوەدا باسی دەکەین:

١- مافی کوردستانی عێراق لە خەباتی چەکداریدا:

**بە گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانین بڵێین کە ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی گشتی جەختیان کردۆتەوە لەسەر مافی پێشکەشکردنی هاریکاریی پێویست بۆ ئەو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانە کە لە پێناو سەربەخۆییدا نوێنەرایەتیی گەلانی خەباتگێڕ دەکەن**

ئەو مافە دوای جەنگی دووەمی جیهانی و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازیی میللی لەپێناو وەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزم و چەوسانەوە ڕۆڵی گەورەی بینی لە سەربەخۆبوونی چەندین دەوڵەت، کە بەرەبەرە ژمارەیان زیادی کرد، هەر ئەو مافە ڕۆڵی گرنگی هەبوو لە ژیانی نێودەوڵەتیدا، کاتێ بووە فشار بۆ دەرکردنی ڕێساگەلێکی تازە کە پارێزگاریی لە مافی گەلان بکات بۆ دیاریکردنی چارەنووس و ڕزگاربوون لە کۆڵۆنیالیزم، کە دواتر لە جاڕنامەی کۆمەڵەی گشتیدا ژمارە (١٥١٤)ی ١٤ی کانونی یەکەمی ١٩٦٠ جێگیرکرا، بە هەڵوەشانەوەی کۆڵۆنیالیزم و پێدانی مافی سەربەخۆیی بە گەلان، بەم شێوەیە سەیری خەباتی چەکداریی گەلان دەکرا لەپێناو سەربەخۆیی و ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین، کە جۆرێکە لە مافی بەکۆمەڵ کە بۆ گەلانی ژێردەستەوە چەوساوە بڕیاری لێدراوە.

هەروەها کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتیدا تایبەت بە پاکتاوکردنی کۆڵۆنیالیزم و ڕزگارکردنی گەلانی چەوساوە دانی بەو مافەدا ناوە، یەکەم دانپێدانانی فەرمیش لەمیانی ڕاسپاردەی ژمارە( ٢٠١٥)دا هات کە لە ساڵی ١٩٦٤ دەریکرد، لەم ڕاسپاردەدا کۆمەڵەی گشتی ڕوونی کردەوە کە داندەنێت بە ڕەوایەتیی خەباتی گەلانی ژێردەستەی کۆڵۆنیالیزم لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییدا. کۆمەڵەی گشتی داوای لە دەوڵەتان کرد کە کۆمەکی ماددی و مانەوی پێشکەش بە بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی بکەن لە هەرێمە



پ.ی.د.ڤالا فەرید*

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

کۆنۆڵیالییەکاندا. هەروەها بڕیاری کۆمەڵەکە کە لە ١٩٦٥/١٢/٢٠ دەرچووە تایبەت بە دانان بە ڕەوایەتیی خەباتی گەلان لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییدا. هاوکات ئەو بڕیارەی لە ١٩٦٦/١١/٣٠ دەرچوو، کە تەئکید لە مافی گەلان دەکاتەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووس، هەروەها بڕیاری ژمارە(A ٢١٨٩) کە لە ١٩٦٦/١٢/١٣ دەرچوو کە ڕوونی کردۆتەوە بەوەی کە بەردەوامبوونی حوکمی کۆلۆنیالیزم هەڕەشەیە بۆ ئاشتیی نێودەوڵەتی. دیسان بڕیاری ژمارە ((٢٦٢٥ (٢٥) )) ی کۆمەڵەی گشتی لە ١٩٧٠/١٢/٢٥ کە هەموو کارێکی زۆرەملێیی دژ بە گەلانی خەباتگێڕ لەپێناو سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین یاساخکرد، بە مەبەستی بێ بەشبوونیان لەو مافانەوەئەو مافەی کە لە پرەنسیپی یەکسانیبوونی گەلاندا سەرچاوەدەگرێت، هەروەها بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە ((٢٩٣٦ (٢٧) )) لە ١٩٧٢/١٢/٢٩ ڕوونی دەکاتەوە کە شێوازگەلی ڕەوا بۆ بەکارهێنانی هێز بریتین لە بەرگریکردنی شەرعیی لەخۆ، گەڕاندنەوەی هەرێمە زەوتکراوەکان، خەباتی گەلانی چەوساوە لەپێناو ئازادیدا. کۆمەڵەی گشتی لە جاڕنامەکەیدا تایبەت بە( پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی پەیوەست بە پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و هاوکاریی نێوان دەوڵەتان بەپێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان)ی ساڵی ١٩٧٠، جەختی کردۆتەوە لەسەر بەکارنەهێنانی هێز دژی گەلان بەشێوەیەك بێ بەشیان بکات لە مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و سەربەخۆیی.

لەبەر ئەوە پەنابردنی ڕژێمی عێراق بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی دژی هەرێمی کوردستان لەو کاتەی هەرێم مافی خۆی پیادەبکات بۆ سەربەخۆیی بە پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی دەژمێردرێت تایبەت بە پێدانی ماف بە گەلان تاکو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. هاوکات پێشێلکردنی دەقی مادده(٨)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق و پابەندبوونی دەوڵەتانە بەو واقیعەی لە ئەستۆیاندایە بە بەرنەگرتن لە گەلی کوردستان دژی بەدیهێنانی سەربەخۆیی.

جاڕنامەکە لەم بارەوە ئەم دەقەی تێدا هاتووە:

( لەسەر هەموو دەوڵەتێك پێویستە پەنا بۆ ڕێکاری ڕێگرتن نەبەن کە ببێتە مایەی بێ بەشبوونی گەلان لە مافی چارەی خۆنووسین و ئازادی و سەربەخۆییان، کاتێکیش بەرامبەر ئەو ڕێکارانە دەوەستنەوە یان بەرهەڵستی دەکەن لەبەر مافی خۆیان لە دیاریکردنی چارەنوسیان، ئەو کاتە مافی خۆیانە کە هەوڵبدەن کۆمەك وەربگرن بەپێی ئامانج و پرەنسیپەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیە ).

جاڕنامەی پرەنسیپەکانی پەیوەندیی دۆستایەتی ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەی تێدایە تایبەت بە مافی گەلان کە( بەرهەڵستی هەموو ڕێکارێکی ڕێگەگرتن دەکەن یان بەرگری دەکەن) لەبەر ئەوەی مافی خۆیان پیادەکەن بۆ دیاریکردنی چارەنووس، بۆ خەبات لەپێناو ئەو ئامانجەو داواکردن و وەرگرتنی هاوکاری، بەپێی پرەنسیپەکانی ڕێکەوتننامەکە و جاڕنامەی ناوبراو، هەروەها ڕاسپاردەی تایبەت بە پێناسەکردنی دوژمنایەتی لە ماددەی حەوتەمیدا باس لەوە دەکات کە لەم پێناسەدا هیچ شتێك ناکۆك نییە لەگەڵ مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی و ئازادی کە بەزەبری

**کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکی دیکەی نێودەوڵەتیدا تایبەت بە پاکتاوکردنی کۆلۆنیالیزم و ڕزگارکردنی گەلانی چەوساوە دانی بەو مافەدا ناوە، یەکەم دانپێدانانی فەرمیش لەمیانی ڕاسپاردەی ژمارە( ٢٠١٥ )دا هات کە لە ساڵی ١٩٦٤ دەریکرد، کە داندەنێت بە ڕەوایەتیی خەباتی گەلانی ژێردەستەی کۆلۆنیالیزم لەپێناو مافی چارەی خۆنووسین و سەربەخۆییدا**

**گەلانی کۆڵۆنیال، یان ژێردەستەی رژێمێکی ستەمکار مافی ئەوەیان هەیە هێز بەکاربهێنن دژی ئەو دەوڵەتەی کە رێگە لە پیادەکردنی مافیان دەگرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، ئەو گەلانە دەتوانن لەمیانی خەباتکردنیان بۆ سەربەخۆیی و رزگاری سوود لە کۆمەکی مرۆیی و دارایی و سیاسی وەربگرن**

**ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە رەگەزپەرست و دەسەڵاتدارەکانی عێراق رووبەڕووی نکوڵیکردن بێتەوە لەو مافەدا، ئەوا لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایش پێویستە بەپێی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی کە لە رێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، هەموو رێکارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو دوژمنکارییە**

هێز ئەو مافەی لێ زەوت کراوە، بە تایبەتیش گەلانی ژێردەستەی رژێمە کۆنۆڵۆنیالیزم و رەگەزپەرستەکان، یان هەر شێوەیەکی هەژموونی بیانی، هەروەها ناکۆك نییە لەگەڵ مافی ئەو گەلانە لە خەباتکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، هاوکات بۆ گەڕان بەدوای وەرگرتنی هاوکاری لە هێزە دەرەکییەکان.

لە کۆتاییدا، کۆمەڵەی گشتیی لەوەتەی ساڵی ١٩٧٣ وە بڕگەی دووەمی راسپاردەی ساڵانەی خۆی تەرخانکردووە تایبەت بە (گرنگیی بەدیهێنانی جیهانیی بۆ مافی چارەی خۆنووسینی گەلان و خێراکردنی رێزگرتن لە مرۆڤ) بۆ دووپاتکردنەوەی خەباتی چەکداری وەك ئامرازێکی رەوا لەپێناو بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادیدا، ئەم شێوازەی بە یەکجاریی لە ساڵی ١٩٩١ گۆڕی بەم دەستەواژەیە: ( بەکارهێنانی گشت ئامرازگەلی بەردەست بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ئازادی).

بۆیە، لەوەتەی دەرچوونی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی ژمارە( ١٥١٤) بە پێدانی سەربەخۆیی بە وڵاتان و گەلانی کۆڵۆنیال و دواتر دەرچوونی بڕیارگەلێکی دیکە لە کۆمەڵەکەوە کە تەئکید لە مافی ئەو گەلانە دەکاتەوە لە بەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین و شەرعییەتدان بە خەباتی ئەو گەلانە بە هەموو ئامرازێکی بەردەست، لەوانەش پەنابردن بۆ هێزو خەباتی چەکداری، هەروەها وەرگرتنی هاوکاریی ماددی و مانەوی بە مەبەستی گەیشتن بە پیادەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، لەو کاتەوە پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری بۆتە ئامرازێك بۆ پاراستنی مافی گەلانی چەوساوە تا ئەو کاتەی سەربەخۆیی بەدەست دێنن.

٢- مافی کوردستانی عێراق لە بەدەستهێنانی کۆمەکی پێویست لە دەوڵەتانی سێیەم:

بە گەڕانەوە بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیوەست بە بە مافی بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لە وەرگرتنی یارمەتی لە دەوڵەتانی سێیەمەوە کە لایەنێکی ململانێیەکە نەبن، دەکرێ بڵێین کە ئەو راسپاردانەی لە کۆمەڵەی گشتییەوە دەرچوون - بە سازان و رازیبوون- تەئکید دەکەنەوە لە مافی پێشکەشکردنی کۆمەکی پێویست بۆ گەلانی خەباتگێڕ لەپێناو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و ئازادیدا، جاڕنامەی کۆمەڵەی گشتی کە بەپێی راسپاردەی کۆمەڵەی گشتی ژمارە(١٠٣/٣٦) ١٩٨١دەرچووە، تایبەت بە رێگەنەدان بە دەستتێوەردان دەرحەق بە دەوڵەتان و ئەرکیان لە پشتیوانیکردنی مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، لەوانەش مافیان لە خەباتی چەکداری و سیاسی لەپێناو بەدیهێنانی ئازادیدا، هەروەها راسپاردەکە تایبەت بە پێناسەکردنی ئەو دوژمنکارییەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ماددەی حەوتەمدا جەختی لێکردۆتەوە روونی دەکاتەوە کە هیچ شتێك لەو پێناسەدا نییە کە ناکۆك بێت لەگەڵ مافی گەلان بۆ دیاریکردنی چارەنووس و سەربەخۆیی و ئازادی کە بەزۆر لێیان زەوت کرابێت، بەتایبەتیش گەلانی ژێردەستەی رژێمە کۆڵۆنیالیزم و رەگەزپەرستەکان، هەروەها ناکۆك نییە لەگەڵ مافی ئەو گەلانە کە خەبات بکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە و گەڕان بەدوای کۆمەك و یارمەتی لەم بوارەدا.

بۆیە گەلانی کۆلۆنیال یان ژێردەستەی رژێمێکی ستەمکار مافی ئەوەیان هەیە هێز بەکاربهێنن دژی ئەو دەوڵەتەی کە رێگە لە پیادەکردنی مافیان دەگرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان، ئەو گەلانە دەتوانن لەمیانی خەباتکردنیان بۆ سەربەخۆیی و رزگاری سوود لە کۆمەکی مرۆیی و دارایی و سیاسی وەربگرن.

بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە هاوکاریی سەربازییەوە، ئەوا یاسای نێودەوڵەتی بێلایەنە لەهەمبەر پێشکەشکردنی کۆمەکی سەربازی بە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لەلایەن دەوڵەتێکی سێیەمەوە، چونکە ئەو دەوڵەتە سێیەمە لە رووی یاسایەوە مافی نییە کۆمەکی سەربازیی بداتە ئەو بزووتنەوانە، بەڵام ئەو کۆمەکە سەربازییەکە - هەروەك فیقهی نێودەوڵەتی دووپاتی دەکاتەوە- لە هەموو حاڵەتێکدا نابێ بگاتە ئەو ئاستەی کە هێزی سەربازی رەوانەبکرێت، دەستتێوەردانی راستەوخۆی سەربازی بۆ پشتیوانیکردن لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی لە چوارچێوەی کۆمەکی سەربازی دەردەچێت، جاڕنامەی پرەنسیپەکانی پەیوەندیی دۆستایەتی کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە، جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی مافیان هەیە هەوڵبدەن پشتیوانیی بەدەست بهێنن و ئەو پشتیوانییەش بەپێی ئامانج و پرەنسیپەکانی رێکەوتننامەکە وەربگرن، هەروەها زانراوە کە گرنگترین

ئامانجی نەتەوە یەکگرتووەکان پاراستنی ئاشتی و بەردەوامبوونیەتی، ئەو ئاشتییەش لە ئەنجامی دەستتێوەردانی فراوانی سەربازی لە بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نیشتمانی ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەو دەستتێوەردانە سەربازییە سنووردار بوو ئەو کاتە نابێتە هەڕەشە بۆ ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ئەگەر ئەمە ئاراستە گشتییەکە بێت لای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە نەتەوە یەکگرتووەکان نوێنەرایەتیی دەکات، کەواتە پێویستە جەختبکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە مافی بەکارهێنانی هێزو وەرگرتنی یارمەتی لەوانەش یارمەتیی سەربازی لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆنووسین لە سیستەمی یاسای نێودەوڵەتیی سەردەم، تەنیا بۆ گەلە ژێردەستەو چەوساوەکانە کە نۆڕم و پێوانەی نێودەوڵەتییان هەیە کە دەتوانن مافی چارەی خۆنووسین پیادەبکەن. لێرەدا پەیوەندییەکی ئۆرگانی هەیە لەنێوان گەل وەك کەسێك لە کەسەکانی مافی چارەی خۆنووسین و لەنێوان ئەو مافەدا.

راپۆرتی (کریتسکو) (Critescu Report) کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨١ بڵاوی کردەوە باس لەو نۆڕمە دەکات کە دەبێت لەو گەلەدا هەبێت تاکو بتوانێت مافی چارەی خۆنووسینی پیادەبکات، ئەو نۆڕمەش ئەم توخمانە لەخۆدەگرێت:١- دەبێ ئەو کۆمەڵە زمان و کەلتوورێك و ئایینێکی جودای هەبێت.٢- دەبێ مێژوویەکی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵیە هەبێت.٣- پێویستە پەیمانێك هەبێت لەنێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵیە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆیان.٤- دەبێ ئەو کۆمەڵیە سەر بە هەرێمێك بن.

هەموو ئەو توخمانە لە گەلی کورددا هەن، ڕووبەرێکی هاوبەشی جوگرافیی هەیە کە (هەرێمی کوردستانی عێراقە)، هەروەها زمانێکی هاوبەش و داب و نەریت و خەباتی هاوبەش لەپێناو بەرگریکردن پارێزگاریکردن لە ناسنامەی خۆی کە (ناسنامەی کوردستانییە).

دەگەڕێینەوەو دەپرسین: هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی چییە لە پێشێلکردنی ڕێسای مافی گەلان لە چارەی خۆنووسین وەك ڕێسایەکی نێو یاسای نێودەوڵەتی؟ ئایا پێشێلکردنی لەلایەن عێراقەوە سەرپێچییە لە پابەندبوونێکی بێگومان کە بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتیی دەکەوێتە ئەستۆ؟

ئێمە لێرەدا دوودڵ نین لە ورووژاندنی بابەتی بەرپرسیارێتیی نێودەوڵەتی، کاتێ یاسای نێودەوڵەتی دەڵێت لەسەر دەوڵەتان پێویستە بەپێی توانا شوێنەواری هەر کردارێك لابەرێت کە پێشێلی ڕێسایەکی نێو یاسا گشتییەکانی نێودەوڵەتی دەکات و دەبێ پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو ڕێسایە ڕێکبخەن. لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە پێشتر باسمان لێکرد، دەڵێین کە نکۆڵیکردنی هێزە زەوتکارەکانی دەسەڵات لە عێراق لەهەمبەر مافی چارەی خۆنووسینی هەرێمی کوردستان، بۆیان ئاسان نییە نکولّی لە مافی ئەو گەلە بکەن ئەگەر پەنا بباتەبەر هێزو بەرگریی چەکداری بە مەبەستی گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین، چونکە دیارە ئەو بڕیارانەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوون، بەتایبەتیش لە کۆمەڵەی گشتی، تەنیا بە راپۆرتێك نەوەستاوە بۆ رەوایەتیدان بە پەنابردنی گەلان بۆ هێزی چەکداری لەپێناو سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین، بەڵکو داوای لە دەوڵەتانی دیکە کردووە کە هەموو جۆرە یارمەتییەکی ماددی و مانەوی پێشکەش بەو گەلانە بکەن.

ئەوەی پاساو دەداتە هەرێمی کوردستان کە پەنا بباتە بەر هێزی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە مافی چارەی خۆنووسین، لەوەدایە کە ئەو مافە مۆرکی ئەو ڕێسایانەی پێدراوە کە بەردەست بێت، واتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە وەك نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانە ببێتە لایەنی بەرپرسیار لە بەدیهێنان و پاراستنی ئەو مافە، ئەگەر هاتوو هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە رەگەزپەرست و دەسەڵاتدارەکانی عێراق ڕووبەڕووی نکۆڵیکردن بێتەوە لەو مافەداو ئەمەش ببێتە دوژمنکارییەك و پێشێلکردنێکی پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی، ئەوا لەسەر نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبەتیش ئەنجومەنی ئاسایش پێویستە بەپێی سیستەمی تازەی نێودەوڵەتی کە لە ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە، هەموو ڕێکارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ کۆتاییهێنان بەو دوژمنکارییە، بەڵام ئەگەر سستی نواند یان دەستەوەسان بوو بەهۆی ئەوەی کە دەستدرێژیکار ڕێز لە ڕێسای مافی گەلان ناگرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووس، ئەو کاتە هەرێم پاساوی دەبێت کە پەنا بۆ هێز بەرێت، بۆ بەرپەچدانەوەی دوژمنکارییەکە بەپێی ڕێکەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و پرەنسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

---


***سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان**

**ئەوەی پاساو دەداتە هەرێمی کوردستان کە پەنا بباتە بەر هێزی چەکداری بۆ بەرگریکردن لە مافی چارەی خۆنووسین، لەوەدایە کە ئەو مافە مۆرکی ئەو ڕێسایانەی پێدراوە کە بەردەست بێت، واتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە وەک نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان ببێتە لایەنی بەرپرسیار لە بەدیهێنان و پاراستنی ئەو مافە**

**هەموو ئەو توخمانە لە گەلی کورددا هەن، ڕووبەرێکی هاوبەشی جوگرافیی هەیە کە (هەرێمی کوردستانی عێراقە)، هەروەها زمانێکی هاوبەش و داب و نەریت و خەباتی هاوبەش لە پێناو بەرگریکردن پارێزگاریکردن لە ناسنامەی خۆی کە ناسنامەی کوردستانییە**



دوای ئەزموونە شکستخواردوو و تاڵەکانی کوردستان لەگەڵ عێراقدا، لە ئێستادا کوردستان گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە ڕێگای خۆی بگرێتەبەر و هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵبگرێت، لەم رووەوە ریفراندۆم بۆتە ئامرازێك تاوەکو بەو ڕێکارە رەوایە کوردستان بتوانێت مومارەسەی مافی بڕیاردانی چارەنووس بکات، بەرەوپێشچوونی ئەم پرۆسەیە و چۆنیەتی چڕکردنەوەی هەوڵەکان بۆ ئامادەکاری و زەمینەسازیکردنی و تۆکمەکردنی یەکڕیزی ناوخۆیی و بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان، بوونە تەوەری دیمانەیەکی گوڵان لەگەڵ کەسایەتی دیار و سیاسەتمەدار محەمەد رەئوف، ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



### سیاسەتمەدار محەمەد رەئوف بۆ گوڵان:

# دوای دیاریکردنی رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم پرسی ئێمە پێشکەوتووە و گەیشتۆتە ئەنجومەنی ئاسایش

## رزگارکردن و کاولکردنی موسڵ دەبێتە سەرەتای شەڕی سوننەو شیعە

*** دەوڵەت بۆ نەتەوە بەرجەستەبوونی ئیرادەی ئەو نەتەوەیە پیشان دەدات، بۆیە ئەگەر نەتەوەیەك خاوەن دەوڵەت نەبوو، ئەوا ئەو نەتەوەیە وەك ئەوە وایە بوونی نەبێت، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تاچەند دەوڵەت بۆ هەر نەتەوەیەك مافێکی راستەقینەیە؟**

- قسەکردن لەسەر نەتەوەو دەوڵەت بۆ کورد وەکو ئەوە وایە قسە لەسەر شتێکی بەڵگەنەویست بکەیت. تا ١٠٠ ساڵ لەمەوبەرو پێش جەنگی یەکەمی جیهانی سرووشتی بوو نەتەوەکان بە نەتەوەی کوردیشەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی گەورە بن، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دنیا دابەش کرا بەسەر ئەو نەتەوانەی مێژوو و خاك و کەلتووری تایبەت بەخۆیان هەبوو، هەر هەموویان بوونە دەوڵەت، تەنیا کورد نەبێت، ئەوەتا نەتەوەی عەرەب ٢١ دەوڵەتی هەیە و تورکیاش لەسەر پاشماوەی رۆم و بیزەنتی کرایە دەوڵەت، ئەمە لەکاتێکدا نەتەوەی کورد لەناوچەکەدا لە عەرەب و تورك کۆنترە، کەچی مافی بەدەوڵەتبوون بە کورد رەوا نەبینراوە. دواتر مەسەلەی نەتەوە و کوردبوونمان مەسەلەیەکی خواکردەو خوای گەورەو میهرەبان

**دەبێت خۆمان لەو شەڕە بە دوور بگرین، چونکە شەڕێکی بێ کۆتاییە،و شیعە هاتووە بۆ تۆڵەسەندنەوەی هەشت سەدەو نیو و دەڵێن نزیکەی هەزار ساڵە ئەم دەوڵەتە هی ئێمە بووە و لێمان زەوتکراوە، سوننەش وادەزانێت ئەم خاکە خوا دروستی کردووە بۆ ئەوان و موڵکی ئەوانە**

**ئەگەر فشاری ئەمریکا و ئەوروپا لەسەر ئێران زیاتر بێت و بارودۆخی ئێران نارەحەت بکەن، ئەوا گەڕێکی گەورەی شەڕی شیعەو سوننە لەوێوە دەست پێ دەکات و بە دووری نازانم جارێکی تر لە پێنج ساڵی داهاتوودا سوننە بەغدا بگرنەوەو عێراق بکەوێتەوە ژێر دەستی سوننەی عێراق، ئەوکات شەڕەکە زۆر توندترو ئاڵۆزتر دەبێت**

**ئابووریی جێگیر دەبێت داهاتەکەی بخاتە خزمەتی خەڵک ئەو کات حکومەت بەباجی خەڵک دەژی و حکومەت بە نرخ و کرێی خزمەتگوزارییەکانی کە داویەتی بە خەڵک سەربەرزانە دەژی. حکومەتی پێشکەوتوو ئەوەیە حکومەت مووچەخۆری خەڵک بێت، نەک بە پێچەوانەوە خەڵک مووچەخۆری حکومەت بێت**

ئێمەی بە کورد دروست کردووە. کەم نەتەوە هەیە وەك کورد خاوەنی زمان و خاك و کەلتوور و مێژووی تایبەت بەخۆی بێت و بە هەزاران ساڵیش مابێتەوە و درێژەی هەبێت. لە ئێستاشدا جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هەرچی یاساو بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان هەیە، ئەو مافەیان بەگەلی کورد داوە کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت، هەموو دنیا لەسەر ئەوە کۆکە هەر نەتەوەیەك مافی سرووشتی خۆیەتی ئەگەر بە زۆرینە داوای ئەوەی کرد شێوە ژیانێکی سیاسیی دیاریکراو لەسەر خاکی خۆی پیادە بکات، ئەوا پێویستە ئەو مافەی پێبدرێت. هەرچەندە مشتومڕ هەیە لەسەر دەستەواژەی پێدانی ماف، چونکە کێ هەقی داوە بەو کە ئەو ماف بە من بدات؟ لەبەر ئەوە دەبێت ئێمە بڕیار لە مافی خۆمان بدەین. دەشکرێت بڕیار بدرێت لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکەدا بژین، وەکو ئەوەی لە ساڵی ٢٠٠٣ بڕیارمان دا لەگەڵ عێراقێکی فیدڕاڵی و دیموکراتی بمێنینەوە، بەڵام ئەو عێراقە نە دیموکراتی و نە فیدڕاڵی بوو، ئەوانەی عێراقیان بەڕێوەبردو ئێستاش بەڕێوەی دەبەن، تۆزقاڵێك باوەڕیان بە دیموکراسی و بە سیستم و بە دەوڵەتی دیموکراتی نییە.

*** ئایا تاچەند لە روانگەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە پشتگیری لەدەوڵەت وەك مافی هەر نەتەوەیەك باسی کراوە، ئەگەر نەتەوەیەکی موسڵمان ئەو مافە بۆ نەتەوەیەکی دیکەی موسڵمان بەهەق نەزانێت، ئایا تاچەند مافی ئەو نەتەوە موسڵمانە پێشێل دەکرێت؟**

- وەڵامی ئەم بابەتەم پێشتر بە زمانی عەرەبی بۆ گۆڤارەکەتان ناردووەو بە کوردی بڵاوتان کردۆتەوە؛ پەیامەکەم بۆ هەرسێ نەتەوەی عەرەب و تورك و فارس بوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە بە عەرەبی نووسیم، کە ئەوانە سێ کۆمەڵگەی موسڵمانن و حکومەتەکانیان باوەڕیان بە ئیسلام و ئایین و شەریعەت هەیە. ئەگەر بە پێوەری قورئانی پیرۆز بێت، ئەوا تەنیا شتێك کە کۆمان بکاتەوە بریتییە لە (لتعارفوا)، تەنانەت هیچ کام لەو نەتەوانە هێندەی کورد خزمەتیان بە ئیسلام نەکردووە، کەچی کاتێك کە باسی ئازادی و سەربەخۆیی دەکەین بەناوی ئیسلام و ئایینەوە بیانوومان پێدەگرن. کەواتە لە روانگەی شەرع و ئایینەوە مەسەلەی رەوایەتی دەوڵەت و سەربەخۆیی هیچ مشتومڕێك هەڵناگرێت. ئەگەر بەپێوەری دیموکراتیش بێت، ئەوا دەبێت پێوەری ئازادی گەلان پیادە بکەین، واتا لێگەڕێ با بە ئازادی نەتەوەیەك بڕیار بدات. بەپێی نەخشەی دەوڵەتی عوسمانی بێت، ئەو نەخشەیەی لە ئەنجومەنی حوکم مام جەلال پیشانی دنیای دا، ناوی کوردستان بە -اقلیم ویلایەت کوردستان- هاتووە، واتە بە درێژایی ئەو ٦٠٠ ساڵەش کوردستان ویلایەتێکی سەربەخۆ بووەو هەموو کوردستانی تێدا بووە. من بۆیە ئەمە دەڵێم لەبەر ئەوەی لەماوەی چەندین سەدەدا بە ناوی ئایینەوە کورد وەکو برابچووك هەژمار کراوەو بگرە حیسابی برابچووك و تەنانەت براشمان بۆ نەکراوە، بەڵکو هەر ژێردەستە بووین و برا نەبووین.

*** لەساڵی ٢٠٠٣وە کورد بەشێوەی ئارەزوومەندانە خۆی کردەوە بە بەشێك لە بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدڕاڵی و پەرلەمانی، ئەمەش لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و داهات، بەڵام ئەم بنەمایە شکستی هێنا، بۆیە ئێستا کورد بەدوای پەیوەندییەکی دیکە لەگەڵ عێراقدا دەگەڕێت کە دەیەوێت دوو دراوسێی باش بن، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم بنەمایە گرنگە بۆ داهاتووی نەتەوەکەمان؟**

- لەساڵی ٢٠١٢ ئەو کات کە دکتۆر محەمەد ئیحسان بەرپرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بوو (ناوچەکانی ماددەی ١٤٠)، کۆڕێکیان بۆ گرتم و پێشنیاری ئەوەم کرد کە دەبوو سەرجەم پێشێلکارییە ئەمنی و سیاسییەکانی عێراق دژ بە کوردستان تۆمار بکرایە و دوای پەسەندکردنی دەستووریش پێویست بوو هەڵبستین بە تۆمارکردنی پێشێلکارییە دەستوورییەکان، ئەمە ئەگەر بە نیازین لە ئایندەدا ببینە خاوەنی دەوڵەت، چونکە لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو نەتەوەی کورد لەگەڵ عێراقدا لەسەر دەستوور رێککەوتووین، ئەوا دەبێت هەر بەو دەستوورە داوای مافەکانی خۆمان بکەین. ئێمە بۆمان دەرکەوت کە ئیرادەیەك

هەیە بۆ پەکخستنی دەستوور بە ماددەی ١٤٠یشەوە، چونکە ویستیان ماددەکە جێبەجێ نەکرێت، بۆ ئەوەی بڵێن لە رووی زەمەنییەوە کۆتایی هاتووە، چونکە هەنگاوەکانی سەقفی زەمەنییان بۆ دانرابوو، دواتر هاتن و پەلاماری کەرکووکیان دا کە زانییان بۆیان ناچێتەسەر، ئیدی قووتی خەڵکی کوردستانیان بڕی، بۆیە دەبێت هەموو پێشێلکاریی سیاسی و ئەمنی و دەستوورییەکانی عێراق دەرهەق بەگەلی کوردستان دیکۆمێنت بکەین و بە دنیای پیشان بدەین و بە هەموو جیهان بڵێین ئەوە کورد نییە ئیرادەی پێکەوەژیانی نییە، بەڵکو حکومەتی مەرکەزییە دەستوور و مافەکانی کورد پێشێل دەکات، کە بڕیار بوو لە عێراقێکی یەکگرتوودا پێکەوە بین، بەڵام ئەوەتا ئەوان ئامادە نین. بۆیە ئێمە مافی خۆمانە جیاببینەوە، چونکە فیدراڵی بە مانای یەکگرتنی ئارەزوومەندانە دێت (ئیتیحادی ئیختیاری)، بەڵام لەبەر ئەوەی دەستوور پێشێل دەکرێت و بگرە کار گەیشتە نان بڕین و چاوتێبڕینی ناوچەکانمان، ئەوا چیتر دۆخەکە لە تەحەمولی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکاندا نەماوە.

*** بۆ هەنگاو هەڵگرتن بۆ ئەم میکانیزمە نوێیەی پەیوەندی لەگەڵ عێراقدا، حزبە سیاسییەکانی کوردستان بڕیاریان داوە لە ٢٥ی ئەیلوولی داهاتوو ریفراندۆم ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای گەلی کوردستان هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵبگرن، پرسیاری ئێمە ئەوەیە تاچەند ئاکامی ریفراندۆم بۆ وتووێژ لەسەر سەربەخۆیی گرنگە؟**

- چەند مانگێك لەمەوبەر لەسەر ریفراندۆم قسەم کردووەو بە شێوەی پرسیارکردن نووسیم: ریفراندۆم کۆمان دەکاتەوە؟ باوەڕی من ئەوە بوو کە ریفراندۆم هەل و مەرج و زەمینەیەکی باش بۆ ئێمە دەڕەخسێنێت، واتە دەکرێت ببێتە دەروازەیەك بۆ یەکڕیزی نیشتمانی و کاراکردنەوەی پەرلەمان و نزیککردنەوەی هێزەکان لە یەکترو چاوپۆشیکردن لەوەی روویداو رێکخستنەوەی حکومەت بە شێوازێکی دیکە. هەروەها ریفراندۆم بکرێتە دەروازەی گفتوگۆیەکی جددی لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی پیشانی بدەین کە ئەوەتا ئێمەین دەستپێشخەری گفتوگۆ دەکەین و دەمانەوێت بە ئاشتییانە رێککەوتن بکەین. دواتر هەر لە ریفراندۆمەوە کەیسی ئێمە بەرەوپێش چووە و گەیشتۆتە ئەنجومەنی ئاسایش، کە راپۆرتی لەسەر خوێندرایەوە لە نێو ئەنجومەنەکەدا، ئەمە پەرەسەندنێکی گەورەیە. بۆیە دەبێت هەموو کوردستان لەم پرسەدا پێکەوە بن و باشترین هەلیشە بۆ ئەوەی بەرەو یەکڕیزی هەنگاو بنێین و پەرلەمان کارابکەینەوە بۆ ئەوەی بگەینە دەرئەنجامێك کە رووی ئەوەمان هەبێت لە هەموو جیهاندا بیخەینەڕوو. گرفتەکە لەوەدایە ئەو کەسەی شارەزایی نییە لەسەر ریفراندۆم و پرسەکە ئەویش هەر قسەی لەسەر دەکات و بگرە کوێخایەتیشی لەسەر دەکات. ٤٥٠ ساڵ لەمەوبەر سکۆتلەنداو بەریتانیا شەڕیان بووەو چەندەها شەڕ کراوەو ئێستاش ساڵانە ریفراندۆم دەکەن و لەلایان ئاساییە، ئەگەر ئەمساڵ ریفراندۆممان کردو دەنگمان نەهێنا، ئاساییە ساڵێکی دیکە دەیکەینەوە و پاش دوو ساڵی تریش دووبارەی دەکەینەوە، ئەمە ئیشکال نییە کە وا قورس و زەحمەت کراوە، وەکو ئەوەی نەوێریت دەستی بۆ ببەیت، یاخود دەستت بۆ برد پاش چەند مانگێك ببیتە دەوڵەت، ئەمە وانییە، من پێم سەیرە هەرشتێك لەکوردستاندا دەخرێتە بازاڕەوە گەلەکۆمەکی لێ دەکرێت و وا ئاڵۆز دەکرێت ئەسڵی مەسەلەکە دیار نامێنێت و مامەڵەو پێناسەکان تێك دەدرێت. پرسی ریفراندۆم چارەنووسسازەو هەنگاونانە بەرەو یەکڕیزی.

*** بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە، یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان زۆر گرنگە، لەم پێناوەشدا پارتی دیموکراتی کوردستان ئامادەباشی خۆی دەربڕیوە بۆ ئەوەی بێ مەرج پەرلەمانی کوردستان کارابکرێتەوە، ئایا چۆن سەیری ئەم هەنگاوەی پارتی بۆ رێکخستنەوەی نێوماڵی کوردستان دەکەن؟**

- من ئاگاداری ئەو پەیامە بێ مەرجە نیم تا ئەم کاتە قسەیەکی فەرمی وام نەبیستووە، بەڵام ئەگەر بڕیارێکی وا درابێت، ئەوا پێشتریش هەرسێ هێزی یەکێتی و یەکگرتوو و کۆمەڵ وەکو سێ هێزی نێوان گۆڕان و پارتی هەمان راوبۆچوونیان هەبووە

**پێویستە ئەو داهاتەی نەوت کە هەیە تەنیا بە رێژەی ٣٠٪ پشتی ببەستین، بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەو دەوڵەتە ئایندەی نییە، ئەمە پێوەرێکی نێودەوڵەتییەو لە ٧٠ ساڵی رابردوو سەلماندوویەتی هەر حکومەتێک بودجەکەی بە رێژەی زیاتر لە ٣٠٪ پشتی بەداهاتی نەوت بەستبێت، تووشی قەیران دەبێت و ئەوە هێڵی سوورەو دەبێت کەمی بکاتەوە**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەم قەیرانە دەستی کردووە بە بیرکردنەوە لەسیستەمێکی نوێی دارایی و ئابووری، دەبێت بەو هزرە کاربکات سبەینێ هەلی کار بۆ خەڵکی بدۆزێتەوە، نەک پارەکەی هەمووی بکاتە دامەزراندن و سوپایەکی مووچەخۆر دامەزرێنێت و مووچەکەشی نەداتێ، ئەوەی دوانزدە ساڵە تێری دەکات، ئێستا لێی نارازییە و جنێو دەدات**

**دەبێت فۆرمی حزبایەتی بگۆڕین و حزب بکەینە ئامراز نەک ئامانج، ئێستا ئەندامانی سەرجەم حزبەکان، حزبەکانیان لا بۆتە ئامانج، لایان بۆتە ئایین و ئایدیۆلۆژیا. ئەگەر حزبایەتی بەم شێوەیە بێت لەکوردستاندا، ببینە دەوڵەتیش سەر لەخۆمان دەشێوێنین**

کە پەرلەمان بێ مەرج بخرێتەوەگەڕ، چونکە نابێت هیچ لایەنێك مەرج بۆ ئەوی تر دابنێت، بەگەڕخستنەوەی بێ مەرجی پەرلەمان شتێکی باشە و هەنگاوێکی نوێیەو ئومێدێك دروست دەکات، ئەمەش پێویستی بە کاری جددی هەیە. خۆزگە ئەم هەنگاوە چەند مانگێك پێش ئێستا بکرایە و ئێمە لە قۆناغ و بارودۆخێکی تر دەبووین.

*** کاتێك پەرلەمان بێ مەرج کارا بکرێتەوە، ئەوا چیتر بەهانە و بیانووی ئەوە نامێنێتەوە کە بە بیانووی جیاواز داوای دواخستنی ریفراندۆم بکەن، ئایا ئەگەر ئەم فرسەتە لەدەست بدەین و ئەمجارە سەربەخۆیی رانەگەیەنین، تاچەند میللەتەکەمان دەرفەتێکی گەورەی لەدەست دەچێت؟**

- ئەگەر پەرلەمانیش کارابکرێتەوە، دەکرێت لە دەرەوەی ئیرادەی کوردستان ریفراندۆم دوابخرێت، ئەو کارو هەنگاوانەی ئێستا لەگەڵ دەرەوە دەستی پێکراوە، دەبوایە پێشتر بکرایە و هەنگاوی گەرمتر هەڵبگیرایە و، لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە نهێنی و ئاشکراکان ئیشی زۆر گەورەی لەسەر بکرایە، تاکو نەگەینە ئەو پەلە پەلەی کە ئێستا دەکرێت، ئێمە پێویستمان بە کاتە بۆ ئەوەی لەو ماوەیەدا دۆخە ناوخۆییەکە ئاسانتر چاك بکەینەوە، هەم دانوستاندن و گفتوگۆکان لەگەڵ بەغدا بە ئاسایی بەرەوپێش بچن، هەم ئەو وتووێژانەی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا دەستی پێکردووە، گەرم و گوڕتر بەڕێوەبچن. ئەگەر بڕیاریش بێت سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەم دۆخە بخرێتە ئەستۆی حزبە کوردستانییەکان ئەوا دەبێت لەئاستێکی بەرزو و لەسەر ئاستی کەسانی خوێندەوار و پرۆفیشناڵەکانی بواری یاسایی هەموو بەشدار بن لەهەڵمەتەکانی ناوخۆ و بەغداو دەرەوە بۆ پشتیوانی لە ریفراندۆم و پرسی سەربەخۆیی، نابێت وا وێنای ریفراندۆم بکرێت وەك ئەوەی ئێستا دەوترێ کە تەنیا مسعود بارزانی، یان پارتی دیموکراتی کوردستان سەرقاڵی ئەم کارەن، بەڵکو کەیسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەبێت وا بە نیشتمانی بکرێت کە کەس لە رووی نەیەت بڵێت با ریفراندۆم نەکەین، یان گاڵتەی پێ بکات، وەکو ئەوەی لە هەندێك پەیج دەیکەن. کەواتە ئەمە هەڵێکە و هەندێ کەس باوەڕیان وایە لەدەستی بدەین، دووبارە نابێتەوە، هەندێك وای بۆ دەچن ئەگەر پەلەی تێدا بکەین، لە دەستی دەدەین. کەواتە پێویستە کار بکەین بۆ ئەوەی هەردوو بیروباوەڕەکە لێك نزیك بکەینەوە، هەم لەدەستی نەدەین و هەم پەلەی تێدا نەکەین، تەنانەت دەکرێت سوود لەکات وەربگرین و سوود لە ئاماژەکانی ئەمریکا و رووسیاو بەریتانیا و وڵاتانی تر وەربگرین کە دەڵێن پەلە مەکەن، واتە لە نزیکەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین و پێیان بڵێین مەبەستتان چییە دەڵێن پەلە مەکەن؟ ئایا دەتانەوێت عێراقێکی نوێ دروست بکەن؟ کە ئەمە لای ئێمە ئەسڵی نییەو ئەو عێراقەی دروست بووە تایفەگەرییەو تا دنیا ماوە نابێتە دیموکراتی. ئایا دەتانەوێت عێراق دابەش بکەن؟ پێمان بڵێن چۆن دابەشی دەکەن؟ پرسیار بکەین ئێمەی کوردو کوردستانی لەکوێی ئەم دابەشکردن و نەخشە نوێیەوەین و ئایا نەخشەکە چۆنە؟ ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە عێراق لەماوەیەکی تردا وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو نامێنێت، کە نازانرێت ئایا شەش مانگی دیکەیە، یان ساڵێکی دیکە، ئایا بە قۆناغی شەڕدا تێدەپەڕێت؟ چونکە ئێمە نە لەگەڵ عەرەبی شیعە، نە عەرەبی سوننە خوازیاری شەڕ نین. پێویستە وەڵامی ئەم پرسیارانەش شەقام بیزانێت کە چاوەڕێیت دەنگت بۆ بدات. من ناڵێم هەرچی نهێنی سیاسییە هەموو کەس بیزانێت وەکو ئێستا هەندێك بۆچوون هەیە دەخوازێت هەموو شتێك بخرێتەڕوو، من هەرگیز لەگەڵ ئەوە نیم، بەڵام خۆ دەبێت ئەو کەسەی کە تۆ رووی تێدەکەیت بۆ ئەوەی بە پەرۆشەوە بەدەم ئەم ریفراندۆمەوە بێت، ئەوا دەبێت هەم دڵخۆشی بکەیت و هەم قەناعەتی پێبکەیت، ئەوەش پێویستی بەوەیە کە بەرچاوڕوونی پێ بدەیت.

*** باشە پەرلەمانی کوردستان بەگەڕبخرێتەوە، زەمانەت چییە دووبارە نەکرێتە گۆڕەپانێکی ململانێی حزبایەتی و لەدەستدانی هەلی مێژوویی ریفراندۆم؟**

- من قەناعەتم نییە هیچ زەمانەتێك هەبێت، چونکە ئەو زەمانەتە چۆن بێت و

**ئەگەر بتەوێت بە بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان دۆخەکە ببێتە شامی شەریف و فشار لەسەر حزبە کوردستانییەکان نەمێنێت، مەسەلەکە وا نییە، بەڵام دەبێت هیچ نەبێت پرسی سەربەخۆیی لەناوخۆدا ئەوەندە بکرێت بە پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە کێشەکە لەناوخۆدا لە سفر نزیک بکاتەوە**

**دۆخەکە وا ئاڵۆزکاوە ئەوا بەئاسانی چاک نابێتەوە، تەنانەت پەرلەمانیش بەگەڕ بخرێتەوە بە شەو و رۆژێک دنیا نابێتەوە بە شامی شەریف، بەڵام بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەیە بکرێتە سەرەتاو تونێلێک لێوەی دەربچیت بەرەو ریفراندۆم و دەوڵەت**

**٤٥٠ ساڵ لەمەوبەر سکۆتلەنداو بەریتانیا شەڕیان بووەو چەندەها شەڕ کراوەو ئێستاش ساڵانە ریفراندۆم دەکەن و لەلایان ئاساییە، ئەگەر ئەمساڵ ریفراندۆممان کردو دەنگمان نەهێنا، ئاساییە ساڵێکی دیکە دەیکەینەوە و پاش دوو ساڵی تریش دووبارەی دەکەینەوە، ئەمە ئیشکال نییە کە وا قورس و زەحمەت کراوە، وەکو ئەوەی نەوێریت دەستی بۆ ببەیت**

کێ بیکات؟ لە ئێستادا لەبەر ئەوەی دۆخەکە وا ئاڵۆزکاوە ئەوا بەئاسانی چاك نابێتەوە، تەنانەت پەرلەمانیش بەگەڕ بخرێتەوە بە شەو و رۆژێك دنیا نابێتەوە بە شامی شەریف، بەڵام بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان بۆ ئەوەیە بکرێتە سەرەتاو تونێلێك لێوەی دەربچیت بەرەو ریفراندۆم و دەوڵەت، مەبەستەکەو باسەکەش هەر ئەوەیە. ئەو دەوڵەتانەی کوردستانی لێ دەکەیت بە دەوڵەت، دۆخەکەیان وا بەئاسانی بۆ قبووڵ ناکرێت و هەرواش راناوەستن و پیلانمان لەدژ دەکەن. ئەگەر بتەوێت بە بەگەڕخستنەوەی پەرلەمان دۆخەکە ببێتە شامی شەریف و فشار لەسەر حزبە کوردستانییەکان نەمێنێت، مەسەلەکە وا نییە، بەڵام دەبێت هیچ نەبێت پرسی سەربەخۆیی لەناوخۆدا ئەوەندە بکرێت بە پرسێکی نیشتمانی و نەتەوەیی کە کێشەکە لەناوخۆدا لە سفر نزیك بکاتەوە. لەلایەکی ترەوە باسی زەمانەت دەکەن، من هەر لە زووەوە باوەڕم وایە دەبێت فۆرمی حزبایەتی بگۆڕین و حزب بکەینە ئامراز نەك ئامانج، ئێستا ئەندامانی سەرجەم حزبەکان، حزبەکانیان لا بۆتە ئامانج، لایان بۆتە ئایین و ئایدیۆلۆژیا. ئەگەر حزبایەتی بەم شێوەیە بێت لەکوردستاندا، ببینە دەوڵەتیش سەر لەخۆمان دەشێوێنین. ئەوەتا حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای ئەم قەیرانە دەستی کردووە بە بیرکردنەوە لە سیستەمێکی نوێی دارایی و ئابووری، دەبێت بەو هزرە کاربکات سبەینێ هەلی کار بۆ خەڵکی بدۆزێتەوە، نەك پارەکەی هەمووی بکاتە دامەزراندن و سوپایەکی مووچەخۆر دامەزرێنێت و مووچەکەشی نەداتێ، ئەوەی دوانزدە ساڵە تێری دەکات، ئێستا لێی ناڕازییە و جنێو دەدات. ئەم قەیران و کێشەیە هی بێ سیستەمییە، تەنانەت پێویستە ئەو داهاتەی نەوت کە هەیە تەنیا بە رێژەی ٣٠٪ پشتی پێ ببەستین، بەپێچەوانەی ئەمەوە ئەو دەوڵەتە ئایندەی نییە، ئەمە پێوەرێکی نێودەوڵەتییەو لە ٧٠ ساڵی رابردوو سەلماندوویەتی هەر حکومەتێك بودجەکەی بە رێژەی زیاتر لە ٣٠٪ پشتی بەداهاتی نەوت بەستبێت، تووشی قەیران دەبێت و ئەوە هێڵی سوورەو دەبێت کەمی بکاتەوە، چونکە بەرزو نزمیی نرخی نەوت پەیوەندیی بە گەمەیەکی جیهانییەوە هەیە و هەر ١٠-١٥ ساڵ جارێك بەهای نەوت و غاز لێی دەدرێت و دواتر بەرزی دەکەنەوە. ئابووریی جێگیر دەبێت داهاتەکەی بخاتە خزمەتی خەڵك ئەو کات حکومەت بەباجی خەڵك دەژی و حکومەت بە نرخ و کرێی خزمەتگوزارییەکانی کە داویەتی بە خەڵك سەربەرزانە دەژی. حکومەتی پێشکەوتوو ئەوەیە حکومەت مووچەخۆری خەڵك بێت، نەك بەپێچەوانەوە خەڵك مووچەخۆری حکومەت بێت، ئەمە یاسای هەموو دەوڵەتێکی دیموکراسییە لەدنیادا.

*** عێراق رایگەیاندووە شەڕی موسڵ کۆتایی هاتووە، کەچی سوپای عێراق لەو شارەدا تا ئێستا بەردەوامە لەشەڕکردن لەگەڵ چەکدارانی داعش تەنانەت وەکو پارتیزانی تیرۆریستانی داعش لەچەند شوێنێکی ترەوە لە هێرش و پەلامارەکانیان بەردەوامن، لەولاشەوە باس لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ئازاردانی خەڵکی سوننە دەکرێت لەلایەن چەکدارانی داعشەوە، ئایا پێشبینی و چاوەڕوانیتان بۆ ئەو دۆخە چۆنە؟**

- دوای رزگارکردن و کاولکردنی موسڵ سەرەتای شەڕی سوننە و شیعە دەست پێدەکات، بەتایبەتی ئەگەر فشاری ئەمریکا و ئەورووپا لەسەر ئێران زیاتر بێت و بارودۆخی ئێران ناڕەحەت بکەن، ئەوا گەڕێکی گەورەی شەڕی شیعەو سوننە لەوێوە دەست پێ دەکات و بە دووری نازانم جارێکی تر لە پێنج ساڵی داهاتوودا سوننە بەغدا بگرنەوەو عێراق بکەوێتەوە ژێر دەستی سوننەی عێراق، ئەوکات شەڕەکە زۆر توندترو ئاڵۆزتر دەبێت، سەبارەت بە ئێمەش دەبێت خۆمان لەو شەڕە بە دوور بگرین، چونکە شەڕێکی بێ کۆتاییە،و شیعە هاتووە بۆ تۆڵەسەندنەوەی هەشت سەدەو نیوی و دەڵێن نزیکەی هەزار ساڵە ئەم دەوڵەتە هی ئێمە بووە و لێمان زەوتکراوە، سوننەش وادەزانێت ئەم خاکە خوا دروستی کردووە بۆ ئەوان و موڵکی ئەوانە، بەڵام خەڵکی کوردستان خەڵکێکی ئاشتیخوازە، ئێمە تەنیا لە ٥٪ی سنوورەکانمان بە شیعەوەیە، ئەو خزمەت و بەهاناچوونەی ئێمەش بۆ سوننەو شاری موسڵ و دەوروبەری کردوومانە، دەبێت تەوزیفێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی باش بکرێت.

**دەبێت هەموو پێشێلکارییەکانی سیاسی و ئەمنی و دەستووریی عێراق دەرهەق بەگەلی کوردستان دیکۆمێنت بکەین و بە دنیای پیشان بدەین و بە هەموو جیهان بڵێین ئەوە کورد نییە ئیرادەی پێکەوەژیانی نییە، بەڵکو حکومەتی مەرکەزییە دەستوور و مافەکانی کورد پێشێل دەکات**

**لە روانگەی شەرع و ئایینەوە مەسەلەی رەوایەتی دەوڵەت و سەربەخۆیی هیچ مشتومڕێک هەڵناگرێت. ئەگەر بە پێوەری دیموکراتیش بێت، ئەوا دەبێت پێوەری ئازادی گەلان پیادە بکەین**

**کەم نەتەوە هەیە وەک کورد خاوەنی زمان و خاک و کەلتوور و مێژووی تایبەت بەخۆی بێت و بە هەزاران ساڵیش مابێتەوە و درێژەی هەبێت. لە ئێستاشدا جاڕنامەی مافی مرۆڤ و هەرچی یاساو بڕیارنامە نێودەوڵەتییەکان هەیە، ئەو مافەی بەگەلی کورد داوە کە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بێت**

# دوازده ساڵ لە سایەی دەستوورێكی فیدراڵی كە بە جێبەجێكردنی یەكێتیی عێراق دەپارێزرێت!

پاش ئەوەی گەلی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) دەستووری فیدراڵی هەمیشەیی پەسەند كرد، ژیانی دەستوورێكی كاتی كە (٣٣) ساڵی خایاند، كۆتایی هات و سیستمی سیاسی لەم وڵاتە بڕیار وابوو ببێتە فیدراڵی كە ئەمەش بە جێبەجێكردنی بڕگەكانی ئەو دەستووره دێتەدی و لە دیباجەی دەستوورەكەیدا هاتووە كە پابەندبوون بەم دەستوورەوە زامنی یەكێتی ئارەزوومەندانەی خەڵك و خاك و سەروەریی عێراقە، واتە جێبەجێ نەكردنی دەستووره فیدراڵیەكە ئەو یەكێتییە لەناو دەبات (إن الالتزام بهذا الدستور يحفظ للعراق اتحاده الحر شعباً وأرضاً وسيادة).

ئەگەر چاوێكی خێرا بخشێنین بە بڕگەكانی دەستووردا كە پێكهاتووە لە (١٤٤) مادە، ئەم پێشێلكارییە دەستوورییانەمان وەك ڕۆژی ڕووناك بۆ دەردەكەوێت كە لەلایەن حكومەتی عێراقەوە كراوە دژ بە هەرێمی كوردستان، لێرەدا هەر بە زمانی عەرەبی چۆن نووسراوە دەقی مادەكان دەخەینەڕوو:

١. مادە (١)ی دەستووری فیدراڵی: بۆ دووپاتكردنەوەی ئەوەی لە دیباجەی دەستوورەكەدا هاتووە سەبارەت بە وەی جێبەجێ نەكردنی دەستوور زامنی یەكێتی خاكی عێراقە مادەی یەكەمی دەستوورەكە ئاماژەی بە هەمان بابەت كردۆتەوە (هذا الدستور ضامن لوحدة العراق).

٢. بڕگەی (٢) مادە (٢) ی دەستووری فیدراڵی: حكومەتی عێراق نەیتوانی فرەئایینی بپارێزێت و مەسیحی و ئێزیدییەكان بوونە قوربانیی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی كە سوپای عێراق دروستی كرد لە موسڵ و دەشتی نەینەوا (يضمن كامل الحقوق الدينية لجميع الافراد في حرية العقيدة والممارسة الدينية كالمسيحيين والآيزديين).

٣. بڕگەی (٢) مادە (٤) ی دەستووری فیدراڵی: هەتا ئەمڕۆ یەك وشەی كوردی لە ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی وەزیران و دادگاكانی عێراق بەكار نەهاتووە كە ئەمە دژی بڕگەی (٢) (ب) ی مادەی (٤) ی دەستوورە (ب ـ التكلم والمخاطبة والتعبير في المجالات الرسمية كمجلس النواب، ومجلس الوزراء، والمحاكم، والمؤتمرات الرسمية، بأي من اللغتين).

هەروەها بڕگەی (هـ) لە هەمان مادە دیسان جێبەجێ نەكراوە و تا ئیستا دراوی عێراقی نووسینی كوردی تێدا نییە (هـ ـ اية مجالات أخرى يحتمها مبدأ المساواة، مثل الاوراق النقدية، وجوازات السفر، والطوابع.)

٤. بڕگەی (١) مادە (٧) ی دەستووری فیدراڵی: حكومەتی عێراق نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستییەكان و عێراق بوەتە مۆڵگەی بیری توندوتیژی وپاكتاوی ئایینی ومەزهەبی و تیرۆر (اولاً: يحظر كل كيان أو نهج يتبنى العنصرية أو الارهاب أو التكفير أو التطهير الطائفي).

٥. مادە (٨): دەوڵەتی ئێران زۆر بەئاسانی پلانە سیاسی و مەزهەبییەكانی خۆی جێیبەجێ دەكات لە عێراق و پرەنسیپی مامەڵەكردنی هاوتا و بەرژەوەندیی هاوبەش جێبەجێ نەبووەو دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق مەزهەبییانە مامەڵە دەكات، نەك وەك دەوڵەتێك كە مافی سەرجەم پێكهاتەكانی بپارێزێت (يرعى العراق مبدأ حسن الجوار، ويلتزم عدم التدخل في الشؤون الداخلية للدول الاخرى، ويسعى لحل النزاعات بالوسائل السلمية، ويقيم علاقاته على اساس المصالح المشتركة والتعامل بالمثل، ويحترم التزاماته الدولية.)

٦. بڕگەی (١ لقی أ-ب) مادە (٩) ی دەستووری فیدراڵی: هەردوو بەشەكەی ئەم مادەیە پێشێل كراوە:

- بەشی یەكەمیان هاوسەنگی لە نێوان پێكهاتەكانی عێراق لە سوپای عێراقدا نەهاتۆتە دی (أ ـ تتكون القوات المسلحة العراقية والاجهزة الامنية من مكونات الشعب العراقي، بما يراعي توازنها وتماثلها دون تمييز أو اقصاء وتخضع لقيادة السلطة المدنية).

- بەشی دووەم لە هەمان مادەش دووجار پێشێلكرا، كاتێك سوپای عێراق دژی خەڵكی كوردستان جووڵێندرا ساڵی (٢٠٠٨) بەرەوە كەركووك وخانەقین،



د. ڕێبین سەلام*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

پاشان ساڵی (٢٠١٢) بەرەو شنگال (تدافع عن العراق ولاتكون اداة لقمع الشعب العراقي ولاتتدخل في الشؤون السياسية).

هەروەها لقی (ب) ناکرێت لە دەرەوەی سوپای عێراق میلیشیات دروست بکرێت، بەڵام ئەوە بوو حەشدی شەعبی دروست کراو پڕچەك کراو پاشان خرایە سەر سوپای عێراق (ب ـ يحظر تكوين ميليشيات عسكرية خارج اطار القوات المسلحة).

٧. مادە (١٠) ی دەستووری فیدڕاڵی: بەهۆی لاوازیی ئەمنی و سیاسی حکومەتی عێراقەوە جێ نزرگە ئایینییەکانی عێراق تووشی زەرەر و زیانێکی بێ شومار بوون، کە بەشێکی سەرجەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی خاوەنیەتی (العتبات المقدسة والمقامات الدينية في العراق كيانات دينية وحضارية، وتلتزم الدولة بتأكيد وصيانة حرمتها، وضمان ممارسة الشعائر بحرية فيها).

٨. بڕگەی (١) مادە (١٢) ی دەستووری فیدڕاڵی: نە لە ئاڵا و نە لە سروودی نیشتمانیی عێراق هیچ ئاماژەیەك بۆ گەلی کورد نەکراوە کە پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقە. (اولاً ـ ينظم بقانون علم العراق وشعاره ونشيده الوطني بما يرمز إلى مكونات الشعب العراقي.)

٩. مادە (١٤) ی دەستووری فیدڕاڵی: یەکسانی نییە لە نێوان هاووڵاتی عەرەبی عێراق و هاووڵاتی کوردی عێراق چونکە هاووڵاتیانی کوردستان کە فەرمانبەری عێراقین مووچەیان نادرێتێ (العراقيون متساوون أمام القانون دون تمييز بسبب الجنس أو العرق أو القومية أو الاصل).

١٠. مادە (٢٥) ی دەستووری فیدڕاڵی: حکومەتی عێراق نەك هەر چاکسازیی ئابووری نەکردووە لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەگەیەکی گەورەی لە ئابوورییەکەی داوە بە بڕینی بودجە و پتر لە ٧٠٪ ی کۆمپانیاکان هەڵوەشاونەتەوە و لەکارکەوتوون (تكفل الدولة اصلاح الاقتصاد العراقي وفق اسس اقتصادية حديثة وبما يضمن استثمار كامل موارده وتنويع مصادره وتشجيع القطاع الخاص وتنميته.)

١١. . مادە (٢٦) ی دەستووری فیدڕاڵی: حکومەتی عێراق بە بڕینی بودجە، وەبەرهێنانی لە هەرێمی کوردستان پەك خستووە (تكفل الدولة تشجيع الاستثمارات في القطاعات المختلفة).

١٢. بڕگەی (١) مادە (٢٧) ی دەستووری فیدڕاڵی: سوپای عێراق دەستبەرداری پارێزگایەکی گەورەی وەك موسڵ بوو، بۆ گروپێکی بچووکی تیرۆریست و سەرجەم ماڵ و سامان و داهاتی گشتی ناوچەیەکی فراوانی عێراق بۆ سێ ساڵ بەهەدەر چوو. (اولاً ـ للاموال العامة حُرمة، وحمايتها واجب).

١٣. بڕگەی (١ ـأ- ب) مادە (٢٩): دەوڵەتی عێراق نەیتوانی ڕێگربێت لە تێکچوونی باری ئەو خێزانە عێراقییانەی کە دین و مەزهەبی جیاوازیان هەیە (ئێزیدی وکریستیانەکان) (أ ـ الاسرة اساس المجتمع، وتحافظ الدولة على كيانها وقيمها الدينية والاخلاقية).

هەروەها بڕگەکانی دیکەی ئەم مادەیەش پاشێلکراوە لەبەر بڕینی بودجە کە تایبەتە بە چاودێریکردنی دایکایەتی و بەساڵاچوان وهاندانی گەنجان بۆ گەشەکردن (ب ـ تكفل الدولة حماية الامومة والطفولة والشيخوخة، وترعى النشئ والشباب وتوفر لهم الظروف المناسبة لتنمية ملكاتهم وقدراتهم).

١٤. بڕگەی (١)، (٢) لە مادە (٣٠) ی دەستووری فیدڕاڵی: لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی جێبەجێ نەکراوە (اولاً ـ تكفل الدولة للفرد وللاسرة ـ وبخاصة الطفل والمرأة ـ الضمان الاجتماعي والصحي، والمقومات الاساسية للعيش في حياةٍ حرة كريمةٍ، تؤمن لهم الدخل المناسب، والسكن الملائم. ثانياً ـ تكفل الدولةً الضمان الاجتماعي و الصحي للعراقيين في حال الشيخوخة أو المرض أو العجز عن العمل أو التشرد أو اليتم أو البطالة، وتعمل على وقايتهم من الجهل والخوف والفاقة، وتوفر لهم السكن والمناهج الخاصة لتأهيلهم والعناية بهم، وينظم ذلك بقانون.).

١٥. بڕگەی (١) مادە (٣٠) ی دەستووری فیدڕاڵی: بە بڕینی بودجە چۆن دەتوانین بڵێین چاودێری تەندروستی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان

دابیــن کــراوە؟ (اولاً ـ لــكل عراقــي الحــق في الرعايــة الصحيــة، وتعنــى الدولــة بالصحــة العامــة، وتكفــل وســائل الوقايــة والعــلاج بإنشــاء مختلــف انــواع المستشــفيات والمؤسســات الصحيــة).

١٦. مــادە (٣٢)ی دەســتووری فیدراڵــی: بــێ گومـان بڕینـی بودجـە لـە هەرێمـی کوردسـتان بڕینـی یارمەتییـە لـە کەمئەندامـان و خـاوەن پێداویسـتییە تایبەتـەکان. (ترعـى الدولـة المعاقـين وذوي الاحتياجـات الخاصـة وتكفــل تأهيلهــم بغيــة دمجهــم في المجتمــع).

١٧. بڕگــەی (١)، (٢) مــادە (٣٣) ی دەســتووری فیدراڵــی: ئایـا پاراسـتنی کـەش و هـەوا و سروشـتی هەرێمێك بـە بڕینـی بودجـە چـێ لـێ دێتـەدی؟ (اولاً ـ لــكل فــرد حــق العيــش في ظــروف بيئيــة ســليمة. ثانيــاً ـ تكفــل الدولــة حمايــة البيئــة والتنــوع الاحيــائي والحفــاظ عليهــما).

١٨. بڕگــەی (أ)، (ب) مــادە (٣٤) ی دەســتووری فیدراڵــی: لەگـەڵ بڕینـی بودجـە لـە وەزارەتـی پـەروەردە و وەزارەتــی خوێنــدنی بــاڵا چ جــۆرە هاندانێکــی خوێنـدن دەکرێـت لـە هەرێمـی کوردسـتان؟ (اولاً ـ التعليم عامـل اسـاس لتقـدم المجتمـع وحـق تكفلـه الدولـة، وهـو الزامـي في المرحلـة الابتدائيـة، وتكفـل الدولـة مكافحـة الاميـة.

ثانياً ـ التعليم المجاني حق لكل العراقيين في مختلف مراحله).

هەروەهــا بڕگــەی (جـ) لــە هەمــان مــادە چــۆن هانـی توێژینـەوەی زانسـتی دەدرێـت، ئەگـەر بودجـەی بــۆ دابیــن نەکرێــت، لــە راســتیدا عێــراق میزانییــەی (٢٠١٧) ی بــە (٦٨) ملیــار دۆلار پەســەندکردووە کــە (٢١) ملیــاری عەجــزە (٤٧) ملیــار دەمێنێتــەوە، (٠.٢٪) ی داهاتــی عێــراق دانــراوە بــۆ توێژینــەوەی زانســتی کــە ئەگــەر (١٧٪) بنێرێــت (کــە ئەویــش نانێرێـت) بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ئـەوا (٢٥٠٠٠٠) دۆلار بـۆ توێژینـەوەی زانسـتی دانـراوە، واتـە ئەگـەر خەڵکی کوردستان شەش ملیۆن بێت ئەوا ساڵی (٤١ سنت) بۆ هـەر تاکێك خـەرج دەکرێت لـەم بـوارەدا کـە ئەمـە هەرگیـز نابێتـە هـۆی جێبەجێکردنـی مەبەسـت لـە بڕگـەی (٣) ی مـادەی ناوبـراو کـە بریتییـە لـە پێشخسـتنی توێژینـەوەی زانسـتی و باشـترکردنی ئاسـتی داهێنـان وسـیماکانی کامـڵ بوونـی کۆمەڵگـە (ثالثـاً ـ تشـجع الدولـة البحـث العلمـي للاغـراض السـلمية بمـا يخـدم الانسـانية، وترعـى التفـوق والابـداع والابتـكار ومختلـف مظاهـر النبـوغ). ئەمـە لەکاتێکـدا لـە وڵاتانـی پێشـکەوتووی وەکـو ئەمریـکا سـاڵی (٢٠١٦) بـڕی (١٦٨) ملیـار بـۆ توێژینـەوەی زانسـتی خەرجکـراوە کـە هـەر تاکێك (٧٠٠) دۆلاری بەردەکەوێـت لـە سـاڵێکدا، لـە یابـان (١٣٠ ملیـار) لـە پێنـج دەوڵـەت پێکـەوە (بریتانیـا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، کەنەدا ١٢٢ ملیار دۆلار) لە ساڵی ٢٠١٦ خەرجکراوە بۆ توێژینەوەی زانستی.

١٩. مـادە (٣٦) ی دەسـتووری فیدراڵـی: بەبڕینـی بودجـە لـە هەرێمـی کوردسـتان ئاسـتی وەرزش دابەزیـوە و پێشـێلی ئـەم مافـەی هاووڵاتـی کـراوە (ممارسـة الرياضـة حـق لـكل فـرد وعـلى الدولـة تشـجيع أنشـطتها ورعايتهـا و توفـير مسـتلزماتها).

٢٠. بڕگـەی (٢)، (٣) مـادە (٣٧) ی دەسـتووری فیدراڵـی: حکومەتـی عێـراق نەیتوانـی ئێزیـدی وکریسـتیانەکان بپارێزێـت لـە توندوتیـژی ئایینـی وبازرگانـی کـردن بـە ژن و منداڵیانـەوە (ثانيـاً: تكفـل الدولـة حمايـة الفـرد مـن الاكـراه الفكـري والسـياسي والدينـي. ثالثـاً: يحـرم العمـل القـسري «السـخرة»، والعبوديـة وتجـارة العبيـد «الرقيـق»، ويحـرم الاتجـار بالنسـاء والاطفـال، والاتجـار بالجنـس).

٢١. مــادە (٤١)،(٤٢)،(٤٣) ی دەســتووری فیدراڵـی: ئەم مادانـە کـە تایبەتـن بـە ئازادی ئایینـی و بیروبـاوەڕ حکومەتـی عێـراق نەیتوانیـوە جێبەجێیـان بـکات.

٢٢. مـادە (٤٨) ی دەسـتووری فیدراڵـی: دەسـەڵاتی یاسـا دانـان لـە عێـراق تـا ئێسـتا یـەك ئەنجومەنـە کـە دەبوایـە دوو ئەنجومـەن بوایـە بەپێـی ئـەم مادەیـەی دەسـتوور (تتكـون السـلطة التشريعيـة الاتحاديـة مـن مجلـس النـواب ومجلـس الاتحـاد).

٢٣. مــادە (٦٢) ی دەســتووری فیدراڵــی: ئەنجومەنـی وەزیـران لـە عێـراق میزانییـە دادەنێـت و بودجـەی کوردسـتان تەنیـا ژمارەیـە و بـۆی نانێردرێـت، کەواتـە ئـەم مادەیـەش سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتان پێشـێل دەکرێـت (اولاً ـ يقـدم مجلـس الـوزراء مـشروع قانـون الموازنـة العامـة والحسـاب الختامـي إلى مجلـس النـواب لاقـراره).

٢٤. مادە (٦٥) ی دەستووری فیدراڵی: لەسەرەتای دامەزراندنـی دەوڵەتـی فیدراڵـی عێـراق دەبوایـە لـە پـاڵ ئەنجومەنـی نوێنـەران ئەنجومەنێـك پێـك بهاتبایـە بەپێـی ئـەم مادەیـەی دەسـتوور و بەنـاوی ئەنجومەنـی ئیتیحـادی کـە نوێنـەری هەرێمـی کوردسـتان و ناوچـە دابڕاوەکان لـە هەرێمـی تێدا بوایـە، تاوەکو هاوسـەنگیی هێـز دروسـت بـکات لـە نێـوان هەرێـم و بەغـدا کـە ئـەم بابەتـە لـە سـەرجەم سیسـتمە فیدراڵییەکانی دنیـا دەبێ هەبێـت، بـەڵام لـە عێـراق تـا ئەمـڕۆ پێکنەهاتـووە (يتـم انشـاء مجلـس تشريعـي يدعـى بـ «مجلـس الاتحـاد» يضـم ممثلـين عـن الاقاليـم والمحافظـات غـير المنتظمـة في أقليـم، وينظـم تكوينـه وشروط العضويـة فيـه واختصاصاتـه، وكل مـا يتعلـق بـه بقانـون يسـن بأغلبيـة ثلثـي أعضـاء مجلـس النـواب).

٢٥. مـادە (٨٠) ی دەسـتووری فیدراڵـی: سـەرۆکی ئەنجومەنـی وەزیرانـی عێـراق بەتەنیـا زۆر بڕیـار دەردەکات سـەبارەت بـە هەرێمـی کوردسـتان کـە بەپێـی ئـەم مادەیـە دەبێـت ئەنجومەنـی وەزیـران بڕیـار بـدات، نـەك سـەرۆك وەزیـران.

٢٦. مــادە (١٠٥) ی دەســتووری فیدراڵــی: هیــچ ئەنجومەنێـك دانەمـەزراوە بـۆ ڕەچاوکردنـی مافـی ناوچـە دابڕێنراوەکانـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ بەشـداری پێکردنـی عادیلانـە لـە دەسـەڵات و دام و

دەزگا حکوومییەکانی بەغدا و ئەو مەبەستانەی دیکە کە لە مادەکەدا هاتووە (تؤسس هيئة عامة لضمان حقوق الاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم في المشاركة العادلة في إدارة مؤسسات الدولة الاتحادية المختلفة والبعثات والزمالات الدراسية والوفود والمؤتمرات الاقليمية والدولية وتتكون من ممثلي الحكومة الاتحادية والاقاليم والمحافظات غير المنتظمة في اقليم وتنظم بقانون).

٢٧. بڕگەی (٣) مادە (١٠٦) ی دەستووری فیدراڵی: نەك هەر دادپەروەری لە دابەشکردنی داهاتی عێراق سەبارەت بە هەرێمی کوردستان جێبەجێ نەکراوە، بەڵکو بودجەی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی سەر بەو هەرێمە دابین نەکراوە. (ثالثا: ضمان الشفافية والعدالة عند تخصيص الاموال لحكومات الاقاليم أو المحافظات غير المنتظمة في اقليم وفقا للنسب المقررة).

٢٨. مادە (١٠٩) ی دەستووری فیدراڵی: حکومەتی عێراق نەیتوانیوە سەروەری و یەکێتی خاکی عێراق بپارێزێت و هۆکارەکانی دروستبوونی داعش و پەرتەوازەبوونی ئەو دەوڵەتە هەروەك خۆی ماوە. (تحافظ السلطات الاتحادية على وحدة العراق وسلامته واستقلاله وسيادته ونظامه الديمقراطي الاتحادي).

٢٩. بڕگەی (٩) مادە (١١٠) ی دەستووری فیدراڵی: هەتا ئێستا سەرژمێری لە هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێم نەکراوە، کە ئەمە ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە بەپێی ئەم مادەیە. (تاسعا: الاحصاء والتعداد العام للسكان).

٣٠. مادە (١١٢) ی دەستووری فیدراڵی: یاسای نەوت و گاز دەرنەچووە و قەرەبووکردنەوەی ناوچە زیان لێ کەوتووەکانی سەر بە هەرێم جێبەجێ نەکراوە کە دەبوایە بەپێی ئەم مادەیەی دەستوور بکرایە.

٣١. مادە (١٢٣) ی دەستووری فیدراڵی: لەبەر ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکووك ئەم بڕگەیە جێبەجێ نەکراوە سەبارەت بەم پارێزگایە وەك سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق (يجوز تفويض سلطات الحكومة الاتحادية للمحافظات أو بالعكس، بموافقة الطرفين وينظم ذلك بقانون).

٣٢. بڕگەی (١)، (٢) مادە (١٣٢) ی دەستووری فیدراڵی: کە تایبەتە بە خێزانی شەهیدان لەبەر بڕینی بودجە و مووچە لە هەرێمی کوردستان مافی ئەو خێزانانە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە خوراوە و ئەمەش پێشێلکاری مادە دەستوورییەکەی لێ دەکەوێتەوە. (اولا- تكفل الدولة رعاية ذوي الشهداء والسجناء السياسيين والمتضررين من الممارسات التعسفية للنظام الدكتاتوري المباد. ثانيا- تكفل الدولة تعويض اسر الشهداء والمصابين نتيجة الاعمال الارهابية).

٣٣. مادە (١٣٧) ی دەستووری فیدراڵی: بەپێی ئەم مادەیە دەبوایە ئەنجومەنی ئیتیحادی دامەزرایە لە پاش تەواوبوونی خولی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دواخستنی دروستبوونی ئەم ئەنجومەنە سێ خولی پەرلەمانی عێراقی خایاندووە، نەك یەك خول کە لەم مادەیەدا ئاماژەی پێ کراوە (يؤجل العمل باحكام المواد الخاصة بمجلس الاتحاد اينما وردت في هذا الدستور إلى حين صدور قرار من مجلس النواب باغلبية الثلثين بعد دورته الانتخابية الاولى التي يعقدها بعد نفاذ هذا الدستور).

٣٤. مادە (١٤٠) ی دەستووری فیدراڵی: تایبەت بە کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکانی هەرێم دەبوایە لە کۆتایی (٢٠٠٧) جێبەجێ بکرایە، (١٠) ساڵ تێپەریوە بەسەر ئەو ماوەیەدا کە لە دەستووردا بۆی دانراوەو لەلایەن حکومەتی عێراقەوە جێبەجێ نەکراوە. (أولاً: تتولى السلطة التنفيذية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (٥٨) من قانون ادارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية بكل فقراتها. ثانياً: المسؤولية الملقاة على السلطة التنفيذية في الحكومة الانتقالية والمنصوص عليها في المادة (٥٨) من قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية تمتد وتستمر إلى السلطة التنفيذية المنتخبة بموجب هذا الدستورعلى ان تنجز كاملة (التطبيع، الاحصاء وتنتهي باستفتاء في كركوك والمناطق الاخرى المتنازع عليها لتحديد إرادة مواطنيها) في مدة اقصاها الحادي والثلاثون من شهر كانون الاول سنة الفين وسبعة).

٣٥. مادە (١٤٣) ی دەستووری فیدراڵی: سەرجەم بڕگەکانی یاسای بەڕێوەبردنی کاتیی دەوڵەتی عێراق بەپێی ئەم مادەیەی دەستووری فیدراڵی عێراق لە کارخراوە جگە لە مادەی (٥٣) و (٥٨) ی نەبێت سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان کە هیچیان جێبەجێ نەکراوە (يلغى قانون إدارة الدولة العراقية للمرحلة الانتقالية وملحقه عند قيام الحكومة الجديدة،باستثناء ما ورد في الفقرة(أ) من المادة (٥٣) و المادة (٥٨) منه).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (٤٢) مادە و بڕگەی دەستووری سەبارەت بە هەرێمی کوردستان لە لایەن حکومەتی فیدراڵی عیراقەوە پێشێل کراوە و دەستووره فیدراڵییەکەی عێراق نەیتوانیوە فیدراڵیەت بۆ هەرێم دابین بکات بەو شێوەیەی کە خەڵکی کوردستان لە ساڵی (٢٠٠٥) دا دەنگی بۆ دا.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەو پێشێلکارییانەو خستنەڕووی وردەکاریی زیاتر پێشنیار دەکەین کە لیژنەیەك دروست بکرێت لە هەرێمی کوردستان تاوەکو بە شێوەی بەڵگەنامە ئەو پێشێلکارییانەی دەستوور کۆبکاتەوە کە لەسەرجەم دام ودەزگا و دەسەڵاتەکانی حکومەتی عێراق دژ بە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە لە یەکەم رۆژی ژیانی ئەو دەستوورە تا ئەمڕۆ.

---

* زانکۆی لوبنانی فەرەنسی / هەولێر



**جەیمس لێبۆڤیچ پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتیی لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن، وانەبێژی چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی، دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ناکۆکی نێودەوڵەتی. بۆ تاوتوێکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بۆ کێشە و تەحەددییەکانی ئەم ناوچەیەو چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

*** بە شێوەیەکی گشتی هەڵسەنگاندنت بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست چییە؟**

- لە راستیدا من پێموایە دۆناڵد ترەمپ بە باشی ئیدارەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی نەکردووە، بەتایبەتی لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها ئەو کەسانەی لە واشنتۆن چاودێری ئەم پرسە دەکەن، بۆیان روون نەبۆتەوە کە ئایا دەقاودەق سروشتی سیاسەتەکەی ئەو چییە، چونکە چەندین دەنگی جیاواز و رێچکەی ناجێگیر لە ئاست تێکڕای ناوچەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە. ئەوەی بە دیاریکراوی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوەی بەدی دەکەین ئەوەیە کە رێکس تیلێرسۆن (وەزیری دەرەوە) لێدوانێك دەدات، دواتر جەیمس ماتیس (وەزیری بەرگری) لێدوانێکی دیکە دەدات، لە کاتێکدا سەرۆکی ئەمریکا شتێکی دیکە دەڵێت. مەبەستم ئەوەیە بڵێم دۆخەکە بە چەشنێکە کە هەر بەرپرسێکی ئیدارەکەی ترەمپ و هەر راوێژکارێك بۆ خۆی لێدوان دەدات بە بێ ئەوەی روون بێت کە کێ بە ناوی ئیدارەکە دەدوێت، چونکە تەنانەت ترەمپیش پێچەوانەی لێدوانەکانی پێشووی قسە دەکات. بۆ نموونە ئەگەر لەو مشتومڕە بڕوانین کە لەسەر قەیرانەکەی قەتەر دروست بووە، ئەوا دەبینین کە دوای سەردانەکەی بۆ سعودیە، ترەمپ پشتیوانی خۆی بۆ سعودیە و ئیمارات دەردەبڕێت، بەڵام دواتر وەزیری دەرەوە رێکس تیلێرسۆن دێت و لێدوانێکی ئاشتەوایی لە ئاست قەتەردا دەدات. هەروەها لە پرسی فەلەستین و ئیسرائیلیشدا، ترەمپ هەڵدەستێت بە ناردنی جارێد کوشنەر – هاوسەری کچەکەی- بۆ ئەوەی دەست بە گفتوگۆکانی ئاشتی بکرێت، بەڵام دەبینیت دواتر وا دەردەکەوێت کە ئیدارەی ئەمریکا سەرنج و بایەخی لەسەر ناوچەیەکی دیکە چڕ کردبێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە دۆخێکی ئاڵۆز لەو وڵاتەدا هەیە و ئیدارەی ئەمریکاش دوچاری دژواری بۆتەوە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی جێگیر لە ئاست ئەو وڵاتەدا.

*** ئەمریکا دەتوانێت چی بکات بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخی هەڵکشاوی ئەم ناوچەیە؟ ئایا پێتوایە پێویستە ئەمریکا هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ بۆ هاوکاریکردنی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یاخود چارەسەرەکە ئەوەیە ئەمریکا خۆی بەدووربگرێت لەم ناوچەیە و دوورەپەرێز بێت؟**

- من باسی ئیدارەی ترەمپ ناکەم، بەڵام باوەڕم وایە ئەمریکا لە ئایندەدا دەتوانێت رۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت. بە باوەڕی من بەشێکی کێشەکانی ناوچەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا دەستی لە رۆڵی خۆی هەڵگرت و بواری دا هێزەکانی دیکەی ناوچەکە رۆڵ بگێڕن، وەك رووسیا و ئێران کە خاوەنی ئەجێندا و ئامانجێکن کە لەگەڵ خواستی بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە یەکناگرێتەوەو تەنیا کار بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن. لە هەمان کاتدا دەستتێوەردانیش رەنگە مەترسیی ئەوەی لێبکەوێتەوە کە لایەنی دەستێوەردەر بەرپرسیارێتییەکان هەڵبگرێت، واتە دۆخێك بخولقێنێت کە خەڵکەکە بەرپرسیارێتی نەگرنەئەستۆ. بۆ نموونە ئێمە بینیمان لە مامەڵەی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتەکەی مالیکیدا، کە سوپای ئەمریکا لە عێراقدا ئامادە بوو بارگرانیی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مالیکی دەستی واڵا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە تەنیا خزمەتیان بە بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانی خۆی دەکرد، واتە

**کورد لە کۆتاییدا رێگەی خۆی دەگرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمیش لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا بێت، چونکە بونیادە فیدراڵییەکە ئاستێکی خۆبەڕێوەبەریی زیاتر بە کورد دەدات، بە دڵنیاییەوەش دروستبوونی کۆمارێکی کوردی بە دوور نابینم**

**ئیدارەی ترەمپ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئۆباڵی کێشەکانی ناوچەکە لە ئەستۆی ئێرانە و ئێران بە پشتیوانی سەرەکیی تیرۆر وەسف دەکات و ئەو کەسانەش کە لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا کاردەکەن، هەروەها شرۆڤەکارانی دۆخەکە ئەوەیان لەبەرچاوە کە چۆن پێگەی ئێران لە سووریا و عێراقدا بەهێز بووە**

**جەیمس لێبۆڤیچ** پسپۆڕی زانستی سیاسی و کاروباری نێودەوڵەتیی بۆ گوڵان:

# سیاسەتی ئیدارەی ترەمپ بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست فرەبۆچوونەو بەئاسانی لێی تێناگەین

## ئێران سوودمەندی سەرەکییە لە شەڕی دژی داعش و ئەمریکا ناهێڵێت بەمجۆرە درێژە بکێشێت

مالیکی دەستی دایە پشتیوانیی چەند کەسایەتی و گرووپێك و حکومەتەکەی بە شێوەیەك ڕێکخستەوە کە لە بەرژەوەندی سیاسیی خۆی بشکێتەوە، لە کاتێکدا ئەو هەنگاوانە هاوکار نەبوون و نەبوونە هۆی ئەوەی لە مەودای دووردا ئاسایش و ئارامی دەستەبەر بێت. کەواتە یەکێك لە مەترسییەکانی دەستتێوەردان ئەوەیە کە تۆ ئەرك و بەرپرسیارێتییەکان لە ئەستۆ بگریت، بەو شێوەیە بوار بۆ کەسانی دیکە دروست بکەیت کە شوێن بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان بکەون، ئەگەرچی لەسەر حیسابی سەقامگیری وڵاتەکەش بێت. کەواتە من لەگەڵ ئەوەدام ئەمریکا بایەخ بە پرسەکانی ئەم ناوچەیە بدات و بەشدار بێت، بەڵام نابێت دەستتێوەردانی ئەمریکاش وەك چارەسەرێکی سیحری لێکبدەینەوە، بەڵکو بۆی هەیە کێشەی جیاواز بخولقێنێت.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە سیاسەتێکی ناجێگیر و بگرە دژبەیەك لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پیادە دەکرێت لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئاکام و لێکەوتەکانی نەبوونی سیاسەتێکی ڕوون و جێگیر لە ئاست ئەم ناوچەیەدا چین؟**

- لە ڕاستیدا زەحمەتە ئەمە یەکلا بکەینەوە، چونکە ئەوە بەندە بە دۆخی هەر وڵاتێکەوە، بۆ نموونە، ئەگەر ئێمە باسی عێراق بکەین، ئەوا لە ئێستادا هەوڵەکان لە تێکشکاندنی داعشدا چڕکراونەتەوە، لە کاتێکدا ڕوون نییە ئایا سیاسەتی درێژخایەنی ئەمریکا چییە لە ئاست ئەم وڵاتەدا، بەو پێیە نازانرێت دەرئەنجامەکە لە مەودای دووردا چی دەبێت. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت ئەوەیە لە میانەی تێکشکاندنی داعش لە عێراقدا هەست بە بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان و گەورەبوونی دەستڕۆیشتویی ئێران بەگشتی دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە دیار نییە ئایندەی سوننەکان لە عێراقدا چی دەبێت، چونکە پاککردنەوەی موسڵ لە داعش مەسەلەیەکە و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایش لە مەودای دووردا مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەمەش بەوە دەستەبەر دەبێت کە سوننەکان هەست بکەن حکومەتی عێراقی نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانیان دەکات. چونکە ئەگەر ئێمە ئاوڕ بۆ شەش ساڵ بەر لە ئێستا بدەینەوە، ئەوا دەبینین کە ئیدارەدانی پرسی ئەمنی لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەرئەنجامی مەترسیداری لێکەوتەوە، کە بینیمان ستەمکردن لە سوننەکان بووە هۆی ئەوەی دۆخێك بخولقێت کە داعش بێتەئاراوە و ئەو گرووپە ڕادیکاڵانە بگەڕێنەوە و پێگەیان بەهێز بێت کە لە ساڵەکانی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧دا ئاگری شەڕی ناوخۆییان خۆش دەکرد. ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە کە پاککردنەوەی شارەکان لە گرووپە تیرۆریستیەکان جیاوازە لەپرسی دەستەبەرکردنی ئارامیی و ئاسایشێکی درێژخایەن، لەم ڕوانگەیەشەوە زەحمەتە بتوانین ئەوە یەکلا بکەینەوە ئایا لە ئایندەیەکی نزیکدا دۆخەکە ئارامی و ئاسایش بەخۆوە دەبینێت. ئەوەی پەیوەندی بە دۆخی سووریاشەوە هەبێت، ئەوا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی ئیدارەی ئۆباما، ئەوە بەدی دەکەین کە ئەمریکا جۆرێك لە هاوسەنگی پیادە کردووە، چونکە لەلایەك ئەو چارەسەرە سیاسییانەی پەسەند دەکرد کە پێدەچوو بوار بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بدەن، لەلایەکی دیکەوە پشتیوانیی ئەو گرووپانەی دەکرد کە بەرهەڵستکاری حکومەتەکەی ئەسەد بوون. هەروەها ئیدارەی ئۆباما تەفزیلی کارکردنی لەگەڵ کوردی سووریادا کرد، لە ئێستاشدا پێدەچێت ئیدارەی ترەمپ درێژە بە هەمان هاوسەنگی بدات، واتە — وا دەردەکەوێت- کە لەلایەك لەگەڵ ئەو

**لە میانەی تێکشکاندنی داعش لە عێراقدا هەست بە بەهێزبوونی میلیشیا شیعەکان و گەورەبوونی دەستڕۆیشتویی ئێران بەگشتی دەکرێت. لەلایەکی دیکەوە دیار نییە ئایندەی سوننەکان لە عێراقدا چی دەبێت**

**سوپای ئەمریکا لە عێراقدا ئامادە بوو بارگرانیی پاراستنی ئاسایش لە ئەستۆ بگرێت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی مالیکی دەستی واڵا بێت بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە تەنیا خزمەتیان بە بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانی خۆی دەکرد**

ڕێگاچارە سیاسییانەدا بێت کە بوار بە مانەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا بدەن، لە هەمان کاتدا پشت بە کوردی ئەو وڵاتە ببەستێت بۆ تێکشکاندنی داعش.

*** بەڵام هەروەك دەزانن بەشێکی سەرەکیی کێشەکە لە سووریا دەستێوەردانی دەرەکی و کاریگەری ئێرانە لەو وڵاتەدا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەکرێت کاریگەری و هەژموونی ئێران لەو وڵاتەدا سنووردار بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگە خۆش بکرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی سیاسی؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بێت و گروپە بەرهەڵستکارەکانی سووریا بتوانن لە بەرەیەکی هاوبەشدا یەکبگرن و ئەگەر بتوانن لە ڕووی سەربازییەوە بەهێز بن، بەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە دەرئەنجامێکی خوازراو دەبێت، بەڵام ئەمە ئەو واقیعە نییە کە تێیدا دەژین، چونکە واقیعەکە ئەوەیە کە چەندین پارت و بەرژەوەندی جیاواز لە ئارادان. بۆ نموونە، دەبینیت کە گروپە بەرهەڵستکارەکانی سووریا ئەوەندە بەهێزن کە بەشێك لە خاکی ئەو وڵاتە بخەنەژێر دەستی خۆیانەوە، لە کاتێکدا ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن ڕژێمی ئەو وڵاتە بگۆڕن. بە کورتی واقیعی سووریا ئاڵۆزە، چونکە کاتێك دەبینیت ئیدارەی ئەمریکا هاوکاری کوردی ئەو وڵاتە دەکات، ئەوا ئاڵۆزی و بارگرژی لەگەڵ تورکیا و گروپە عەرەبەکاندا بۆ دروست دەبێت. هەروەها لە ئایندەشدا ئاستی گرژییەکانی نێوان حکومەتی سووریا و ناوچە کوردییەکە زیاتر دەبێت، ئەوا حکومەتی سووریا دەسەڵاتی خۆی بەهێز دەکاتەوە و کاتێك ناکۆکییەکان لەسەر کۆنترۆڵکردنی خاك هەڵدەکشێن. کەواتە لە ئێستادا دۆخێکی پڕ لە تەحەددی لە ئارادایە، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد زیادکردنی هاوکارییە سەربازییەکانی بۆ کوردی ئەو وڵاتەدا ئاستی گرژییەکان لەگەڵ تورکیادا زیاتر دەکات، بەڵام هەرچۆنێك بێت تەرکیزی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا و تەرکیزی ئۆباماش لە کۆتایی دەسەڵاتەکەیدا بریتی بووە لە تێکشکاندنی داعش، بەڵام ئەمەش چارەسەرێکی کورتخایەنە و نابێتە هۆی دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆ سووریا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گروپە جیاوازەکان لەو وڵاتەدا.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە هەموو تەرکیزی ئەمریکا لەسەر شەڕی داعشە، ئایا ئەمریکا لەم نێوەندا چاوپۆشی لە ڕۆڵی ئێران کردووە لە ناوچەکەدا؟ ئایا ئێران سوودمەندی سەرەکی نییە لەو بارودۆخەکە لەم ناوچەیەدا دروست بووە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە ئێران سوودمەندی سەرەکییە لەم نێوەندەدا، بەڵام من دەستەواژەی چاوپۆشی بەکارناهێنم، چونکە ئەو کەسانەی لە نێو ئیدارەی ئەمریکادا کاردەکەن، هەروەها شرۆڤەکارانی دۆخەکە ئەوەیان لەبەرچاوە کە چۆن پێگەی ئێران لە سووریا و عێراقدا بەهێز بووە. لەلایەکی دیکەوە ئیدارەی ترەمپ ئاماژەی بەوە کردووە کە ئۆباڵی کێشەکانی ناوچەکە لە ئەستۆی ئێرانە و ئێران بە پشتیوانی سەرەکیی تیرۆر وەسف دەکات، لەلایەکی دیکەوە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەش بە یەکێك لە ڕێککەوتنە خراپەکان لەقەڵەم دەدات، ئەگەرچی تا ئێستا پێوەی پابەند بووە- کە ئەمەش گومانی دروستکردووە لەبارەی ئەوەی تا چەند جددییە لە بەرهەڵستیکردنی ڕێککەوتنەکە-. کەواتە ئەمریکا سڵی لەوە نەکردۆتەوە لە ئاماژەکردن بەوەی ئێران دەستی هەیە لە هەموو کێشەکانی ناوچەکەدا. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێدەچێت کێشەکانی ئەم ناوچەیە کێشەی درێژخایەن بن، هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئەمریکا خوازیاری پاشەکشەپێکردنی پێگەی ئێرانە لە ناوچەکەدا، بەڵام پێناچێت دەستێوەردانی و میکیانیزمی پێویستی هەبێت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

*** ئەگەر باس لە بارودۆخی عێراق بکەین، ئەوا پرسیارەکە ئەوەیە چۆن لە واقیع و لە ئایندەی ئەم وڵاتە دەڕوانیت؟**

- لە ڕاستیدا من پێموایە پەرەسەندنەکان بە ئاڕاستەی ئەوەن کە کورد خۆبەڕێوەبەری زیاتر بەدەست بهێنێت، باوەڕم وایە کورد لە کۆتاییدا ڕێگەی خۆی دەگرێتەبەر، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی فەرمیش لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا بێت، چونکە بونیادە فیدراڵییەکە ئاستێکی خۆبەڕێوەبەریی زیاتر بە کورد دەدات، بە دڵنیاییەوەش دروستبوونی کۆمارێکی کوردی بە دوور نابینم.

*** پێتوایە دروستبوونی ئەم دەوڵەتە ببێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری لە ناوچەکەدا؟**

- ڕەنگە گۆڕانکارییەکە لەوەدا بێت کە کێشەیەکی ناوخۆیی بگۆڕێت بۆ کێشەیەکی نێودەوڵەتی، مەبەستم ئەوەیە لەبەر ئەوە کەمینەی کوردی لە وڵاتانی وەك تورکیا و ئێراندا هەن، ئەوان وەك سەرچاوەی گرژی و هەڕەشە مامەڵە لەگەڵ کوردستان بکەن.

*** پێشبینییەکانت بۆ ئایندەی ئەم ناوچەیە چین؟**

- لە ڕاستیدا من کەسێکم بۆ چەندین ساڵە توێژینەوە لەسەر ئەم ناوچەیە دەکەم و دەستم لە پێشبینیکردن هەڵگرتووە لەبارەی ئەگەری هاوکاری و ئاشتیی درێژخایەنەوە، چونکە ئەمە ناوچەیەکی ئاڵۆزە و بانگەشەی ئاڵۆزی تێدایە و پڕە لە بارگرژی مێژوویی، لەبەر ئەوە سەختە بتوانین وێنایەکی ئیجابی لەبارەی داهاتووە بکێشیت.

**بەشێکی کێشەکانی ناوچەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمریکا دەستی لە ڕۆڵی خۆی هەڵگرت و بواری دا هێزەکانی دیکەی ناوچەکە ڕۆڵ بگێڕن، وەک ڕووسیا و ئێران کە خاوەنی ئەجێندا و ئامانجێکن کە لەگەڵ خواستی بەدیهێنانی ئاشتی و ئارامی بۆ ناوچەکە یەکناگرێتەوەو تەنیا کار بۆ بەرژەوندییەکانی خۆیان دەکەن**

**دۆخەکە بە چەشنێکە کە هەر بەرپرسێکی ئیدارەکەی ترەمپ و هەر ڕاوێژکارێک بۆ خۆی لێدوان دەدات بە بێ ئەوەی ڕوون بێت کە کێ بە ناوی ئیدارەکەکە دەدوێت**



**یانیس ستیڤاچتیس** پرۆفیسۆری زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# کوردستان هیچ بەرژەوەندییەکی لەگەڵ عێراقدا نەماوە، بۆیە داوای سەربەخۆیی دەکات

**یانیس ستیڤاچتیس پرۆفیسۆری زانستی سیاسییە لە بەشی زانستی سیاسی و بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی نێودەوڵەتییە لە زانکۆ و پەیمانگای تەکینکی ویلایەتی ڤێرجینیا، بۆ شرۆڤەکردنی باری ئێستای سیستمی نێودەوڵەتی و ڕەوشی ئاڵۆز و هەل و مەرجی پڕ لە پشێویی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند کێشە و پرسێکی دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە گوزارشتی لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانی کرد.**

*** بەپێی ئەوەی بە چڕوپڕی کارتان لەسەر پرسی سیستمی نێودەوڵەتی کردووە، ئایا سیستمی نێودەوڵەتی لە ئێستادا چۆن هەڵدەسەنگێنن و ئایا ئێمە لە جیهانێکی فرەجەمسەر، یان تاکجەمسەر، یاخود بێ جەمسەردا دەژین؟**

- من بە سیستمێکی بە نامەرکەزیکراوی هێزە گەورەکان وەسفی دەکەم، لەو رووەوە کە ئێمە چەند هێزێکی مەزنمان هەن، کە لەسەر ئاستی جیهانی ڕۆڵ دەگێڕن، هەروەها ڕۆڵی زۆر گرنگیش دەبینن لە ناوچەکەی خۆیاندا، وەك چین لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و بە دڵنیاییەوە ئەمریکا لە ئەمریکای باکوور، هەروەها رووسیاش لە ناوچەی خۆیدا. کەواتە سیستمێکی بە نامەکەزیکراو لە ئارادایە. لە هەمان کاتدا ئاستێکی باڵای هاوکاریش لە ئارادایە لەسەر ئاستی جیهانی.

*** ئایا لە ئێستادا پایە و بناغەکانی سیستمە جیهانییەکە چین؟**

- لەم چرکەساتەدا و بەهۆی ئەوەی لە نێو

ئیدارەی ئەمریکادا روودەدات، ئەوا نازانین ئەو پرەنسیپانە چین کە سیستمی جیهانییان لەسەر بنیاد دەنرێت، واتە هێشتا روون نییە پەیوەندیی ئەمریکا بە ئاسیا و چینەوە چۆن دەبێت. ئەگەری ئەوە هەیە کە هێزە مەزنەکان -وەك ئەمریکا و چین و هەندێ وڵاتی ئەوروپی وەك فەرەنسا و بەریتانیا- پێکەوەکاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن، بەڵام هێشتا روون نییە ئایا ئەمریکا چی دەکات و چۆن هەڵسوکەوت دەکات.

*** باشە لە پەیوەندی بە ئەگەری هاوکاریکردنی هێزە گەورەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پێتانوایە رووسیا و ئەمریکا بتوانن بگەنە رێککەوتن، یان تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ چارەسەرکردن یان هێورکردنەوەی دۆخی سووریا؟**

- لە راستیدا لە ئێستادا روون نییە ئایا سەرۆك ترەمپ چ کارێك دەکات لەگەڵ رووسیادا. من ئەوە دەزانم کە رووسیا ئەو کارانە ئەنجام دەدات لە ناوچەکەدا کە لە بەرژەوەندی خۆیدا بن و بەردەوامیش دەبێت تا ئەو کاتە ئەمریکا ئیحتیوای دەکات، بەڵام روون نییە ئایا سەرۆك ترەمپ ئامادەیە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

*** ئایا ئەمریکا دەتوانێت چ کارێك بکات بۆ ئەوەی هاوکار بێت لە هێورکردنەوەی دۆخی ئەم ناوچەیە؟**

- پێموایە ئەمریکا دەتوانێت هاوکاربێت لەوەی هێزە ئیقلیمییەکان پێکەوە کاربکەن، چونکە ئەم کارە بە تەنیا بە ئەمریکا ئەنجام نادرێت. واتە ناکرێت وا بیر بکرێتەوە کە لەبەر ئەوەی ئەمریکا هێزێکی مەزنە ئەوا بڕیارەکانی خۆی بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت کار لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا بکات. دواتر دەبێت دەوڵەتانی ناوچەکەش بیر لە بەرژەوەندییەکانی تێکڕای ناوچەکە بکەنەوە، واتە راستە هەر وڵاتێك بەرژەوەندی نیشتمانیی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام دەبێت هاوسەنگیی ئەم بەرژەوەندییانە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دیکەدا رابگرێت، لەبەر ئەوەی سەقامگیری تێکڕای ناوچەکە لە مەحەکدایە. کەواتە دەکرێت ئەمریکا کار لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بکات، چونکە چەندین بوار هەیە کە کاری لەسەر بکرێت، وەك هاوکاری ئابووری و بازرگانی.

*** ئێمە دەزانین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ لە پشێوی و ئاژاوەیە، بە چەشنێك کە هەر نەك تەنیا خۆی بە شەڕ و قەیرانەوە گرفتارە، بەڵکو بۆتە سەرچاوەی کێشە بۆ جیهانیش، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆتە مایەی تەحەددی و هەڕەشە بۆ سیستمی جیهانی؟**

-ئەوەی پەیوەندی بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەبێت، ئەوا ئەو وڵاتەی بەلای ئەمریکاوە زۆر گرنگە ئێرانە، واتە ئەمریکا خۆشحاڵ نییە بە زۆرێك لەو کردەوانەی ئێران ئەنجامیان دەدات لەم ناوچەیەدا. راستە ئیدارەی ترەمپ درك بەوە دەکات کە ئێران پابەندی بڕگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بووە، بەڵام هێشتا ئەمریکا کێشەی لەگەڵ پشتیوانیکردنی ئێران بۆ حزبوڵا و دەستێوەردانی لە کاروبارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە. ئەوەی پەیوەست بێت بە شەڕی داعشەوە، ئەوا ئەگەر ئەم شەڕە بە رەوتێکی باش بگوزەرێت، ئەوا هێشتا کێشەی دیکە سەرهەڵدەدەن و یەخەمان دەگرن، بۆ نموونە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو وێرانکارییەدا بکەین کە لە بەشێکی عێراق و لە بەشێکی سووریادا روویانداوە بەهۆی شەڕی داعشەوە؟ چۆن دۆخێکی دروست بکەین کە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە هاوکاری یەکتر بکەن دوای ئەوەی بە شەڕی ناوخۆییدا تێپەڕین؟ چۆن هاوکاری کۆبکرێتەوە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شارێکی وەك موسڵ؟ هەروەها ئایا چارەسەرەکە لە سووریادا چۆن دەبێت و چۆن لە رووی ئابوورییەوە ئەو وڵاتە ئاوەدان دەکرێتەوە و چۆن قەناعەت بە خەڵکانێك دەکەیت کە وڵاتەکەی جێهێشتووە تاوەکو بگەڕێنەوە؟ چ چارەسەرێك دەبێت بگیرێتەبەر بۆ ئەوەی سەرجەم پێکهاتەکان هەست بە ئاسوودەیی بکەن لە ئاستیدا؟ کەواتە بارودۆخێکی ئاڵۆز باڵی کێشاوە بەسەر ئەو دۆخەدا و چارەسەرێکی ئاسان لە ئارادا نییە.

*** ئێوە ئاماژەتان بە کاریگەری و دەستڕۆیشتویی ئێران و بەرەوپێشچوونی شەڕی داعش کرد، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیحیتواکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی گروپە سوننە توندڕەوە و رادیکاڵەکان پرۆسەیەکی لێکدانەبڕاو نین؟ ئایا هەڵکشانی کاریگەری ئێران هۆکارێك نییە بۆ تەشەنەکردنی ئەو گروپە توندوتیژانە؟**

- ئێمە دەزانین دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، رۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا زیاتر بوو، هەروەها ئێران وەك وڵاتێکی گرنگی ناوچەکە دەمێنێتەوە، کەواتە بەڵێ پرسی شیعە و سوننە، بە بەردەوامی وەك هۆکارێکی زۆر گرنگ دەمێنێتەوە لە ناوچەکەدا. هەروەها نابێت لەم رووەوە رۆڵی تورکیا نادیدە بگرین، ئایا تورکیا بێدەنگ دەبێت لە ئاست باڵادەستی و هەڵکشانی هێزێکی دیکە

**دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی وڵات بەهۆی هەڵکشانی نارەزایەتییەکانەوە لە ئاست دۆخە سیاسی و ئابوورییەکەدا دروست دەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێویستە بە شێوەیەکی گشتگیر کێشە سیاسی و ئابوورییەکان چارەسەر بکرێن**

**راستە ئیدارەی ترەمپ درك بەوە دەکات کە ئێران پابەندی بڕگەکانی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بووە، بەڵام هێشتا ئەمریکا کێشەی لەگەڵ پشتیوانیکردنی ئێران بۆ حزبوڵا و دەستێوەردانی لە کاروبارەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەیە**

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا؟ بە گشتی هەمیشە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی ئاڵۆز بووە و خۆ ئەگەر بێتو داعشیش لە ناوبچێت، ئەوا کێشە و دژواری نوێ سەرهەڵدەدەن و دێنەئاراوە، کە رەنگە کێشەی سەختتریش بن. من پێموانییە نە ئیدارەی ئۆباما دەیویست و نە ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێت چارەنووسی خۆیان گرێبدەنەوە بە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا ناتوانێت خۆی دوورەپەرێز بگرێت لەم ناوچەیە. چونکە چەندین پرسی گرنگ لەم ناوچەیەدا هەن.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە تێکشکاندنی داعش لە رووی سەربازییەوە کۆتایی ئەرکەکە نییە و قۆناخێکی نوێ دێتەپێشەوە، دەتوانن روونکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەمە بدەن؟**

- بەڵێ، من پێموایە گەڕاندنەوەی سەقامگیری بۆ ئەو ناوچانەی پێشتر لەژێر دەستی داعشدا بوون، پەیوەستە بە ئاوەدانکردنەوەیان لە رووی ئابوورییەوە و بە خولقاندنی دەرفەتی ئابوورییەوە بۆ خەڵکی، چونکە ئەگەر ئەم هەلە بۆ خەڵکی نەڕەخسێندرا و ئەگەر خەڵکەکە هیچی نەبوو لەدەستی بدات، ئەوا بە ئاسانی پەنا بۆ توندوتیژی دەبات. دۆخەکە ئاسان نییە، خەڵکانێك هەن بۆ ماوەیەکی زۆرە شەڕیان کردووە، ئیدی لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دژی ئەمریکا بێت، یان دواتر کە چوونە نێو ریزەکانی داعش، ئەم کەسانە فێری ئەوە بوون چۆن شەڕ بکەن و ئاوێتەکردنیان لە کۆمەڵگەدا ئاسان نییە. کەواتە پرسی ئاوێتەکردنەوەی شەڕکەرانی پێشوو و بابەتی خولقاندنی دەرفەتی ئابووری پرسگەلێکی گرنگن.

*** کەواتە ئێوە باسی هێنانەئارای چارەسەرێکی درێژخایەنی سیاسی دەکەن، بەڵام ئایا ئەم چارەسەرە شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتی زیاتر لەخۆدەگرێت بە چەشنێك خەڵکەکە لەسەر ئاستی مەحەلی خۆیان هەڵبستن بە هەڵسووڕاندن و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خۆیان؟**

- من لەگەڵ ئەوەدام کە خەڵکەکە لەسەر ئاستی مەحەلی بەشداری لەم گفتوگۆیەدا بکات، بەڵام نابێت ئەوەمان لە یاد بچێت کە پەرەسەندنی سیاسی لە رۆژئاوادا جیاوازە لە پەرەسەندن لە دەوڵەتانی ناوچەکە، واتە هەڵەیە هەڵبستین بە سەپاندنی مۆدێلێکی حوکمڕانیی رۆژئاوایی بەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەبەر ئەوە بەلای منەوە باشترە رۆژئاوا هەڵبستێت بە هاندانی هێنانەئارای گفتوگۆیەك لە نێوان پێکهاتەکانی ئەم ناوچەیە بۆ ئەوەی کاریگەری و رۆڵیان هەبێت لەهەر بڕیارێکدا کە دەدرێت. چونکە ئەگەر کەسانێك بۆ ماوەیەکی زۆر شەڕیان کردبێت و ئێستاش بواری بەشداریکردنیان پێنەدرێت، ئەوا زۆر زەحمەتە چارەسەرەکە قبووڵ بکەن. مەبەستم ئەوەیە بڵێم دۆخی هەر وڵاتێك جیاوازە و تایبەتمەندیی خۆی هەیە و دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر چارەسەرێکی سیاسی پێویستە هاوشان بێت بە بووژاندنەوە و ئاوەدانکردنەوەی ئابووری. واتە دەبێت هیوایەك بە خەڵکی بدەین.

*** ئەوەی حاڵی حازر لەم ناوچەیەدا بەدی دەکرێت دابەشبوونی ئەمری واقیعی هەندێ لە وڵاتانە، وەك عێراق و سووریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئایندەی ئەم وڵاتانە چی دەبێت و ئایا دەکرێت ئەم وڵاتانە بۆ دۆخی رابردوویان بگەڕێنەوە؟**

- لە راستیدا دابەشبوون و پارچەپارچەبوونی وڵات بەهۆی هەڵکشانی نارەزایەتییەکانەوە لە ئاست دۆخە سیاسی و ئابوورییەکەدا دروست دەبێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە پێویستە بە شێوەیەکی گشتگیر کێشە سیاسی و ئابوورییەکان چارەسەر بکرێن. بۆ نموونە ئێوە لە کوردستانن، کاتێك دەبینین هیچ ئایندەیەکتان نییە لەگەڵ بەشەکەی دیکەی عێراقدا، ئەوا دەتانەوێت سەربەخۆ بن، بەڵام ئەگەر بزانن بە مانەوەتان لەگەڵ عێراقدا لە رووی ئابووری و سیاسییەکە سوودمەند دەبن، ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە. دواتر رەنگە دابەشبوون بۆ وڵاتێکی دیاریکراو ئاسایی بێت، بەڵام بۆ وڵاتێکی دیکە بەم چەشنە نەبێت. بۆ نموونە، لە پەیوەندی بە کوردستانەوە، ئەوا رەنگە تورکیا کێشەی هەبێت لەگەڵ ئەم پرسەدا، مەبەستم ئەوەیە دابەشبوون تەنیا پەیوەست نییە بە خودی وڵاتەکە خۆیەوە، بەڵکو پەیوەستە بە دەوڵەتانی دراوسێشەوە، لەبەر ئەوە دەبێت زۆر وریا بین لەم رووەوە.

*** ئایا هیچ پەرەسەندنێکی ئیجابی لەم ناوچەیەدا دەبینیت، یاخود پێتوایە ئەم ناوچەیە مەحکومە بە رۆژگارێکی دوور و درێژی ناسەقامگیری؟**

- من بە سروشتی خۆم کەسێکی گەشبینم، لەگەڵ ئەوەدا دەزانم کە چەندین فاکتەر هەن ئەم ناوچەیەیان دابەش کردووە و رێگرن لە بەرەپێشچوونی، بەڵام لە ئێستادا دەرفەت هەیە و ئەگەر بێتوو وڵاتانی ناوچەکە دەست بدەنە هاوکاریکردنی یەکتر، ئەوا دەتوانن سوودیان لێوەرگرن، ئەگەرچی لە رابردوودا چەندین دەرفەتی دیکەش بەهەدەر دراوە.

**ناکرێت وا بیر بکرێتەوە کە لەبەر ئەوەی ئەمریکا هێزێکی مەزنە ئەوا بڕیارەکانی خۆی بسەپێنێت، بەڵکو دەبێت کار لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکەدا بکات. دواتر دەبێت دەوڵەتانی ناوچەکەش بیر لە بەرژەوەندییەکانی تێکڕای ناوچەکە بکەنەوە**

**چەندین فاکتەر هەن ئەم ناوچەیەیان دابەش کردووە و رێگرن لە بەرەپێشچوونی، بەڵام لە ئێستادا دەرفەت هەیە و ئەگەر بێتوو وڵاتانی ناوچەکە دەست بدەنە هاوکاریکردنی یەکتر، ئەوا دەتوانن سوودیان لێوەرگرن، ئەگەرچی لە رابردوودا چەندین دەرفەتی دیکەش بەهەدەر دراوە**